زانكۆی ئازادی دیراساتی ئیسلامی (زادی)
پەیمانگای ئیبنوتەیمیە

# دین و دیدن

## سید قطب

وەرگێرانی: كرێكار

بۆ پۆلی یەكەمی
پەیمانگای ئیبنوتەیمییە

چاپی دووەم
١٤٣١ك -٢٠١٠ ز
لە بڵاوكراوەكانی بنكەی دیدی نوێ / لقی دەرەوە

# دین و دیدی

نووسینی سید قطب ـــــــــ وەرگێرانی : کرێکار

بسم الله الرحمن الرحيم

انّ الحَمْدَ للهِ نَحْمَدُهُ وَنَسْتَعِينُهُ وَنَسْتَغْفِرُهُ ، ونَعوذُ بالله مِنْ شُرُورِ أَنْفُسِنا ومِنْ سَيِّئاتِ أعْمالِنا ، مَنْ يَهْدِهِ اللهُ فَلا مُضِلَّ لهُ ، ومَنْ يُضْلِلْ فَلا هادِيَ لَهُ . وأشْهَدُ أنْ لا اله إلا اللهُ وأشهَدُ أنَّ محمداً عَبدُهُ ورسُولُهُ .

يا أيُّها الذينَ آمَنوا اتَّقُوا اللهَ حَقَّ تُقاتِهِ ولا تَمُوتُنَّ إلاّ وأنْتُمْ مُسلِمونَ

يا أيُّها النّاسُ اتَّقوا رَبَّكُمْ الذي خَلَقَكُمْ مِنْ نَفْسٍ واحِدةٍ وخَلَقَ مِنها زَوجَها وبَثَّ مِنهُما رِجالاً كَثيراً ونِساءً واتَّقُوا اللهَ الذي تَساءَلونَ بِهِ والأرْحامَ إنَّ اللهَ كانَ عَليكُمْ رَقيباً

يا أيُّها الذينَ آمَنوا اتقوا اللهَ وقُولوا قَولاً سَديداً ، يُصْلِحْ لَكُمْ أعمالَكُمْ ويَغْفِرْ لَكُمْ ذُنوبَكُمْ وَمَنْ يُطِعِ اللهَ ورسولَهُ فَقَدْ فازَ فَوزاً عَظيماً

أمّا بعدُ : فإنَّ أصْدَقَ الحَديثِ كِتابُ الله ، وخَيرَ الهَدي هَدْيُ محمدٍ **صلى الله عليه وسلم** وشَرَّ الأمُورِ مُحْدَثاتُها ، وكلَّ مُحْدَثَةٍ بِدْعَةٌ وكلَّ بِدْعَةٍ ضَلالَةٌ ، وكُلَّ ضَلالَةٍ في النّارِ .

# پێشکەشە بەوانەی

# بە دیدی روون و

# بیری تیژو

# پشووی درێژو

# گەشبینیەوە

# ئەم بانگەوازە هەڵ دەگرن

دریکار

# پێشەکی وەرگێڕ

ئەم کتێبەی لەبەر دەستدیە (دین و دیدی) بەشێکە لە کتێبی ( طریق الدعوة في ظلال القران ) کە مامۆستا احمد فائز لە تەفسیرە گرنگەکەی سەیید قوتب (في ظلال القران ) وەری گرتووە ، کە بریتییە لە رۆحی ئەو کتێبە ، هەروەها گوشراوی دیدو بۆچوونی سەییدی رەحمەتیە دەربارەی دیارو نادیار ، دەربارەی گەردوون و ژیان و مرۆڤ ، دەربارەی مرۆڤ و گۆڕانکاری .. کە بە شێوەیەکی گشتی بریتییە لە :

<u>تیۆری سەیید قوتب دەربارەی ( عەقیدە ) و ( کۆمەڵ ) و ( بزاڤ )</u>

واتە لەسەر دیدی ( دینی )ی چۆن موسوڵمانان کۆمەڵەکەیان ( ئوممەت ) دروست دەکەن ، ئینجا چۆن بە کۆمەڵکاری و بە ڕێبازی دینەکەیان لە ناو ئەو کۆمەڵگەیەی تێیدا دەژین ، خەبات ( بانگەواز ) دەکەن ..

یان بە شێوەیەکی تر بڵێین : موسوڵمانان بە بانگەوازی ئیسلامی بزاڤێکی گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی دروست دەکەن ، تا ئەحکامەکانی شەرع لەگەڵ زیاد بوونی دەسەلاتیاندا بچەسپێنن ..

ئەم زنجیرە کتێبە ئەوە روون دەکاتەوە کە ئیسلام بەرنامەی ژیانەو خوای گەورە بۆ ئەوەی ناردۆتە خوارەوە تا حوکمی دڵ و دەروون و رەفتارو رەوشت و هەموو لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی پێ بکرێت ..

بەڵام ئەم واتایەی دین کە دەبوو زۆر روون و ئاشکرا بێت ، بە داخەوە زۆر ئاڵۆز بووە ، هەر مانای دین ــ نەک هەر دیدو ئەحکامەکانی ــ هێندە بچوک و بێ قەدر کراوە لە هەندێ شوێنی دواکەوتوو بۆتە مایەی شەرم کردن و عەیبە !! لای هەندێک مورتەدد و گێلە موسوڵمان بۆتە پەڵەی عار !

سەید بەرەحمەت بێت خۆی دەڵێ : ( زۆربەی زۆری زاراوە ئیسلامیەکان لە جێی خۆیان بۆ مانای تر داخزێنراون و ئێستا بۆ مانای تر بەکار دەهێنرێن ! بۆیە دەبینیت زۆربەی ئەم خەڵکە وا تێگەیشتوون کە بەرزترین پلەی ئیسلامەتی ئەوەیە خۆت لە

کونجی مزگەوتێک بئاخنی و حاڵت لێ بێت و خەریکی زیکرو فیکر بیت با دڵیشـــت مەشغولڵ بێت . با  بیروهۆشیشت بە شتی ترەوە خەریک بێت ! خەڵکی وا تێ دەگەن کە گۆڕینی کۆمەڵ و بەرهەڵستی کردنی خراپەکاری و جیهاد کردن وەکـــو جـــاران شتێکی سەرەکی ئیسلامەتی نەماون !

لە راستیدا فیکرو بیروهۆش و دیدو بۆچوون زۆر گۆڕاوە ، تەم و مژێکی زۆر چڕ رێی لە بینینمان گرتووە ، بۆیە ئاوا واتاو زاراوە ئیسلامیەکان  ـــ وەک کە پێوویستن ـــ لە بیرو ژیرییماندا باش دابین نابن ! هەر لەبەر ئەم هۆیەشە رێبازو  شێوازی کـــارو جموجوڵی بزاڤمان گەڕەلاوژێیە ، بۆیە دەبینیت باوەڕمان بێ تـــین و دامرکاوەیـــە .. کەسمان تین و تەوژمێکی وامان نییە ووزەو وورەمان بخاتە گەڕ . سست و مەســـتین ! دەردی هەرە سەختیشمان بێدەنگی و کڕوکپی مەلاو داعی و زاناکانمانە . ماوەیەکی زۆرە زانای وامان تێدا هەڵ نەکەوتووە ، وا بێت کە لە رووی دەوڵەتی ســـتەمکارو کاربەدەست و دەسەڵاتداری زاڵمدا قسەی حەق بکات و راستی ئیسلام بـــۆ ئـــەو خەڵکە پاک و داماوو بێ ئاگایە روون بکاتەوە .

ئەنجامی ئەم کڕوکپییەی زاناو مەلاکانمان بەرامبـــەر تاغووتـــە خوێـــن تاڵـــەکان وسەرهەڵدان و پەیدا بوونی واتاو زاراوەی نامۆی وا ( کە لە ســـەدەکانی ســـەرەتای ئیسلامدا نەبوون ) ئەم واقیعە پڕ ستەمە دروست بووە . سەرەنجامی ئەم هۆیانەیە ئاوا حاکمە رەزا قورسەکان جەماوەری خەڵکەکەیان وەک گاگەل و کەرو وولاخ بەرەو هێنانە دی ئاواتی پیس و چەپەڵی خۆیان و ئاغاکانیان خستۆتە پێش خوا .. ) .

کەوا بوو ئەم زنجیرە کتێبە ئەوە روون دەکاتەوە کە دین خـــۆی چـــییەو دیدیشـــی دەربارەی ژیان و ئوممەتی موسوڵمانان و بزاڤی گۆڕانکاری کۆمەڵگە چۆنە .. ئـــەوە روون دەکاتەوە کە دین ئەو باوەڕە مەعریفییە سادەیە نییە ـــ راستە یان هەڵە ـــ کە لە مێشکی کەسێکدا ، بە سیفەتی شەخسی خۆی ، دەچەسپێت ، ئەوە نییە کەسانێک وا بزانن دینداری هەستێکی رێژەییەو خەڵکیش ئازادن چۆن و بە چ دینێک دینداری دەکەن ، یان هەر نایکەن ..

ئەسڵی کتێبەکە کە بە عەرەبییە دوو بەرگی گەورەیە ، کە دەشکرێتە کـــوردی ، لەگەڵ پەراوێزو توێژینەوەی حەدیس و راڤە کردنی هەندێ ناوو زاراوە ، دووبەرابەر دەردەچێت ، ئەوەش بۆ چاپ و گواستنەوە زۆر بە تەکلیف زەحمەتە ، بۆیە پێشـــتر وامان بە چاک زانیبوو بیکەینە شەش بەرگ بەڵام ئێستا کە دەرفەتی چاپمان لە لوبنان بۆ رێکەوتووە بە باشمان زانی دوو کتێب لەوانە بکەینە یەک بەرگ بـــەم قـــەبارەش کتێبەکە بە کوردی دەبێتە سێ بەرگ ، دوا تریش ئەگەر خوای گەورە کـــاری بـــۆ ئاسان کردین دەزگایەکی بڵاو کردنەوە دەتوانێت هەمووی پێکەوە بە قەبارەی کتێبی ئاسایی چاپ بکاتەوە ان شاء الله ..

خوای گەورە ئێمەو ئێوەش سەرکەوتوو بکات لە تەواو کردن و بڵاو کردنەوەی بەرگەکانی دیکەش ، هیواشم وایە کە خوشک و برایانی خوێنەر بە ووردی بیخوێنن ، خوێندن نەک هەر خوێندنەوە .. با لەوە حاڵی بن کە بۆچی سەیید قوتبی رەحمەتی لـــە کۆتایی ژیانیداو لە زینداندا ، ئەم جۆرە نووسینەی دەخستە بەردەست وەک لـــەوەی دانیشێت و کتێب لەسەر ئەحکامی شەرعی یان لایەنی تری فیکری ئیسلامی بنوسێت یان یاداشتی خۆی و مێژووی ئیخوان بنووسێتەوە کە نووسین لەسەر ئـــەحکام یـــان فیکر لەو زەمانی زیندانەی ئەودا ( ساڵانی شەستەکانی سەدەی رابـــوردوو ) ئاســـانتر بوون و رێیان لێ نەدەگیرا وەکو ئەم بابەتانەی زۆر بە نارەحەت لە زیندانەوە دزەیان پێ دەکرا بۆ دەرەوە ..

والسلام علیکم

١٠/١٤٢٨ک ــ ١١/٢٠٠٧

# خۆناسین

**جاهیلییەت** :

جاهیلییەت وە نەبێ ماوەیەکی رابوردوو بێت لە ماوە جۆر بەجۆرەکانی مێژوو ، بەڵکو بریتییە لە هەموو بەرنامەو دەستوورێک کە مرۆڤپەرستی تێدا دەرکەوێت . ئەم سیفەتەش لە هەموو پرۆگرامەکانی ئەمڕۆی مرۆڤایەتیدا بە ئاشکرایی دەردەکەوێت . چونکە لە هـــەموو پرۆگرامەکانی سەر زەمینی ئەمڕۆدا مرۆڤ لە مرۆڤی وەکو خۆی ئایـــدیۆلۆژی و بـــیروڕاو بەرنامەو رێبازو رێساو یاساو خوو نەریت وەردەگـــرن . جاهیلییـــەتیش ئەمەیـــە .ئەمـــە جاهیلییەتە بە هەموو بنەماکانیەوە ، جاهیلییەتێکە کە بە ئاشکراترین شێوە مرۆڤ مرۆڤـــی تێدا دەپەرستێت ، هەندێکیان هەندێکی تریان لە جێی خوای گەورە داناوەو دەیانپەرستن !

ئیسلام تەنها پرۆگرامێکی ژیانە کە مرۆڤی تێدا رزگار بوو بێت . چونکە لە ئیســـلامدا خەڵکی ئایدیۆلۆژی و بیرو راو بەرنامەو رێبازو رێساو یاساو خوو نـــەریتیان لـــە خـــوای پەروەردگارەوە وەردەگرن . سەریش تەنها بۆ ئەو دادەنەوێنن گوێ ڕایەڵیشیان تەنها بـــۆ شەریعەتەکەی ئەوە . ملیشیان تەنها بۆ سیستمەکەی ئەو کەچ دەکەن وبەس . چونکە لە ئیسلامەکەدا مرۆڤ لە مرۆڤ پەرستی رزگاری بووەو بۆتە خواپەرست . ئەمەشـــە ئـــەو دوورییانەی وا لە نێوان ئیسلام و شێوازە جۆربەجۆرەکانی جاهیلییەتدا .. لـــە جاهیلییـــەتی ئەمڕۆدا ماددەپەرستی هەموو شوێنێکی گرتۆتەوە ، هەموو لایەناکانی ژیان بۆ ماددەو نرخی ماددە تەرخان کراوە ، ماددەپەرستی بۆتە خواپەرستی و ئەو جێو رێی خەڵکی و سیســـتمی حوکمیان بۆ دیاری دەکات ! ئەمەش هەڵەیەکی گەورەیە ، چونکە نابێ باری ئابوری تاک کۆمەڵ و کۆمەڵگە وا بکەن ماددە جێ و رێی بۆ خەڵکی دیاری بکات . چ جای ئـــەوەی کارتێکردنیان لە دەستمایەی رۆژی دواییدا هەبێت ! ماددەپەرســـتی دەبێـــتە هۆکارێـــکی سەرەکی بۆ خوڵقاندنی بارودۆخی ئاڵۆزو نالەبار بۆ کۆمەڵگە . نەک هەر لە رۆژی دوایـــدا بەڵکو لە رۆژانی ژیانی دنیاشدا .. مەگەر بە چاوی خۆمان ئـــەو پشێـــوی و بەدبەختییـــە شارستانێتییەی ئەمڕۆ نابینین ؟! کەوابوو حەتمەن دەبێ جۆرە بیروهۆش و بەرنامەیەکی تر بۆ حوکم کردنی ژیانی مرۆڤایەتی بێتە کایەوە بیروهۆشێکی وا کە بتوانێت کارزانانە نرخ بـــۆ پلەی بەها بۆ ئابوری وخەڵکی دانێت و بە شێوەیەکی واش ماددە ئاڕاســـتە بکـــات کـــە

بەختەوەری وهێمنی وئاسودەیی خەڵکی تێدا بێت : ( قُلْ بِفَضْلِ اللّـــهِ وَبِرَحْمَتِـــهِ فَبِـــذَلِكَ فَلْيَفْرَحُواْ هُوَ خَيْرٌ مِّمَّا يَجْمَعُونَ)١٠ یونس/٥٨ واته : بڵێ با به فەزڵ و ڕەحمـــەتی خـــوا دڵ خۆشکەن ئەو چاترە لەوەی کۆی دەکەنەوە . ئەو پرۆگرامەی کە حوکمی ژیانی کۆمەڵە مرۆڤێک دەکات هەر ئەوە کە بارودۆخی ئابوری و پلەو بەهای ماددەشـــیان بـــۆ دیـــاری دەکات ، کە ماددە دەبێت تا چ رادەیەک هاوکاری ژیانیان بێت ، چونکە بە پێی ڕێســـای ئەو پرۆگرامە دەبێتە مایەی بەختەوەری و ئاسوودەیی یان دەبێـــتە مایـــەی بەدبـــەختی و کوێرەوەری کۆمەڵ لەبەر ئەم مەسەلەیەیەشە کە ئاوا بایەخ بەم ئیسلامە گشتگیرە دراوە ، بەو سیفەتەی کە تەنها پرۆگرامی ژیانە ..

ئەم هات و هاوارە زۆرەی کە ماددەو ماددەپەرستی وا زل کردووە ، ئا بەم شێوەیەی کە هەموو بیروهۆش و هەست و نەستێکی خەڵکی گرتۆتەوە . بەم شێوەیەی کە ئەم خەڵکە بێ ئاگایەی کردۆتە ئامێرو شەوورۆژ هەڵپەیانە بۆی . ئا ئەمەی کە ماددەپەرستی کردۆتە ژیان و مایەی رەنج و تێکۆشانی خەڵکی . ئا ئەم هات و هاوارەی کە هەموو داب و نـــەریت و هەستێکی پیاوانەی بۆ دەکرێتە قوربانی ! ئەمە هەروا سادە نییەو بە هەوانتـــە نەهێـــنراوەتە مەیدانەوە ! بەڵکو بە پێی نەخشەیەکی وورد دەڕوات ، ئامانجیش لەمە دانانەوەی بتە ! بتی نوێ لە جێی بتەکانی جاهیلییەتی پێشوو ، تا خەڵکەکە چەواشە بکرێنەوەو ڕووەو غـــەیری خواناسی و خواپەرستی پەل کێش کرێنەوە .. دەیانەوێت بتی نوێی سەردەمیش ـــ وەکـــو ئەوانەی پێشوو ـــ دەسەڵاتیان بەسەر هەموو هەڵس و کەوتێکی تاک و کۆمەڵدا هەبێت ، ئەمە بەو هیوایەیە کە هەر کاتێک و لە هەر جێیەک پارە و بەرهەمی ماددی بووە بـــت و خەڵکی لەدەوری گەڕان و هەموو رەنجیان بۆ خستە گەڕو بە پیرۆزەوە لەبەر دەمیدا وەستان ، ئیتر هەموو ئیعتیباراتەکانی تری بۆ دەخەنە لاوە . خووڕەوشـــت ، خێـــزان ، ئـــابڕوو ، سەربەستی و هەموو شتێکی پیرۆزی تر ! ئینجا هەرچی شتێکیش بووە بەربەستی ڕێی پارەو بەرهەم ـــ لە دیدی خەڵکەکەدا وای لێ دێت ـــ شایانی توورِ هەڵدان و خستنە کـــەنارە ، شایانی لادان و رادانە ! ئەمەشە مانای بتپەرستی ، ئەدی ئەگەر ئەمە بتپەرستی نییە ، ئـــەدی بتپەرستی چییەو چۆنە ؟ چما قۆچ و کلکی هەیە ؟!

مەرج نییە بتپەرستی هەر هەر بریتی بێت لە دارو بەرد پەرستن ، نا ، هەواو هەوەسیش بتە ، لافیتەو دروشمی دیدو بیریش هەر بتە ، نازناوو پلەو پایەی سیاسی و کۆمەڵایەتیش بتـــە ، دەیان ئیعتیباراتی تر هەیە کە بوونەتە بت ..

لە راستیدا بەهاو نرخی سەرەکی و دەستمایەی راستەقینە دەبێ بۆ فەزڵ ورەحمەتی خوای گەورە بێت ، کە لە بەرنامەکەیدا دەردەکەون . ئەو بەرنامـــە جوانـــەی هێـــمنی بـــە دڵ دەبەخشێت و گەردن ئازاد دەکات و هەست و هۆشـــی مرۆڤایـــەتی مـــرۆڤ بەرێـــزەوە دەپارێزێت . لە ژێر سایەی ئەم بەرنامە تاقانەیەشدا دەتوانرێت سوودی تەواو لەو ( رزق و رۆزی ) یە وەربگیرێت کە خوای پەروەردگارو داد بۆ هەموو خەڵکی داناوە . چونکە رزق ورۆزی و پارەو شێوازە پێشکەوتووەکانی بەرهەم هێنانی ماددی ئەگەر بـــە پێـــی بەرنامـــە جوانەکەی خوای گەورە نەبێت دەبێتە مایەی بەدبەختی و کوێرەوەری خەڵکی ، چـــونکە دەکرێنە ئامێرو لە بەرێز کردن و گەورە کردنی رەوشتی ئاژەڵیدا لەسەر حسێبی رێزی مرۆڤ بەکار دێن ..

**بانگەوازی ئیسلامی و سێ خاڵی لاوازی**

هەر دەبێ بانگەوازێکی نوێ بێتە کایەوە تا ئەو خەڵکە لە مردنە راوەستاوە دەربهێنێت و بیانخاتە نێو ژیانێکی بەرفراوانەوە .هەر دەبێت بانگەوازێکی وا هەبێت رێزو ئـــابرو ووزەی ئەو خەڵکە بپارێزێت و نەهێڵێت زیاتر بخرێنە ژێر باری زەلیلی و بتپەرستی نوێـــوە . ئـــەو زەلیلییەی وای لە مرۆڤ کردووە ملی بۆ مرۆڤی وەکـــو خـــۆی کـــەچ کـــات و بـــۆی بچەمێتەوەو کڕنووشی بۆ ببات ..

هەر دەبێ بزوتنەوەیەکی تر بێتە کایەوە ـــ، تا بانگەوازی خوایی وەکو خۆی بخاتە روو . دەبێ پێش هەموو هەنگاوێکیش داعیەکان ـــ ئەوانـــەی خۆیـــان بـــە هـــەڵگری پـــەیامی خواوویستی دەزانن ـــ هۆکاری ئەو لاوازیە بخەنە روو کە تووشی موسوڵمانانی ئەمڕۆ بووە ، پاشان دەبچ هەوڵی چارەسەر کردنی بدەن ، ئەوجا راپەڕن و کۆڵی ئەمانەتە خواییەکەیان بەو پەڕی وورە بەرزییەوە هەڵگرن ..

سێ هۆی سەرەکی بوونەتە هۆکاری ئەم لاوازییەی موســـوڵمانان ، کـــە دەبـــێ هـــەر لەسەرەتاوەو زۆر زوو دەستنیشان بکرێن ئینجا هەوڵی چارەسەر کردنیان بۆ بدرێت :

١ــ نەبوونی تاکی موسوڵمان :

دەبێ داعیەکان ئەوە بزانن کە هۆی سەرەکی لاوازی موسوڵمانان و گەورەترین دژواری کە تووشی شەخسیەتی موسوڵمانێتیان بووە نەبوونی تاکی موسوڵمانی بەهێــزو لێــهاتووە .. لاوازیەکە ئەوەیە کە کە تووشی گەنجەکان بووە ، خۆ سەختترین دەردیش ئەوەیە کە لــە خۆدا بێت و پەی پێ نەبرابێت . چونکە چارەسەری هەموو کێشەو گیروگرفتێک ئاســانە ئەگەر تاکەکانی کۆمەڵگەکە واقیعییانە پەروەردە کرا بن .. بەڵام کارەساتەکانی بــەزین و تێکشکان کاتێک دەردەکەون کە ئەو جۆرە پەروەردەیە دانەمەزرا بێت . بۆیە کێشە لەسەر کێشە دروست دەبێت ..

پیاوی لاواز عادەتی وایە کە هەمیشە هۆکاری غەیری خۆی دەکاتە هۆکــاری لاوازی ، هۆی وا کە گوایە ئەوەندە گەورەو سەخت بوون ئەم دەرەقەتیان نەهاتووە ، ئینجا هەر بۆ هەنجەت و بەهانەو پەڵپ دەگەڕێ تا وەک عوزر بیانهێنێتەوە .

ساڵەهای ساڵە وا پەروەردە بووین ، فێرین غەیری خۆمان بکەینە هۆکاری دواکەوتوویی و لاوازی و دەروون بەزیویی خۆمان . جارێک ئیمپریالیزم خەتابار دەکــەین و جارێــک نەوەوقۆناغی رابوردوو ، جاری دیش ئەو کۆمەڵگەیەی ئێستا تێیدا دەژین ! کەسێک خۆی ناکاتە هۆ !! کەس ناڵێت : ئاخر دەبوو من خۆم بایەخم زیاتر بە خۆم بدایە ..

<u>نموونەیەکی قورئانی</u>

قورئانی پیرۆز مرۆڤ خۆی دەکاتە خاڵ و تەوەری سەرەکی خــوای گــەورە روون و ئاشکرا ئەوە روون دەکاتەوە کە هۆی سەرەکی لاوازی کۆمەڵەو کۆمەڵگەی مرۆڤ ، هەر مرۆڤ خۆیەتی ، دەفەرموێ: ( أَوَلَمَّا أَصَابَتْكُم مُّصِيبَةٌ قَدْ أَصَبْتُم مِّثْلَيْهَا قُلْتُمْ أَنَّى هَــذَا قُلْ هُوَ مِنْ عِندِ أَنْفُسِكُمْ ) ٣ آل عمران/١٦٥ واتە : ئەوە بۆچی کە نارەحەتیتان تووش بوو ( لــە تێکشکانەکەی ئوحوددا ) کە لەوە پێش هی تری واتان تووش بوو بوو، ووتتــان : چــۆن وامان لێ بەسەر هات ؟! پێیان بڵێ : ئەوە خەتای خۆتان بوو .. خۆتان هۆکــاری روودانی ئەو کارەساتە ناخۆشەن . هەروەها خوای پەروەردگار کە بەســەر هــاتی جولەکــەکانی

بونونەزیر [1] دەگێڕێتەوە ، باسی تێکشکانیان بە دەستی موسوڵمانان دەکات و خۆیان دەکاتە هۆکاری بەزین ، بۆیە دەفەرموێ : ( مَا ظَنَنتُمْ أَن يَخْرُجُوا وَظَنُّوا أَنَّهُم مَّانِعَتُهُمْ حُصُونُهُم مِّنَ اللَّهِ فَأَتَاهُمُ اللَّهُ مِنْ حَيْثُ لَمْ يَحْتَسِبُوا وَقَذَفَ فِي قُلُوبِهِمُ الرُّعْبَ يُخْرِبُونَ بُيُوتَهُم بِأَيْدِيهِمْ وَأَيْدِي الْمُؤْمِنِينَ فَاعْتَبِرُوا يَا أُولِي الْأَبْصَارِ ) ٥٩ الحشر/٢ واتە : واتان گومان نەدەبرد کە خۆیان تەسلیم بکەن و لە قەڵاو قوڵلەیان بێنە دەرەوە ! خۆشیان هەر وایان دەزانی کە قەڵاو قوڵلەکانیان بەرگرییان لێ دەکەن و ناهێڵن خوایان بگاتێ ! بەڵام خوای گەورە لەو شوێنەوە بۆیان هات کە گومانیان بۆی نەچوو بوو ، ترس و بیمیشی هاویشتە ناو دڵیانەوە ، بۆیە لە تاواندا بە دەستی خۆیان و بەدەستی موسوڵمانان خانووەکانی خۆیان دەڕماند ! دە ئێوەش ئەی خاوەن چاوو بیر لەمەوە پەندو ئامۆژگاری وەربگرن ..

بەنونەزیر چەک و تفاقی شەڕو بەرگرییان کەم نەبوو ، ژمارەیان کەم نەبوو ، بێ سەنگەر نەبوون ، بەڵام هەر خۆشیان بوونە هۆی بەزینی خۆیان پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم دەفەرموێ : ( وَلَيَنْزَعَنَّ اللهُ المَهابَةَ مِنْ قلوبِ عَدوِّكم وَلَيَقْذِفَنَّ الوَهَنَ في قلوبِكُم . قالوا : يا رسولَ الله ، ما الوَهَنُ ؟ قال : حُبُّ الدنيا وكراهيةُ الموتِ ) [2] واتە : پاشان خوای گەورە

---

(١) بەنون نەزیر ( بنو النضير ) جولەکە بوون ، لە مەدینە دەژیان ، کاتێک پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم تەشریفی هێنا بۆ مەدینە ، پەیمانی لەگەڵدا بەستن کە نە ئەوان شەڕ لەگەڵ ئەمان بکەن و نە ئەمانیش ، بەڵام ئەوان پەیمانەکەیان شکاندو وویستیان پێغەمبەری خوا بکوژن ! بەوەی کە وویستیان تاوێرە بەردێکی گەورە لەسەربانێکەوە بخەنە خوارەوە بەسەریدا ، بەڵام خوای گەورە ئەو پیلانە گڵاوەی ئاشکرا کردن . پێغەمبەریش هێزێکی کردە سەریان . دوای بەزینیان وا ڕێکەوتن کە مەدینە جێ بهێڵن و هەرژی دەشتوانن لە سەروەت و سامان ـ جگە لە چەک ـ لەگەڵ خۆیاندا ببەن . سەیر ئەوە بوو کە ئەو شتانەی پێیان نەدەچوو وەک دەرگاو کەڵ و پەلی قورس تێکیان دەشکاند ، یان دیوار بوو دەیانڕوخاند ، یان درەخت بوو دەیانبڕییەوە !

(٢) ئەم حەدیسە زۆر ریوایەتی تری هەیە ، ئەو ریوایەتە سەحیحەی کە ئیمامان ئەبو داوودو ئەحمەد گێڕاویانەتەوەو شێخی ئەلبانی لە ( سلسلة الاحاديث الصحيحة ) دا لە ژێر ژمارەی ٩٥٦ دا لە بەرگی دووەمدا هێناویێتیەوە ، هەروەها لە ( صحيح الجامع الصغير ) بەرگی شەشەم ژمارە (٨٠٣٥و٣٧٢٦ ) دایە بەم دەقەیە : ( يُوشَكُ أنْ تَتَدَاعى عَليكُمْ الامَمُ مِن كُلِّ أُفُقٍ ، كَمَا

ترس و بیم لە دڵی دوژمنەکانتان دەردەهێنێت و بەزین دەهاوێتە نێو دڵی ئێوەوە . ووتیان ئەی پێغەمبەری خوا بەزین چییە ؟! فەرمووی : خۆشەویستی دنیاو بوغزاندنی مردنە

ئەم حەدیسە پیرۆزو ڕێسایەیک گەورە لە ڕێساکانی گۆڕانی کۆمەڵگە دەخاتە روو ، رواڵەت و جەوهەری ئەو قۆناغە ئاشکرا دەکات کە کۆمەڵێکی فیترە پیسی تەبیعەت بەد (لەوانەی خۆشەویستی دنیا دڵ و دەرونیانی داگرتووە ) لە ڕێیاندا دەیگەنێ و ناتوانن نە لێی لادەن و نە کۆتاییشی پێ بهێنن ..

هۆی راستەقینەی بەزین خۆییە نەک دەرەکی . بۆیە نابێت گلەیی لەو رەشەبایە بکرێت کە هەڵدەکات و ملی درەختێکی گەندەڵ دەشکێنێت . بەڵکو گلەیی لە درەختەکە خۆی دەکرێت ، قورئانی پیرۆز چۆنیەتی دۆوینەوەی ئەم راستییە روون دەکاتەوەو هۆی تێکشکان و بەزینی میللەتان دەردەخات . ئەو هۆکارە سەروکیە باس دەکات کە دەبێتە هۆی دروست بوونی زوڵم و ستەم و دەستدرێژی لە کۆمەڵگەکاندا ، هۆکارەکەش دەناسێنێت کە هەر مرۆڤ خۆیەتی ، ئەوی دەشیهپنپتە ئەو بارودۆخ و تەنگژەشەوە ، بزاڤ و هەڵس و کەوتی خۆیەتی کە بەو شێوەیە نایکات کە خواوویست و رەسەنە ، بەڵکو بەو شێوە لاسەنگ و نارەسەنەیە کە قورئان ناوی ناوە : ستەم لە خۆ ( ظلم النفس ) . نابینیت لە زۆر شوێنی قورئاندا دەفەرموێ : ( وَمَا ظَلَمْنَاهُمْ وَلَـكِن كَانُواْ أَنفُسَهُمْ يَظْلِمُونَ ) ١٦ النحل/ ١١٨ واتە : ئێمە ستەممان لێ نەکردن ، بەڵکو خۆیان ستەمیان لە خۆیان کرد . کەوا بوو یەکەمین خاڵی لاوازی کە دەبێ دیاری بکرێت و پاشان چارەسەر بکرێت دڵ و دەروون و ناخی تاک تاکی موسوڵمانانە. بۆیە لە حەدیسی قودسیشدا[3] هاتووە کە : ( فَمَنْ وَجَدَ خَيراً

---

تَتَداعَى الأكَلَةُ عَلَى قَصْعَتِهَا . قِيلَ يا رسولَ الله أفَمِنْ قِلَّةٍ يَومَئِذٍ ؟ قالَ : لا ولكِنَّكُمْ غُثَاءٌ كَغُثَاءِ السَّيلِ ، يَجْعَلُ الوَهَنَ في قُلوبِكم وَيَنْزَعُ الرُّعْبَ مِن قُلُوبِ عَدُوِّكمْ ، لِحُبِّكُمْ الدنيا وكَراهيَّتِكُمْ الموتَ ) .

(٣) حەدیسی قودسی ئەوەیە کە ئەسڵی ماناکەی لە خوای گەورەوەیەو پێغەمبەرﷺ بە ووتەی خۆی دەری بڕیووە ، بە زمانی ئەویشەوە دەیگێڕێتەوە ئێمەش کە دەیگێڕینەوە دەڵێین : ( قال رسول الله فيما يرويه عن ربه ) واتە پێغەمبەر ﷺ لە خوای خۆیەوە دەگێڕێتەوە دەفەرموێ . یان دەڵێن : ( قال الله سبحانه وتعالى في الحديث القدسي ) واتە : خوای گەورە لە حەدیسی قودسیدا دەفەرموێ ..

فَلْيَحْمِدِ اللهَ وَمْ وَجَدَ غَيرَ ذلِكَ فَلا يَلُوَمَّن الا نَفْسَهُ ) [٤] واته : ئەوی چاکەی هاتــە رێ بــا سەپاسی خوا بکات ، ئەوی شتی تریشی هاتە رێ با لۆمەی کەسی تــری غـــەیری خـــۆی نەکات .. ئێمە تەنانەت مافی گلەیی و بۆڵە بۆڵمان بەسەر شەیتانیشدا نییە بیکەین ! چونکە خوای گەورە باسی شەیتان دەگێرێتەوە ـــ کە لە رۆژی قیامەتتدا تینی بۆدێــت ـــ تەبــەرِا دەکات : ( وَقَالَ الشيگان لَما قچِی الرَمر ِن اللهَ وَعَدَكم وَعدَ الحَق وَوَعَدتكم فَرَخلَفتكم وَمَا كَانَ لِیَ عَلَیكم من سلگان ِ لا رِن دَعَوتكم فَاستَجَبتم لِی فَلاَ تَلومونِی وَلوموا رِنفسَكم ) ١٤ ابراهيم/٢٢ واته : کاتێک کار گەیشتە کۆتایی شەیتان دەڵێ : خوای گەورە بەڵێــنی حەق و دروستی پێدا بوون ، منیش بەڵێنم دابوونێ ! بەڵام من بەڵێنەکەی خۆمم نەبردە سەر ، جا خۆ من هیچ دەسەلاتێکم بەسەر ئێوەدا نەبوو ، هەر ئەوەندن بوو بانگم کردن ( بۆ ئەو ئامانجانەی خۆم هەمبوون ) ئێوەش بەدەنگمەوە هاتن ، ئیتر بۆچی لۆمەی مــن دەکــەن ؟! لۆمەی خۆتان بکەن ..

**٢ـــ دوور خستنەوەی ئیسلام :**

دەروون بەزیوویی موسوڵمانانی گەیاندۆتە ئەو رادەیەی کە دوژمنــانی ئیســلام بــەوە نەوەستن کە پیاوخراپانی خۆیان بخزێننە ناو ریزەکانیانەوە ، بەڵکو هەوڵ گۆڕینی یــەکجاری دید و بیرو شۆرینەوەی مێشکیشیان دەکەن ! ئەوەتا (زوەیمەر) ی قەشەی مەســیحی لــەو ووتارەیدا کە لە کۆنگرەی موبەششیرەکاندا دای ( ئەوانــەی مەسیحێــتی لــە جیهانــدا

(٤) ئەم حەدیسە پارچەیەکە لە حەدیسێکی قودسی درێژ کە ئیمامی موسلیم گێڕاوێتیەوە ، ئەمەش دەقەکەیەتی : ( عن أبي ذر الغفاري ـ رضي الله عنه ـ عن النبي ﷺ فيما يرويه عن ربه عزوجل أنه قال : يا عِبادي إنِّي حَرَّمْتُ الظلمَ على نَفْسي وجعلتُهُ بينكم مُحَرَّمَاً فلا تَظالَموا يا عبادي كلكم ضالٌّ إلا من هديتُهُ فاستهدوني أهْدِكُمْ يا عبادي كلكم جائعٌ إلا من أطْعَمْتُهُ فاستطعِمُوني أطعِمُكم يا عبادي كلكم عارٍ إلا من كَسَوتُهُ فاستكسوني أكسِكم يا عبادي إنكم تُخطئون بالليل والنهار وأنا أغفرُ الذنوبَ جميعا فاًستغفروني أغْفِر لكم يا عبادي إنكم لن تبلغوا ضَرِّي فتُضرُّوني ولن تبلغوا نفعي فتنفعوني يا عبادِي لو أنَّ أولَكم وآخرَكم وإنسَكم وجنَّكم كانوا على أتقى قلبِ رجلٍ واحدٍ منكم ما زادَ ذلك في ملكي شيئاً يا عبادي لو أن أولَكم وآخرَكم وإنسَكم وجنَّكم كانوا على أفجرِ قلبِ رجلٍ واحدٍ ما نَقَصَ ذلك من ملكي شيئا يا عبادي لو أن أولكم وآخركم وإنسكم وجنكم قاموا في صعيد واحد فسألوني فأعطيتُ كلَّ إنسانٍ مسألَتَهُ ما نقص ذلك مما عندي إلا كما يُنقِصُ المِخْيَطُ إذا أُدْخِلَ البحرَ يا عبادي إنما هي أعمالكم أُحْصِيها لَكُمْ ثم أوفيكم إياها فَمَنْ وَجَدَ خيرا فليحمدِ اللهَ ومَنْ وجد غيرَ ذلك فلا يَلُوَمَّن إلا نفسَه ) الامام احمد له المسند ٥/١٦٠ و١٧٧ صحيح الجامع ٢٣٤٥ ، مختصر مسلم ١٨٢٨ ..

بڵاودەکەنەوە ) لە ناوچەی ( جبل الزيتون ) ی قودسی پیرۆز ، لە سەردەمی دەسەڵاتی ئینگلیزی داگیرکەردا ، دوای ئەوەی گوێی لە ووتاری بەشدار بووانی کۆنگرەکە گرت ــ، کە هەر یەکەیان گلەیی و گازاندەی لەوە هەبوو کە گوایە بڵاوکردنەوەی مەسیحێتی لە جیهانی ئیسلامدا کارێکی نەزۆک و بێ بەرە .. زوەیمەر ووتی : ( ئەی برایانی پاڵەوان ، بەڕاستی ئێوەی ئازیز بە جوانترین شێوە ئەرکی سەرشانی خۆتان جێبەجێ کردووە ، ئەگەرچی وا هەست دەکەم کە هەندێکتان لەگەڵ ئەوەشدا کە وۆر بە رێکوپێکی کاروباری خۆی ئەنجامداوە ، بەڵام دەرکی بە تەواوی بە ئامانجە سەرەکیەکانی مەسیحیەوانی نەکردووە ! منیش وەکو ئێوە لەو باوەڕەدام کە ئەو موسوڵمانانەی بوونەتە مەسیحی یەکێکن لەم جۆرانە :

ــ منداڵ بوون و هێشتا فامی ئیسلامەتیان نەکردۆتەوە .

ــ یان کەسانێک بوون کە ئەسڵەن گاڵتەیان بە دین هاتووە !

ــ یان لەو کەسانەن کە دەیانەوێت لە رێی گۆڕینی دینەکەیانەوە بەرژەوەندی خۆیان بهێننە دی ..

ئێوە دەبێ ئەوە بزانن کە ئەرکی سەرەکی ئێمە ئەوە نییە موسوڵمانەکان بکەین مەسیحی ! نا ، ئەوە هیدایەتدان و رێزلێنانێکی گەورەیە کە موسوڵمان شایانی ئەوە نییە ! کاری سەرەکی وئامانجی بەرنامەکەمان ئەوەیە ئەم موسوڵمانانە لە ئیسلامەکەیان بهێنینە دەرەوەو بیانکەینە مرۆڤی دوور لە خوا تا وایان لێ دێت کە هیچ خوورەوشتێکی وایان پێ نامێنێت میللەت و نەتەوەکانیان ئیعتیمادیان بکەنە سەر ، بە هێنانە دی ئەم ئامانجەش ئێوەی بەڕێز دەبنە پێشڕەوی سەربازانی ئیستیعمار [٥] لە هەموو ناوچە ئیسلامیەکاناد ..

هۆ برایانی بەرێزم ،لەم ماوەیەدا ــ لە سێ یەکی سەدەی نۆزدەهەمەوە تا ئێستا ــ توانیومانە هەموو بەرنامەوپرۆگرامی حوێندن لە ناوچە ئیسلامیەکاندا بگرینە دەست . توانیومانە دەزگای تەبشیروکڵێساوکۆمەڵەو قوتابخانەیمەسیحیەوانی لە هەموو شوێنێکدا دابمەزرێنین . هەر هەمووشیان وولاتانی ئەورووپاو ئەمریکا سەرپەرشتیان دەکەن .. فەزڵ و چاکە ــ لە راستیدا ــ هی ئێوەیە ، چالاکی و ووزەی ئێوەیە کە بە جۆرەها شێوازی

تازەتان توانیتان ئەقڵ و بیری موسوڵمانان ئامادە بکەن کە ئەو ڕێیە بگرنە بەر کە ئێوەی ئازیز بۆتان دیاری کردوون ، ئێوەن لە ڕاستیدا کە توانیوتانە لە وولاتانی ئیسلامیدا نەوەیەک پەروەردە بکەن کە هیچ پەیوەندییەکیان بە خواوە نەماوەو ناشیانەوێت بیانبێت وئەوانەش دەبوغزێنێت کە حواوویستن . توانیتان موسوڵمانەکان لە دینەکەیان دەرکەن و ئەو نەوەیە پەروەردە بکەن کە ئیستیعمار[6] دەیویست . نەوەیەکن لە ڕواڵەت و سیفەتە جەوهەریەکانیاندا هیچ بایەخێک بە شتی گەورە نادەن ، نەوەیەکن کە هەر حەزیان لە تەمبەڵی و حەوانەوەی بەر هەواو هەوەس و تێر کردنی ئارەزووەکانی خۆیانە .نەوەیەک حەزی لە ڕاستی نییەو ناشیەوێت بخوێنێت ، گەر بشخوێنێت هەر بۆ تێر کردنی گەدەو فەرجێتی ، گەر سامانی کۆکردەوە بۆ ڕابواردن و ئارەزووی خۆی سەرفی دەکاتەوە ، گەر دەستیشی لە پلەو پایەیەک گیر بوو بۆ هێنانە دی ئاواتە شەخسیەکانی خۆییان تەرخان دەکاتەوە . ئەمانە نەوەیەکن لە پێناوی تێر کردنی دڵ و کەیف و سەفای خۆیاندا هەرچی شت هەیە دەیکەنە قوربانی [7].

**٣ــ نەناسینەوەی ئیسلام :**

زۆربەی زۆری زاراوە ئیسلامیەکان لە جێی خۆیان بۆ مانای تر داخزێنراون و ئێستا بۆ مانای تر بەکار دەهێنرێن ! بۆیە دەبینیت زۆربەی ئەم خەڵکە وا تێگەیشتوون کە بەرزترین پلەی ئیسلامەتی ئەوەیە خۆت لە کونجی مزگەوتێک بئاخنی و حاڵت لێ بێت و خەریکی زیکرو فیکر بیت با دڵیشت مەشغوڵ بێت . با بیروهۆشیشت بە شتی ترەوە خەریک بێت ! خەڵکی وا تێ دەگەن کە گۆڕینی کۆمەڵ و بەرهەڵستی کردنی خراپەکاری و جیهاد کردن وەکو جاران شتێکی سەرەکی ئیسلامەتی نەماون ! لە ڕاستیدا فیکرو بیروهۆش و دیدو بۆچوون زۆر گۆڕاوە ، تەم و مژێکی زۆر چڕ ڕێی لە بینینمان گرتووە ، بۆیە ئاوا واتاو زاراوە ئیسلامیەکان ــ وەک کە پێوویستن ــ لە بیرو ژیریماندا باش دابین نابن ! هەر لەبەر

---

[6] داگیر کەرە ئیمپریالیستەکان بە خۆیان دەووت ئیستیعمار ! واتە ئەوانەی ( عمران : ئاوەدانی ) دەکەنەوە تا ساناتر بتوانن خەڵکی فریو بدەن و بە ئەقڵیان پێ بکەنن ! بۆیە لالۆ زوەیمەریش بەم پێناسەیە دەڵێ ئیستیعمار .

[7] گۆڤاری الفتح ژمارەی ئەو ساڵانەی کۆنگرەیان تێدا گیرا ١٩٠٦،١٩٢٤ ، ١٩٣٥ .

ئەم هۆيەشە ڕێبازو شێوازی کارو جموجوڵی بزاڤمان گەڕەلاوژێيە ، بۆيە دەبينيت باوەڕمان بێ تين و دامرکاوەيە .. کەسمان تين و تەوژمێکی وامان نييە ووزەو وورەمان بخاتە گـــەڕ . سست و مەستين ! دەردی هەرە سەختيشمان بێدەنگی و کڕوکپی مەلاو داعی و زاناکانمانە . ماوەيەکی زۆرە زانای وامان تێدا هەڵ نەکەوتووە ، وا بێت کـــە لـــە ڕووی دەوڵـــەتی ستەمکارو کاربەدەست و دەسەڵاتداری زاڵمدا قسەی حەق بکات و ڕاستی ئيسلام بۆ ئەو خەڵکە پاک و داماوو بێ ئاگايە ڕوون بکاتەوە .

ئەنجامی ئەم کڕوکپييەی زاناو مەلاکانمان بەرامبەر تاغووتە خوێن تاڵەکان وسەرهەڵدان و پەيدا بوونی واتاو زاراوەی نامۆی وا ( کە لە سەدەکانی سەرەتای ئيسلامدا نەبوون ) ئـــەم واقيعە پڕ ستەمە دروست بووە سەرەنجامی ئەم هۆيانەيە ئـــاوا حاکمـــە ڕەزا قورســـەکان جەماوەری خەڵکەکەيان وەک گاگەل و کەرو وولاخ بەرەو هێنانە دی ئـــاواتی پـــيس و چەپەڵی خۆيان و ئاغاکانيان خستۆتە پێش خوا ..

ئەم سێ نەخۆشيە سەختە ( بێدەنگی لە ووتنی حەق و زۆر بـــوون و ســـەختی ســـتەم و شێواندنی مانای زاراوە ئيسلاميەکان ) هۆکاری ئەم بێکەسی و پشێوی وبەدبەختيـــەن کـــە تێيداين ..

ئەم سێ نەخۆشيە لە دوو خاڵی سەرەکيەوە سەريان هەڵداوە :

١ـــ نەناسينی حەق . ٢ـــ ئاشکرا نەکردنی حەق

بۆيە حاکمی وولاتەکانمان شەوورۆژ خەريکن خەڵکی لەم تەم و مژەدا پەروەردە کەن ، تا ڕاستی نەناسن ، تا چاوو گوێيان بە حەق و حەقخوازی نەکرێتەوە ..

ئاشکرايە ئەگەر خەڵکی حەقيان نەناسی و لە ناحەقيان جوێ نەکردەوە شوێنی ناکەون ، بەم هۆيەشە کە ئيتر بێ بايەخانە دەژين .. خاڵی ( حەق نەناسين ) لـــە خـــاڵی ( ئاشـــکرا نەکردنی حەق ) گرنگترو کاريگەرترە . چونکە تا جەوهەرو ڕواڵـــەتی حـــەق نەناسرێـــت ،ووتنی حەق نايەتە دی . ئەگەر خێرو شەڕ بەتەواوی نەناسرێن و لێک جوێ نەکرێـــنەوە چۆن چاوەڕوان دەکرێت حەق بووترێت و بناسرێت و بڵاو بێتەوە .. لەبەر ئەمەيـــە کـــە تاغوتەکان سوورن لەسەر ئەوەی خەڵکی هەر وا گێژو هێڕو کەڕو کوێرو بير ئاڵۆز بهێننەوە ، بۆيە دەبينيت ئيسلامەتی لای زۆر کەس وای لێ هاتووە بۆتە نيشانەی زەليلی و مت بوون

و بێ غیرەتی ! مامۆستا ابو الحسنی نەدەوی دەڵێ: گەورەترین ئەرکی ئیسلامی ئـــەمڕۆمان ئەوەیە ئەم خەڵکە رەش و رووتە زۆرەی میللەتی موسوڵمانان لە ئیسلامێکی سەرزارەکی و رواڵەتییەوە بگوێزرینەوە بۆ حەقیقەتی ئیسلام .. ئەمەش گرنگترین و چاکترین خزمەتە بـــە نەتەوەی ئیسلام دەکرێت [٨] .

ئەرکـــــی ئێمـــە

گەورەترین بەڵاو موسیبەت کە تووشی ئەم ئوممەتە موسوڵمانە بـــووە ، ئـــەو دووری و تێنەگەیشتنەی موسوڵمانانە لە ئیسلام و دینداریتیەکەی ، کۆسپی هەرە گەورەی رێمان ئەو گەڕەلاوژێ فیکریەیە کە لە مێشکی ئەم ئوممەتە موسوڵمانەی ئەمڕۆدا دروست بووە ، بـــە راستی شەڕێکی سەختە.. بۆیە دەبێت داعیـــەکانی ئـــەمڕۆش مەیـــدانی شـــەڕو هـــەموو سەنگەرەکان لێک هەڵاوێرن و بەرەکانی شەڕ ــ کە لەگەڵ کوفرە ــ چاک دیاری بکەن . جا لەو رێیەشدا زۆر سوار دەگلێن و خەسارەتی زۆریشمان دەبێت و ژمارەی قوربانیانمـــان هەر زیاد دەکات .. دەبێت داعیەکان چاک شارەزای رێبازی خۆو رێگای بزاڤی خۆیان بن .. دەبێت گورج بکەونە خۆ ، تین و تەوژمیان کاریگەرتر کەن ، وورەیان بەرزو متمانەیان بەو پەیمانەی بە خوای خاوەنیان داوە زیاتر کەن .. دەبێت زانست و کردەوەی چـــاک و دامەزراوو رەسەن لەم ئیسلامەوە فێر بن .. ئینجا بکەونە وەخەبەر هێنانی خـــەڵکی ، تـــا ئاگاداریان بکەنەوە ، دەبێت هەوڵی زۆریان لەگەڵدا بدەن ، بێ ئەوەی بێ تاقەت بن ، بێ ئەوەی مەلەل بیانگرێت ، بێ ئەوەی رەشبین بن .. نابێت گوێ بدەنە ئەو هەموو سوارچاکە ئازیزانەی لە رێدا دەگلێن .. دەبێت هەمیشە ئەوەیان لەبەر چاو بێت کە ئامانجەکەیان زۆر گرنگ و گەورەیە ، بە هیچ شێوەیەک نابێت هێزی دوژمن ــ هەر چەند زۆرو بەهێـــزیش بێت ــ چاوترسێنیان بکات . نابێت هیچ کۆسپێکی رێ بە گەورەو سەخت بزانن . نابێت هیچ نارەحەتیەک بە دژوار بزانن . دەبێت هەمیشە ئەوەی لەبەر چاو بێت کە مادام داعـــی ئیسلامن ، یەعنی لە نەوەی کەڵەپیاوانی مێژوون و لەم ریش سپێتی زەمانەدا زیت بوونەتەوە .. داعی ئیسلامی لە کاروانە پیرۆزەکەی پیاوانی بەدرو قادسیەو یـــەرموگ و حەتـــەینن ،

---

(٨) گۆڤاری المسلمون / ژمارە ٤ ل ٤٩ ساڵی ١٩٥٥

پاشماوەی نەوەی ئەو پیاوە دلێرانەن ، پاشەنگی سەربازانی بانگەوازە شیرینەکەی پێغەمبەری ئازیزن ﷺ کە هەتا ئێستاش سالارو سەرقافڵەی جیهادن .. دەبێت داعی ئیسلامی لە واقیعدا بیسەلمێنێت کە کام جێی پڕ دڕک ودالّ و دژوارییە ئەم بێ باکانە خۆی تێ داوێت ، سلّ لە کەندو کۆسپ و هەڵدێر ناکاتەوە ، دەست و گەردن هەڵدەبڕێت و بەرهەمی سەرکەوتنی ئەم ئیسلامە لە واقیعدا دەڕنێت ..

دەبێت داعیە ئیسلامیەکان ئەوەیان چاک لەبەر چاو بێت کە ئەمانە پیاوی خوان و پەیامی کۆتایی ئەویان هەڵگرتووە ، جارێکی دی دەبێت دنیای پێ بەختەوەر کەنەوە ، جارێکی دی خۆ بکەنەوە بە پێشەواو سەرکردەو ڕێنیشاندەری جیهانیان ..

ئەی داعیانی ئیسلام تاغووتەکان دەتوانن چیتان لێ بکەن ؟! ئەو پەڕی توانایان ئەوەیە لاشەتان بهێننە ژێر باری ئەشکەنجەو ئازار، گۆشت و ئێسقانتان هەنجن هەنجن کەن و خوێنتان بڕێژن ، ئەمما ڕۆحتان ، ئەوانە بە هیچ شێوەیەک دەسەلاتیان بەسەریدا ناشکێت ، ئێمەش هیوامان بەو ڕۆحە دلێرەیە ، هیوامان وایە کە هەموو هەست و نەست و ختورەیەکتان بۆ خوا تەرخان بکەن و بەس .. خۆشەویستی و بوغزو تکاو ترس و حەزتان هەر لە خواو هەر بۆ خوا بێت .. هەر واش بژین تا ئەو ساتەی گیانتان بە خوای گەورە دەسپێرنەوە . هیچ کەس و هیچ هێزێک توانای نییە ئەجەلتان پێش یان دوا بخات ، بۆیە دەبێت بەم باوەڕو قەناعەت و بەو وورەو متمانەو بەو ڕۆحە پاکەوە بە دیداری خوای پەروەردگارمان شادو بەختەوەر بین .. دەبێت داعی ئیسلامی لە هەموو کەس زۆرترو زووتر هەست بە زوڵم و ستەم بکات و ئازایانە دژی جاهیلییەتی سەردەم ڕاپەڕێت هەروەکو کە باب و باپیرانی دژی جاهیلییەتی کۆن ڕاپەڕین . پێویستە ئەو پێش هەموو کەس شەق لە ژیانی ماددە هەڵداو لێی یاخی بێت ، وەکو نەوەکانی یەکەم کە لێی یاخی دەبوون و شەقیان تێ هەڵدەداو لێی یاخی دەبوون دەبێت هەموو خۆشگوزەرانی و ئاسوودەیی و بەختەوەریەکیان بکەنە قوربانی ڕێبازە ئیسلامیەکەیان . دەبێت زوو بچنە ریزیکاروانی سەربازانی پێغەمبەری پێشەواوە و خێرا خۆ بخەنە ژێر سایەی ئالاّ بڵندەکەی خواوویستی ؛ ئەو ئالاّیەی خوای گەورە بۆی دیاری کردوون و داوای لێ کردوون بچنە ژێر سایەیەوە . وەکو خۆی دەفەرموێ : ( وَجَاهِدُوا فِي اللَّهِ حَقَّ جِهَادِهِ هُوَ اجْتَبَاكُمْ وَمَا جَعَلَ عَلَيْكُمْ فِي

الدينِ مِن حَرَجٍ ملةَ رِبِيكم بِرَاهِيمَ هوَ سَمَاكم المسلِمينَ مِن قَبل وَفِي هَٰذَا لِيَكونَ الرســول شَهِيدا عَلَيكم وَتَكونوا شهَدَاء عَلَ﴾ الناسِ فَرِقِيموا الَيلَاةَ وَ﴾توا الزكَاةَ وَاعتِمِوا بِاللهِ هــوَ مَولَاكم فَنِعمَ المَولَ﴾ وَنِعمَ النَصِير ) ٢٢ الحج/٧٨ واته : لە پێناوی خوادا بەوپەڕی جیددی و سەرڕاستیەوە جیهاد بکەن ، خوا ئێوەی بۆ پەیامەکەی خۆی هەڵبژاردووە ، خوا هیچ جۆرە گرێ و گۆڵ و نارەحەتییەکی لە دیندا نەهێناوەتە ڕێتان ، ئێوە لە میللەتی ئیبراهیمی باپیرەی خۆتانن کە پێشتر ناوی نان : موسوڵمان ، بۆیە دەبێت پێغەمبەر شاهێد بێت لەســەرتان و ئێوەش ببنە شاهێد لەسەر خەڵکی . نوێژەکان بکەن ، وەکات بدەن ، دەست بە ڕێــبازی خواوە بگرن ، چونکە تەنها ئەو سەرپەرشتیارتانە ، ئەویش باشترین لایەنگرە .

هۆی سەرەکی سەرکەوتنی داعی وەنەبێت زانایی و زۆرزانی و رەوانبێژی بێت ، بــەڵکو پێش ئەم جۆرە سیفەتانە هۆیەکی تری زۆر کاریگەر هەیە کە ئەویش باوەڕی ئەو داعیەیــە بە بیروباوەڕەکەی خۆی ، ئەوی ئەم خەڵکەی بۆ بانگهێشت دەکــات هــەروەها رادەی هەست کردنێتی بەو دژواریانەی ـــ گەر ئەم کەمتەرخەم بوو ـــ دێنە ڕێی بانگەوازەکەی . دەبێت داعی بەبایەخ بێت ، خەمخۆر بێت ، بەمشوور بێت ، لەو مەترسیانە بە حەزەر بێــت کە رووەورووی بانگەوازەکەی دەبنەوە .. پاشان دەبێت داعی ئیسلامی واز لە هەرچــی رابوردووی خری هەیە بهێنێت و بە هەموو قەوارەو کیانیەوە بەرەو خوای گەورە هیجرەت کات . دەبێت کۆڵی دنیای سووک بێت ، بارگەی دنیای پێچراوە بێت و واز لە هــەموو شتێکی دنیایی بهێنێت وبەرەو خوای گەورە بکەوێتە رێ ، خۆی بە تەواوی و بێ دوو دڵی وبێ چەندوچوون تەسلیم بە خوای خاوەنی کات ، بە شێوەیەکی وا کە هیچ شتێــک بــۆ غەیری خوای میهرەبان نەهێڵێتەوە . هیجرەتیش لە بارو دۆخێکەوە دەبێت بۆ بارو دۆخێکی تر ، لە حاڵەتێکەوە بۆ حاڵەتێکی تر ، لە هەموو جۆرە پەیوەنیدەکانــەوە بــۆ پەیوەســتی خواوویستی .. هەر کاتێک ئەو هیجرەتە دەروونیە بە تەواوی دروست بوو ، ئەو کاتە ئەو موسوڵمانە کە خەڵکی دەدوێنێت دەیانهەژێنێت و ئاشکراترین ئەسەرو ئاسەوار لــە دڵ و دەروونیاندا جێ دەهێڵێت ، کارێکی زۆر بەبەرهەم دەکاتــە ســەریان ؛ ســەر کیــان و شەخسیەتیان با کابرای داعی کەڕو لاڵیش بێت ..

<u>قورئان ڕێبازە</u>

قورئانی پیرۆز بەرنامەی ئەم بانگەوازەیە ، رۆحێتی ، بوژێــنەرەوەیەتی . قورئــان روون کەرەوەو تەرجومانی ئەم بانگەوازەیە ، قورئانە دەستوورو بەرنامەو پێڕەوو پرۆگرامی ئــەم بانگەوازە ، کورت و موختەسەر : قورئان سەرچــاوەی هــەموو بیروهــۆش و کارێــکی داعیەکانە . بۆیە دەبێت بەرنامەو شێوازی بزاڤ و توێشووی ڕێیان هــەر لــە قورئانــەوە وەربگرن : ( وَنَزَلْنَا عَلَيكَ الكِتَابَ تِبيَانا لكل شَيء وَهد* وَرَحمَه وَبشرَ* لِلمسلِمِينَ ) ١٦ النحل/٨٩ واتە : قورئانمان کە بۆ تۆ ناردۆتە خوارەوە روون کەرەوەو رێنیشاندەری هەموو شتێکەو سۆزو بەزەییشە بۆ موسوڵمانان .

بابەت وباس وخواسی بانگەواز لە چەندەها سورەت وئایەتی قورئانی پیرۆزدا هاتووە ، کە گرنگی و گەورەیی وپلە بەرزی بانگەواز دەردەخەن .. دوژمنانی خوا ــ لە کۆن و نوێــدا ــ دەیانزانی کە ئــەم قورئانــە وورو هێــزو ووزەیــەکی وا لــە دڵ و دەروونی شوێــن کەوتووەکانیدا دروست دەکات ، دەست بەجێ دەیانخاتە کار . ئەسا هەموو هێــزی دنیــا ناتوانێت نە کارەکەیان راگرێت ، نە بێ بەرهەمیشی بکات . چونکە لە راســتیدا دەســتی قەدەری خوای میهرەبان و کردگاری ئەم گەردوونەیە کە بزاڤی موسوڵمانان دەگرێتە خۆ و لە بەرژەوەندی دنیاو دوایی موسوڵمانان بۆ خۆی هەڵدەسورێنێت .

ئا ئەم قورئانە ئازیزەی ئەمڕۆ وا شوێن کەوتووانی قەدری نازانن و ئەوەندە دەزانــن لــە پشت سەری زەیستانەوە ــ بۆ مۆتەکە دوور خستنەوە! ــ دایئێن ، یان ئەوەنــدەی لــێ دەزانن کە ئایەتەکانی بکەنە نوشتە، یان ئاوازی بۆ دائێن و موسابەقەی دەنگ خۆشی پــێ بکەن تا بزانن کام قورئان خوێن دەنگی خۆشترە .. ئا ئەم قورئانەی چەندین سەدەی پــڕ مەکرو فێڵ و تەڵەکەبازی دوژمنانی ئیسلامی بەسەردا هات وچوو ، سەدان سەدەی نەزانین و نەناسینەوەی لە چوێن کەوتووانی دیت ! سەدان بارودۆخی نالەباری موسوڵمانانی دیت ، جۆرەها پەڵە هەوری چڕو چڵکنی دید لێڵی موسوڵمانانی دیت و ئاهی بــۆ واقیعــی تــاڵی نەوەکانیان هەڵ کێشا !!

دوژمنانی خواوویستی نەوە دوای نەوە دادەنیشتن و لە نهێنیەکانی ئەم قورئانە دەکۆڵینەوە .. قسەو باسی دوورو درێژیان لەسەر دەکرد ، دیراسەیان دەکرد کە ئەو خاڵانە کامانــان کە ئاوا وورەو تین و ووزەو هێز دەدەنە تاک و کۆمەڵی موسوڵمانان تا ئەو بزاڤە کاریگەرە

نەپساوەیان لە گۆڕانکاری کۆمەڵەکانیاندا هەر بەردەوام بێت !! ئەوجا پیلانیان دادەنا ، نەخشەی نەهێشتن یان لاواز کردنی ئەو سەرچاوەی ووزەە وورەیان دادەڕشت ، پیلانی ئەوەیان دادەنا کە چۆن ئەو خاڵە قورئانیانە بشێوێنن تا وورەی موسوڵمانان لاواز کەن و لە رووی دەروونیەوە رەشبینیان کەن و هێزە مەعنەویەکەیان بێ ئەسەر بخەنە لاوەو خۆشیان بڕوخێنن ! کتێبی لێکۆڵینەوەیان دەنووسی کە بە چ شێوازێک بتوانن واتاو مانای ووشەکان بگۆڕن و چی بکەنەوە بە مانایان ! چ جۆرە دیدو بۆچوونێکی ساختەیان لێوە داهێنن تا ئەم دینە لەو هێزە مەعنەویەیەوە بگۆڕن ، لە هێزێکی کاریگەری بەردەوامەوە کە ناهەقی لە رەگ و ریشاڵەوە هەڵدەکێشێت و دەسەڵاتی تاغووتانی سەر زەمین دەڕمێنێت و رایان دەدات ، تا حوکمی دادی خواوویستی لەسەر زەوی دامەزرێنێت .. کۆڕیان بۆ ئەوە دەگرت کە چین و بەچی ئەم قورئانە لەم بەرنامەو ئامانجەوە بگۆڕن بۆ بزاڤێکی جەدەلی بەتاڵ ! بۆ کۆڕی رۆشنبیری ساردوسڕ ، بۆ توێژینەوەی ماندووکەری کەلەپووری ، بۆ بابەتی تپکچرژاوو ئاڵۆوی تیۆری مردوو ! یان بۆ موناقەشەو دەمەوەری و شەڕە دەنووکی فیقهی خەیاڵی .. بۆ هەوا کێلان و ئاو بێژانەوە !!!

ئەمڕۆ لە جیهاندا ، هەفتەی بەلایەنی کەمەوە کتێبێک بە یەکێک لە زمانە بێگانەکان دەربارەی خاڵی ووردو درشتی ئەم دینەو ئوممەت و بزاڤەکەی دەنوسرێت وبلاو دەرکێتەوە ، دەربارەی سروشتی دینەکە ، دەربارەی مێژوی بانگەوازەکەی ، دەربارەی سەرچاوەی هێزو شێوازەکانی ئاراستەو پەروەردە کردنی ، دەربارەی پلانی بەرهەڵستکاری بانگەوازەکەی و شێوازی شێواندن و بەرپەرچدانەوەو چۆنیەتی گۆڕینی رێبازەکەی .. زۆربەشیان ــ بێ گومان ــ وا نانووسن کە نیبەتی پیس و نیازی گڵاوو قین و بوغزیان دەرخات ، چونکە دەزانن هێرش کردنە سەر ئیسلام ــ بە شێوەی زەق و ئاشکرا ــ خەڵکیان لێ دەهروژێنێت ، رق و قینی میللەتانی موسوڵمانیان لێ هەڵ دەستێنێت ، گیانی بەرهەڵستی و بەرگری و تۆڵەیان تێدا دەبوژێنێتەوەو گەشە بە رۆحی جیهاد دەداتەوە لە بیرو ژیری ودڵ و دەروونیاندا ، بۆیە دەبینیت زۆربەی رۆژئاواییەکان ــ زۆر فێڵبازانە ــ دەکەونە مەتح و سەناو پێدا هەڵگوتنی ئیسلام ، باسی جوانی و بلیمەتی ئیسلام دەکەن ! تا بە تەواوی هەست و غیرەت و حەماسەت و وورەی موسوڵمانان سڕ دەکەن ! لە لایەکی

تریشەوە متمانەی خوێنەرو گوێ گرەکانیشیان بۆ خۆیان کێش دەکەن ، پاشان ژەهریان بۆ دەکەنە ناو کاسەی باسەکانەوەو پێشکەشیانی دەکەن و دەڵێن : ئا ئەمەیە ئیسلام ! ئینجا بە موسوڵمانانیش دەڵێن : راستە دینەکەتان زۆر بەرزو بە قەدرو گرنگە بەلاَم پێویستە لە هەندێک لایەنیدا گۆڕانکاری تێدا بکرێت ! گۆڕانکاری لە هەندێ یاساو رێساو ئەحکامیدا تا لەگەڵ شارستانێتی سەردەمی ئەمڕۆی مرۆڤایەتیدا بگونجێت .. دەڵێن : دینەکەتان زۆر چاکە بەلاَم پێویستە هەر وەکو باوەڕو قەناعەتی شەخسی لە دڵ و دەروونی خاوەنیدا بمێنێتەوە !! دینەکەتان چاکە بەلاَم ...!!

ئای چەند بەرهەمی زرکە تاڵ و کاڵی ئەم پلانە ژەهراویەمان بیست وبینی ، ئەم بەیت و باڵۆرەمان لە هەزاران کەسی گێلی خۆمانەوە بیست ، ئا ئەم ژەهرە زەقنەبووتە بوو کە بە خوێنی ئەم نەوە موسوڵمانانەی دواییدا تەشەنەی کردو باوەڕیانی کرمۆڵ کرد ، ئەوەتا قەناعەتی هەندێکی وا پواندووە کە بە ناویش لە ریزی ئەهلی ئیسلامدا نەماون !

ئەم شەڕە دژوارەی دوژمنانی دین ئێستاش هەر بەردەوامە ، چونکە دوژمنانی ئەم ئیسلامە سوورن لەسەر ئەوەی موسوڵمانان لەم قورئانە دوور خەنەوە ، لە هەوڵێکی ماندوو نەناسانەدان تا نەهێڵن ئەو خەڵکە لەم قورئانە حاڵی بێتەوە ، نەبادا دینەکە سەر لە نوێ بێتەوە وجوود ! : ( وَقَالَ الَّذِينَ كَفَرُوا لَا تَسْمَعُوا لِهَٰذَا الْقُرْآنِ وَالْغَوْا فِيهِ ) ٤١ فێلت/٢٦ واتە : گوێ لەم قورئانە مەگرن و قسەو گاڵتەو گاڵە گاڵی تێدا بکەن ... یەعنی مەهێڵن خەڵکی لێی تێ بگات !!

لە راستیدا جاهیلییەتی مەکربازی نوێ شەڕێکی سەخت و پڕ فێڵ و تەڵەکەبازی دژی ئەم قورئانە بەرپا کردووەو بە هەموو شێوازێک هەوڵ دەدات ئەم قورئانە لە رێکخستنی ژیان دوور بخاتەوە ، چونکە جاهیلییەت زۆر چاک دەزانێت دروست بوونی بزوتنەوەیەکی قورئانی لە دڵ و دەروونی خەڵکیدا چ مەترسیەکی پێوەیە ، چ کۆسپێکی دێنێتە رێ .. گلادستۆنی سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا دەیووت : ( تا ئەم قورئانە لە نێواندا مابێت ، ئەورووپا ناتوانێت دەسەلاَت بەسەر رۆژهەلاَتدا بگرێت و ناشتوانێت دڵنیا لە هیچ شوێنێکدا بمێنێتەوە [٩] .

(٩) کتێبی : الاسلام على مفترق الطرق ل ٤١ .

سەرەنجامی راپەڕاندنی ئەم نەخشە گلاوەیە کە ئەم خەڵکە ئاوایان لێ هاتووە ، تەنها ناوی ئیسلامیان پێوە ماوە ! ئەوی قورئانیش دەخوێنێت لە دەزوولەکانی دەنگی زیاتر هیچی تری نابزوێنێت ! زۆریشیان یان بۆ ئاوازودەنگ خۆشی دەیخوێنن ، یان وەک کاسبی ! یان بۆ نووشتەو مووشتە بە کاری دەهێنن ! لە کاتێکدا کە پێغەمبەر ﷺ زۆر بە توندی بەرهەڵستی ئەو کەسانەی کردووە کە قورئان دەخوێنن بەڵام گوێ نادەنە ئامۆژگاریەکانی ! وەک دەفەرموێ : ( ألا أخبركم بخير الناس وشر الناس ؟ إن خير الناس رجل عمل في سبيل الله على ظهر فرسه أو ظهر بعيره أو على قدمه يرتيه الموت . وإن شر الناس رجل يقرأ كتاب الله لا يرعوي بشئ منه ) [١٠] واتە : پێتان بڵێم چاکترین کەس و خراپترین کەس کێیە ؟ چاکترین کەس ئەو کەسەیە کە مردنی دەگاتێ و لە پێناوی خوادا لە کاردایە ، جا لەسەر پشتی ئەسپەکەی بێت یان ووشترەکەی یان هەر پیادە بێت . خراپترین کەسیش ئەو کەسەیە کە قورئان دەخوێنێت بەڵام گوێ ناداتە هیچی ! ( واتە هیچ تەعلیماتێکی جێبەجێ ناکات ) .

خوا گەورە خۆی زامنی پارێزگاری کردنی قورئانی لە فەوتان و گۆڕین کردووە وەک خۆی دەفەرموێ : ( إنا نحن نزلنا الذكر وإنا له لحافظون ) ١٥ الحجر/٩ واتە : ئێمە خۆمان قورئانمان ناردۆتە خوارەوە خۆشمان پارێزگاری ئەوین . ئەوەش هۆیەکی ترە کە وای لە دوژمنانی خواو دوژمنانی ئەم دینە کردووە ئەو هەموو هەوڵ و رەنجەیان بخەنە گەڕ ، بەو هەموو پیلان و فێڵ و فریوو دانەوە هەوڵی پەک خستن و شێواندنی سروشت و تەبیعەتی مرۆڤەکان دەدەن ، نەبادا وەدەنگ بانگەوازەکەی خواوە بێن ! بە هەموو هۆکارێکەوە هەر خەریکن خەڵکەکە لەو قورئانە دوور خەنەوە . مامۆستا حسن الهچیبی دەڵێ : ( مەگەر نابینیت دوژمنانی ئیسلام چەند بێ خەم و دڵنیان لە بێ ئاگایی و نەزانی موسوڵمانان ، چەند دڵنیان لەوەی کە موسوڵمانان هەر چەند قورئانەکەشیان بخوێنن لێی حاڵی نابن . نابینیت

---

(١٠) ئیمامی نەسائی لە ابو سعید الخدریەوە گێڕاوێتیەوە ، بڕوانە کتێبی (السنن / باب الجهاد / ٨) هەروەها ئیمامی احمد گێڕاوێتیەوە لە کتێبی (المسند ٤/٤٤و٥٨ )

گاڵتە پێ کردنیان گەیشتۆتە چ رادەیەک کە ئایەتی قورئان بۆ موسوڵمانان لە ئیزگەکانی ئیسرائیل و لەندەن و پاریسەوە بۆ دەخوێننەوە ؟!! ) [١١] .

ئەم قورئانە کتێبی خوای گەورەیە ، کتێبی ئەم بانگەوازەیە . قورئان نوورە ، رۆحە ، هەر بەوەندەی بگاتە دڵێکی مردوو زیندووی دەکاتەوە ، بەر هەر دڵ و دەروونێکی غافڵ بکەوێت دەستبەجێ رای دەپەڕێنێت و بە ئاگای دەهێنێتەوە .. جا ئەگەر ئەم ملیۆنەها کەسەی لافی ئیسلامەتی لێ دەدەن و خۆیان بە موسوڵمان دەزانن مانای ژیانی ناو قورئانیان بزانیایە ، ئەو ژینەی کە قورئان بۆ شوێن کەوتووانی روون دەکاتەوەو هەمووپانی لەسەر پەروەردە دەکات ، ئەو کاتە بارودۆخ و ئەحواڵیان ئا بەو شێوەیە نەدەمایەوە کە ئێستا تێیدان .. ئاوا لاوازو زەلیل و بێ دەسەڵات و نەبوو نەدەبوون ..

پێویستە لەسەر داعیەکان زۆر لەبەر دەم ئەم راستیەدا بۆ سەرنجدان بوەستن ، هەر وەکو کە پێغەمبەر ﷺ لەبەر دەمیدا دەوەستا . دەبێت داعیەکانی ئەمڕۆش هەر لە خاڵی یەکەمەوە دەست پێ بکەنەوە . چونکە هێنانەوەی دین و جێبەجێ کردن و راپەڕاندنی ــ چ ئەمڕۆ چ سبەی ــ هەر لەسەر ئەو خاڵە دادەمەزرێتەوە کە : دەبێت خەڵکی سەر لە نوێ لە جاهیلییەتەوە دەربهێنرێنەوە .. لە سفرەوە بخرێنەوە ناو ئەم دینە . ئەمەشە خاڵی سەرەکی سەرەتا . دوای ئەم قۆناغەش ئیتر شتێکی سروشتی و چاوەڕوان کراوە کە تاقی کردنەوە دەست پێ دەکات .. قۆناغی نارەحەتی و بەڵاو موسیبەت .. قۆناغی ئەشکەنجەو ناسۆرو ژان .. قۆناغی راکە راکەو خۆشاردنەوەو هەڵاتن .. ئینجا هەندێ کەس ــ سەرەنجامی ناسۆرەکانی رێ ــ لە دینەکە پاشگەز دەبنەوە .. هەندێکیش خۆ دەگرن سڵ لە مەترسی ناکەنەوەو لەسەر رێبازی ئیسلامەتی خۆیان هەر دەمێننەوەو پاشگەز نابنەوەو ناگەڕێنەوە ناو زەلکاوەکەی جاهیلییەت .. چونکە گەڕانەوەیان بۆ ناو جاهیلییەت پێ ناخۆشە بە قەدەرئەوەی فڕێیان دەنە ناو ئاگرەوە .. ئیماندارەکان هەر بەردەوام دەبن وسوور دەبن لەسەر هەڵوێست و پەیمانەکەیان ــ کە بە خوای خاوەنی خۆیان داوە ــ هەر دەبەنە سەر . دەمێننەوەو تا کۆتایی تەمەن ئارام دەگرن ، تا بە شاهیدی و شەهیدی سەر دەنێنەوە ..

---

(١١) گۆڤاری المسلمون / ساڵی ١٩٥٥ ژمارە ٧ ل ٤٢

ئیتر ئەم ململانێ و دەبەڕێک ڕاچوونەی ئەهلی جاهیلییەت و ئەهلی ئیسلام بـــەردەوام دەبێت تا خوای گەورە داوەری نێوانیان دەکات و دەسەڵاتداری حوکمڕانی دەداتە دەست پیاوچاکان و پێشڕەوانی خواوویستی دێنێتە سەر کار ، هەر وەکو کە لە ناو نەوەی جیاوازو لە زەمانە جیاوازەکانی مێژوودا ئەو دەسەڵاتەی دەدایە دەست موسوڵمانانی پێشوو .. ئیدی جارێکی دی سیستمی ئیسلامی و سایەی دادی خواوویستی لەسەر پارچە خاکێکی خـــوا ، باڵی هێمنی و سۆزو ڕەحمەتی بەسەر خەڵکیدا دەکێشێتەوە ..

جاهیلییەتی ئەمڕۆ ـــ لە ناوەڕۆکیدا ـــ هیچ جیاوازیەکی لەگەڵ جاهیلییەتی کۆندا نییە .. ئەوەی وەکو جیاوازیش جار جارە دەردەکەوێت تەنها لە ڕواڵەتدایەو بەس . بۆیە بەڕاستی پێویستە موسوڵمانانی ئەمڕۆ زۆر هۆشیارانە بانگەوازەکـــەیان بڵاوکەنـــەوە ، تـــا ڕاســـتی دینەکەیان وەکو خۆی بخەنەوە پێش چاو .. دەبێت شۆڕشێکی ئیسلامی بەرپا کرێـــتەوە ، شۆڕشێک بێت تەنها لە پێناوی خوای گەورەدا بکرێت ، بۆ چەسپاندنی دادی خواوویستی و حەق و حەقخوازی .. شۆڕشی موسوڵمانان کاری هەڕەمەکی و بێ سەرو بەر نییە . بەڵکو بزاڤێمی ڕێنیشاندانی هۆشیارانەی بەرپرسییە . چونکە خوای خاوەن هـــەر زەمانێـــک کـــە پێغەمبەرو پەیامی خۆی بۆ کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی نارد بێت ، بەو هیوایـــە ناردوێـــتی کـــە پێغەمبەران و پیاوچاکان بە پێی تەعلیماتی ئەو خۆی بزاڤی ئیسلامی دابمەزرێنن . بە ئاڕاستەی خوای گەورە کار کەن . وەک دەفەرموێ : ( ثم جعلناك على شريعة من الأمر فاتبعها ولا تتبع أهواء الذين لا يعلمون )الجاثيه/ ١٨ واتە : پاشان تۆمان خستە ســـەر ڕاو ڕێـــبازی شەریعەتێک ، دە تۆش شوێنی کەوەو شوێن هەواوهەوەسی ئەو کەسانە مەکەوە کە نازانن .

خوای گەورە یاساو ڕێسای خەبات و تێکۆشانی لە پێناوی خۆیدا بۆ دیاری کـــردووین . کەوا بوو هەر دەبێت بانگەوازێکی نوێ بێتە مەیدانەوە ، بانگەوازێک کە شارەزای ڕێگاکە بێت و دوژمن بناسێت و ئاشکرایانە ئاڵای خواوویستی هەڵکات و سوور بێت لەسەر ڕێبازو ئامانج تا دەگاتە کۆتا مەبەست ..

هەڵگرانی مەشخەڵی خواوویستی هەر دەبێت بێنەوە پێشەوەو بەیداخی ئەم دینە خواییـــە هەڵگرنەوەو بکەونەوە شوێن پەیامی خواوویستی . دەبێت هەنگاو بە هەنگاو هێمن و دڵنیا پێ هەڵگرن و بەو ڕێیەدا بڕۆن کە قورئانەکەی خوای زاناو کار بەجێ دیاری کـــردووە .

دەبێت دەرس وپەندو ئامۆژگاریشیان لەو کەڵەپیاوانەوە وەرگرنەوە کە بوونەتە سەر قافڵەی کاروانی خواوویستی لە پێغەمبەران و یاوەرانیان

..............................

ژین و دین

<u>کێ بەرنامە دیاری دەکات ؟</u>

دەبێ ئەو کەسەی بەرنامە گەشتی رێیەک دیاری دیاری دەکات هەر ئەو کەسە بێت کە شارەزای هەموو رێگاکەیە . مادام مرۆڤیش ــ بەپێی سروشتی خۆی ــ رێگای هەموو ژیان شارەزانی یەو لێی شاراوەیە ، تەنانەت نزکترین ساتی داهاتووشی لەبەر چاو نیەو چەندین بەربەستی لەرێدایە . کەوا بوو مرۆڤ بەهیچ شێوەیەک ناتوانێت بەرنامەیەک بۆ گەشتی رێگایەک دیاری بکات ، کەخۆی هیچ شتێک دەربارەی ئەو رێگایە نازانێت .. لەبەر ئەمەیە کە دەڵێین : یان دەبێ مرۆڤایەتی بکەوێتە گومڕایی وسەرگەردانی ولارووێریەوە ، یان دەبێ بگەڕێتەوە سەر رێبازەکەی خوای گەورە . ئەو رێبازەی کە لە خوای کردگاری مرۆڤ و بونەوەرەوە وەردەگیرێت . کەوا بوو هیچ کەس ــ جگە لە خوای گەورە ــ مافی ئەوەی نیە یاساو رێسا ــ جگە لە شەریعەتەکەی خوا ــ دابرێژێت .. ئەم مافە تەنها خوای گەورە هەیەتی . چونکە هەر ئەو کردگارو داهێنەروهەڵسوڕێنەری ئەم گەردوونەیە . تەنها ئەویش کارگێڕی هەموو بەش و لایەن و موفرەداتییەتی . هەمووشیان لەسەر ئەو سیستم و رێسایەن کە بۆی دیاری کردوون چونکە هەر دروست کراوێک ــ کە سیستمێکی بوون ومان وتەفاعولی خۆی هەیە ــ لەگەڵ رێسا خۆییەکەیدا لازم و مەلزومی یەکن . مرۆڤ وبەرنامەکەی خواش ــ کەوەکو کەتەلۆکی مرۆڤایەتی وایە ــ هەم پێکەوە دەسازێن ، هەم

تەفاعولی هەردوکیشیان لەگەڵ بزاڤ وسیستمی ژیانیشدا دەگونجێن .. بۆیە دەبێت هەموو لایەنێکی ژیانی مرۆڤ دەبێ بەگوێرەی سیستم ورێساو یاسایەک رێک بخرێت کە لەگـــەڵ یاساو رێسا گەردوونیەکانیشدا بسازێن . ئەمەش کەسێک دەتوانێ ێکی خات کە سروشتی هەردووکیان ( مرۆڤ و گەردون ) ی لەبەر چاو بێت .. گومانیش لەوەدا نیە کە هەرچی غەیری خوایە کەم وکورتە وپەی بەو هەموو زانیاریە بەرفراوانە نابات . هەر لەبەر ئەوەشە نابێت یاسادانان و رێباز دیاری کردن بۆ مرۆڤ ، بدرێیە دەست مرۆڤ خـــۆی .چـــونکە ئەویش کەم و کورتە .. ئەگەر چی ئەمە راستی یـــەکی زۆر روون و ئاشـــکرایە بگـــرە بەڵگەنەویستە ، کەچی زۆر کەس هەن باوەڕی پێ ناکەن یـــان هەرخـــەریکی موناقەشـــە کردنین .. هەندێکیان ئەوەندە چاو نەترسن دەڕۆن و یاسا ورێسای غەیری شـــەریعەتەکەی خوای گەورە دەهێنن . یان هەر خۆیان دەری دەکەن و خـــەڵکی ناچـــاری راپەرانـــدنیان دەکەن ! لەراستیدا ئەمانە یان خۆیان لە خوای گەورە زاناترو لێهاتووتر دەبینن ، یان خۆیان بەشەریکی خوای گەورە دادەنێن . بۆیە یاسای وا دژبە رێبازی خوا دادەڕێژن .. بەراســـتی ئەم جۆرە کەسانە زۆر چاو قایمن . خوای گەورە دەفەرموێ: ( ﴿أَمْ لَهُمْ شُرَكَاءُ شَرَعُوا لَهُمْ مِنَ الدِّينِ مَا لَمْ يَأْذَن بِهِ اللَّهُ﴾ ٤٢ الشورى/٢١ واتە : یان شەریکیان هەیە کە بۆ خوایـــان دایانناون ، کە یاساو رێسای وایان بۆ دارێژن کە خوای گەورە مۆڵەتی پێ نادات .

خوای پەروەردگار بەپێی زانیاری خۆی بەرنامەیەکی وای بۆ کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی دیـــاری کردووە کە لەگەڵ سروشتی مرۆڤ خۆیدا دەگونجێت ، کـــە مرۆڤایـــەتی دەتـــوانێ بـــەو بەرنامەیە بگاتە کۆتا پلەی هاوکاری وهاریکاری نێوان گەلان و تاکـــەکانیان . هـــەروەها هەموو چالاکی وجم وجوڵی کۆمەڵگەکەش لەگەڵ هێزە سەرەکیەکانی گەردوندا دەسازێت . خوای گەورە رێسای سەرەکی گشتی بۆ ئەم هاوکارییانە دارشتووە ، بەلآم مافی دیـــاری کردن ودارشتنی یاسا لقیە بچوکەکانی رۆژانەی داوەتەوە دەست مرۆڤ خۆیان . ئەگەر لە ناوخۆیاندا لەسەر کێشەیەکیش ، یان هەڵوێستێک جیاوازیان تێ کـــەوت ، دەبێـــت زوو بیگەڕێنێنەوە بۆ خوای گەورە . واتە بۆ رێسا سەرەکیە گشتیەکانی ئەو بەرنامەیەی کە بـــۆ ژیانی خەڵکی دیاری کردووە ئەو رێسا سەرەکیانەش وەک تەرازوون ، دەبێـــت مـــرۆڤ هەموو یاساو بەرنامەو شێوازی کارو راپەراندنیان بەو بکێشن .. بەم شێوەیە بریار دەدرێت

کە تەنها خوای گەورە حاکمەو هەر ئەویش چاکترین فەرمانڕەوایە .. هەموو شێـــوەیەکی تری غەیری ئەم شێوەیە لەخوا یاخی بوونەو دەرچوونە لە شەریعەتی خوا ، لادانە لە دیـــنی خوا .. لەبەر ئەم هۆیەیە کە دەبێت فەرمان بەچاکەی هەرە سەرەکی بکرێت کە بریتی یە لە ئیعتیراف کردن بە دەسەلاَت و حوکمی خوا . هەروەها دانیان بەوەدا کە دەبێت حـــوکم تەنها بەبەرنامەکەی خوا بکرێت وبەس. هەروەها دەبێت بەرهەڵستی لە خراپـــەی هـــەرە سەرەکی بکرێت کە بریتیە لە وازهێنان لە خوایەتی خوای گەورە . واتە ڕەفزکردنی حوکمی بەرنامەکەی خوای گەورە . ئەوجا ئەگەر ئەم بناغەیە دارێژرا ، دەکرێت کۆشکەکەشـــی لەسەر بنیات بنرێت جا کەوابوو با هەموو ڕەنج و هەوڵ و تێکۆشانە پەرتـــەوازەو لێـــک بلاَوەکان کۆبکرێنەوەو هەمووی لەبەرەیەکدا بخرێنە گەڕ ، تا بتوانرێت زووتر ئـــەو تاکـــە بناغەیە دارێژرێت ـــ کە لەسەر ئەو نەبێت ـــ کۆشکەکەمان بنیات نانرێت . جاری وا هەیە پیاو بەزەیی بەو موسوڵمانە دڵپاک وسەررشاستانەدا دێتەوە کە هەموو ڕەنجێکیان دەخەنـــە گەڕ لە فەرمان کردن بەچاکەیەکی بچکۆلەدا یان لەبەر هەڵســـتی کـــردن لەخراپەیـــەکی بچکۆلەدا . کە لقێکە لە چاکەی یان خراپەی هەرە سەرەکی . لەکاتێکدا کە هێشتا ئـــەو بناغە سەرەکیە نیە کە ژیانی کۆمەڵگاکەی لەسەر دادەمەزرێت ، کە سەرچاوەی هـــەموو فەرمان کردنێکە بەچاکەو هەموو بەرهەڵست کردنێکە لەخراپە ..

نرخی ئەو ڕەنج و هەوڵدانە چیە کە هەرتۆ بۆ نموونە بەرهەڵستی خەڵکی بکەی لەحەرام خواردن ، لە کاتێکدا کە هەموو لایەنی ئابووری کۆمەڵگاکە لەسەر سوو ( ربا ) ڕاوەستاوە ؟ کە هەموو پارەی کابرای پێ حەرام دەبێت وکەس پارویەکی حەلاَڵی دەست ناکەوێت ؟ چونکە سیستمی کۆمەلاَیەتی وئابووری ئەو کۆمەڵگایە لەسەر بناغـــەی شـــەریعەتی خـــوا دانەمەزراوە . چونکە هەر لە سەرەتاوە واز لەخوایەتی خوای گەورە هێنراوە بەوەی کە واز لەشەریعەتەکەی خوا هێنراوەو نەیان هێشتووە ئەوە بکرێتە بەرنامەی ژیان .

<u>ووشەی دین</u>

ئەو دینەی کەخوای گەورە دەیەوێت و تەنها بەو ڕازیە و سنوری بۆ دیاری کردووە بریتی نیە لەهەر جۆرێک لە ( باوەر کردن بەخوا ) بەڵکو بریتیە لـــە یـــەک شێـــوە لـــە شێـــوە جۆربەجۆرەکانی باوەرهێنان بەخوا .. ئەو شێوەش بریتیە لە یەکخواناسیەکی پاک وراســـت

وبنبڕ .. بریتی یە لە پەرستنی خوای گەورەو بەس . بەوەی هەموو مرۆڤ رووبکەنە ئـــەو . وەکو هەموو مەخلوقاتی تر کە روویان لەوە .. بەوەی کە دان بنرێت بەوەدا کـــە تـــەنها خوای گەورە دەسەڵاتی بەسەر مرۆڤایەتی وبەسەر هەموو گەردوندا هەیە .. بەوە کە هـــیچ شتێک بێ خوا نابێت وناکرێت . هەموو دروست کراوان هی خوان وبـــەخوان ودەبێـــت رووشیان هەر لەخوا بێت . دەبێت ئەو دینەی خواشی پێ دەپەرستن ، هەر ئەوە بێت کـــە ئەو دەیەوێت ، کە ئیسلامەو بەس وەک خوای گەورە دەفەرموێت : ( ِن الدينً عِندً اللهِ الْإِسلاَم )٣ ال عمران/ ١٩ واتە : ئەو دینەی کەلای خوا پەسەندە ئیســـلامەو بـــەس .. ئیسلام دینە . ئیسلام بریتیە لەخۆتەسلیم کردن بە دەسەڵاتی بەرفراوانی خـــواو وەرگـــرتنی تەعلیماتی ئەو لەهەموو کاروبارێکی ژیاندا . هەروەها گەڕانەوە ســـەر قورئـــان لەهـــەموو داوەریەکدا . چونکە قورئان سەرچاوەی تەعلیماتی خـــوای گەورەیـــە . ئیســـلامەتی لاف وگەزاف لێدان نیە ، ئالاو پەرچەمێکی سەوز نیە هەڵکرێت .. قسەیەکی سەرزارەکی نیەو بەسەر زماندا بێت وبڕوات . تەنانەت ئەو بیروهۆشە ناسکەش نیە کە لە کونجێکی مات وبێ دەنگدا دڵی پێ خۆش دەکرێت . هەروەها بەو شێوازانەی خواپەرستیەکەش ـــ بەتەنها ـــ ناوترێت ئیسلام ، کە کەسێک بە تەنها جێ بەجێیان دەکات ! وەک نوێژ ورۆژو حەج و .. هتد . نا .. ئیسلام زۆر لەوانە بەر فراوانترە . ئەمانە بە تەنها ئەو ئیسلامە نین ـــ ئەگـــەر لەخەڵکیدا نەهاتە دی ـــ خوا نەیەوێت . نەخێر . کورت وموختەسەر ئیســـلام یـــەعنی : خۆبەدەستەوەدان خۆ تەسلیم کردن .. ئیسلام بریتی یە لە : مل کەچـــی وگـــو ێـــڕایەڵی ئیسلام یەعنی : قبولْ کردنی خوای گەورە بە حاکم ودادوەر لە هەموو کاروبارێکی مرۆڤدا . ئایەتی : (كَذًلِكَ كِدنًا لِيوسفً مًا كًانً لِيًرخُذً رًخًاه فِى دِينِ المًلِكِ ) ١٢ یوسف/٧٦ واتە ئا بەو شێوەیە تەگبیرمان بۆ یوسف کرد ، چونکە بەپێـــی دەســـتوری پاشـــاکەی میســـر نەیدەتوانی براکەی بهێنێتە لای خۆی . ئەم دەقە قورئانیە زۆر بە روونی مانای ووشەی دین دیاری دەکات .. دین لەم دەقەدا یەعنی سیستمی ودەستورو یاسای حکومـــەتی . چـــونکە خوای گەورە کە باسی سیستمی ژیان ودەستورو یاسا دەکات بە ( دین ) باسی دەکات .

ئا ئەم مانا قورئانیە روون وئاشکرایە ، ئەمرۆ لەهەموو خەڵکی جاهیلییەتی سەدەی بیســـتەم شاراوەیە ، چ ئەو خەڵکەی خۆیان بە موسوڵمان دەزانن چ خەڵکە جاهیلییەکە ! دین بەلای

ئەم خەڵکەوە بریتیە لە : باوەڕکردن و بەجێهێنانی دروشمە ئیسلامیەکان . وا دەزانن هـــەر کەس کە باوەڕی بە تەنهایی خوای گەورەو کتێبە ئاسمانیەکان ونێرراوانی خواو ڕۆژی دوایی وخیرو شەڕی قەزاو قەدەر هێناو نوێژە فەرزەکانی کرد ، ئەوە ئیتر موســوڵمانەو لــەدینی خوادایە ، با مل کەچ و گوێڕایەڵی غەیری خوای گەورەش بێت لە حاکمێتی و یاساو ڕێسا داڕشتنیشدا ! [١٢]

لە کاتێکدا کە دەقەکەی قورئان بە ڕوون وئاشکرایی ( دین الملک) بە سیستم و دەستورو یاسای حکومەت دەردەبڕێت .. ووشەی دین لە مێشکی ئەم جــەماوەرە جاهیلییــەدا وا لاوازو کرمۆڵ بووە کە وا دەزانن دین یەعنی : باوەڕو بەجێ هێنانی فــەرزەکانی پەرســتن وبەس . بەڵام ( دین ) بەدرێژایی مێژوو مانای وا لاوازو کرچ و کاڵی نەبەخشیوە .. هەر لە زەمانی سیدنا ئادەمەوە تا سیدنا نوح و تا زەمانی پێغەمبەر ــ سەلامی خوا لە هــەموویان بێت ــ بەڵکو هەمیشە مانای ( دین ) بریتی بووە لە ملکەچی وگوێڕایەڵی خوای گــەورە . بریتی بووە لە ڕەتکردنەوەو وەرنەگرتنی هەر یاساودەستورێک کە لە لایەن غەیری خــواوە داڕێژرا بێت . هەروەها بریتی بووە لە پەرستنی خوای گەورە لەسەر زەمیندا . هەروەکو کە تەنها ئەو لە ئاسمانەکاندا دەپەرسترێت . واتە وەک چۆن خوای گەورە خوای ئاسمانەکانە ، ئاواش خوای سەر زەمینە ودەبێت تەنها تەعلیماتی ئەویش لەسەر زەمیندا حوکمڕانی بکات .. دین بریتی بووە لە خوایەتی خوایی گەورە . واتە : پەرستنی . بەڕاپەراندن وبە گەڕخستنی حوکم وشەریعەتەکەی ئەوو دانان بە دەسەڵاتداری ئەوو بــەس . هەمیشــە دووڕیــانی ڕێگاکان وابووە کێ لە ( دینی خوا ) دایە وکێ لە ( دینی پاشا ) دایە ؟ ئەوانەی کە لە دینی خوادان ، تەنها بە سیستم و بەرنامەو شەریعەتی ئەو ڕازین وهەر ئەویش جێ بەجێ دەکەن . ئەوانیش کە لە ( دینی پاشا ) دان بە سیستم ویاسا وحوکمی ئەو ڕازین وهەر ئەویش جــێ

---

(١٢) ئەگــەر ســەییدی ڕەحمــەتی بیزانیایــە کــە لــە کــوردەواری ئێــمەدا نوێــژو ڕۆژوو ئیسلامەتیشی نییــەو بــەڵکو زۆر دژ بــە ئیسلامیشــە کەچــی لــە ســایەی ســەری مــەلای ناڕەسەنەوە هەر بە موسوڵمان حسێبەو تەنانەت بە فەقێ و مەلاشی نــاو دەبــەن . لەســەر ئیسلامیش حسێبە ! چونکە بە دەردی مەلا دوازدە عیلمەکانمان دەڵێن : بــاوکی موســوڵمان بووە !!

بەجێ دەکەن . واتە بە زاراوەی قورئانی ئەمان بە شیرک رازین وسیستمی موشریکانیان دەوێت بەوەی کە لەگەڵ باوەڕ بەخوا هێنان و ئەنجامدانی دروشمەکانی پەرستندا غەیری خواش دەپەرستن چونکە بە سیستم و شەریعەتی غەیری خوا رازین و وەری دەگرن و رایدەپەڕێنن .. ئەمەش خاڵێکی سەرەکی دینەو دوو رێیانی باوەر و بەڵگەنەویستی عەقیدەی ئیسلامیە ..

<u>دینی خوا یان دینی خۆ</u>

هەندێک لە دڵ نەرم وبەبەزییەکانی ئەمڕۆ عوزر دەهێننەوە بۆ ئەو خەڵکەی بێ دینیشەو هەر بە موسوڵمان دەدرێتە قەڵەم ! بەڵام دەڵێن ئەو خەڵکە بۆیە لەسەر ئیسلامیەتی نامێننەوەو هەوڵ نادەن شەرعی خوا ( بەو سیفەتەی کە بەرنامەی دین و ژینە ) راپەڕێنن ،چونکە نازانن دین یەعنی چی ؟! بۆیە دەبێت ئەگەر جاهیلی موشریکیش بن عوزریان هەر قبوڵ بکرێت !

من تێ ناگەم ئەم خەڵکە کە لە دینەکە تێ نەگەیشتوون ، چۆن لەسەرەتاوە خراونەتە بازنەی ئەم دینەوە .. مەگەر باوەڕ کردن بەراستی هەر شتێک ، لقێک نییە لەزانین و ناسینی ئەو شتە ؟! جا کە خەڵکی حەقیقەتی ئەو عەقیدەیان نەزانی ، چۆن ئیتر پێیان دەوترێت شوێن کەوتوو وهەڵگرانی ئەو عەقیدەیە ؟ ئەگەر نەیانزانی خاڵی سەرەکی باوەڕ چی یە ، چۆن دێنە ریزی شوێن کەوتووانیەوە ؟ چۆن بەموسوڵمان دەژمێرێن کە نازانن ئیسلام چی یە ؟ چۆن خراونەتە بازنەی ئیسلامەوە ؟! رەنگە ئەم نەزانینەیان ببێتە مایەی لێ بوردنیان لە رۆژی دواییدا ، یان ببێتە هۆکارێک بۆ کەم کردنەوەی ئازارو ژان لەسەریان . رەنگە لێپرسراوێتیان بکەوێتە سەر شانی ئەو کەسانەی کە شارەزای دینەکە بوون و ئەمانیان فێر نەکردووەو راستی ئیسلامەتیان بۆ روون نەکردونەتەوە ، بەڵام ئەمە مەسەلەیەکی داهاتووی نادیارەو خوای گەورە خۆی دەزانێ لە رۆژی قیامەتدا چ حوکمێکیان دەبێت وموناقەشەو دەمەوەری و شەڕەقسە لەسەر ئەوەی پاداشت یان سزای ئەهلی جاهیلییەت لە رۆژی دواییدا چیەو چۆنەو چەندە ، سودێکی بۆ ئێستای ئێمە نیە . ئەوە جێ بایەخی ئێستای ئێمە نیە . چونکە پەیوەندی بە ئێمەوە نیە ، بەتایبەتی کە ئێمە خەریکین ودەمانەوێت خەڵکی بۆ ئیسلامەتی بانگ بکەین . ئەوەی جێی بایەخی ئێمەیە ئەوەیە کە راستی دینەکە بخەینەوە پێش

چاوی خەڵکەکەو بۆیان بسەلمێنین کە ئەوان بەهیچ شێوەیەک لەدینی خوادا نین ! چـــونکە دینی خوا بەپێی دەقی ئاشکرای قورئان یەعنی سیستم و شەریعەتی خوا .. جا هەر کەس لە سیستم و شەریعەتی خوادا بوو ئەوە لە ( دینی خوا ) دایە . هەر کەسیش لـــە سیســـتم و شەریعەتی حکومەت بێت ، ئەوە لە ( دینی پاشا ) و دینی حکومەتدایە .. ئەوە راســـتییەکەو دەمەوەری ناوێت .. ئەو کەسانەی کە نازانن ( دین ) چیەو مانای چیە ، مـــومکین نیـــە خاوەن باوەڕ بن پێی . چونکە نەزانین لێرەدا نەزانینی خاڵی سەرەکی و بناغەی دینە کە بـــە گوێرەی عەقڵ و بەگوێرەی واقع هەر کەس نەیزانێت ، بە بـــاوەڕدار پێـــی ناژمێررێـــت . چونکە باوەڕ لقێکە لە دەرک کردن و زانیین . ئەمیش بەڵگەنەوویستە .چـــاکتر لـــەوەی بەرگری لەو خەڵکە بکەین کە لە ( دینی خوا ) نین و عوزریان بۆ بهێـــنینەوەو لـــەخوای گەورە بەبەزەیی تر بین بەرامبەریان ! کەخۆی ماناو سنوری دینەکەی خۆی بـــۆ دیـــاری کردوون .چاکتر لەوە ئەوەیە بکەوینەوە ناساندنەوەی راستی مانای ( دینی خوا ) بەو خەڵکە ، تا سەرلە نوێ بێنەوە ناوی ، یان رەددی کەنەوە .. ئەمە باشترە بۆ ئێمەش وبۆ ئەوانیش . بۆ ئێمە باشترە چونکە لە خەتای گومڕایی ئەو دین نەناسانە قوتار دەبین . بـــۆ ئـــەوانیش باشترە چونکە رووبەڕوبوونەوەیان بەو حەقیقەتەی کە تێیدان ، ئەوەی کە ئەوان لە دیـــنی حوکومەت وپارت وکۆمەڵەی تر دان نەک دینی خوا . لەوانەیە ئەو قســـە رەقـــەشمان وا بەتوندی بیان هەژێنێت ویەکسەر لە جاهیلیەتەوە بێن بەرەو ئیسلام . لە دینی پاشا دەرچـــن وخۆ بگەیەننە دینی خواو پێغەمبەران ونێراوانی خوا ـــ سەلامی خوایان لێ بێت ـــ کـــەوابو دەبێت هەڵوێستی داعیە ئسلامیەکانیش لە هەر جێ ولە هەر کاتێکدا بـــوون ، بەرامبـــەر خەڵکی جاهیلیەت هەر دەبێت وا بێت . دەبێت دینی ئیسلام وشەرعی خوا لە نێو خەڵکی دا راپەڕێنێت ، نەک هەواوهەوەسی مرۆڤ . بۆیە ئیسلام دەیەوێت هەڵوێستی خەڵکی بـــۆ روون بێتەوە . یان وەرگرتن وراپەراندنی شەریعەتەکەی خوا ، یان وەرگرتن وراپەڕانـــدنی هەواوهەوەسی نەزان ونەفامان : ( أَهْوَاءَ الَّذِينَ لَا يَعْلَمُونَ ) هەڵوێستێکی تـــر جگـــە لـــەم دووانە نیە . هەروەها رێی مام ناوەندی لە نێوان شەریعەتی پاک و راســـت لـــە لایـــەک وهەواوهەوەسی چەوت ولار دا لە لایەکی ترەوە ، نیە .. ئەوی شەریعەتە پاک وراســـت وڕەواکەی خوا واز لێ دەهێنێـــت ، دەیەوێـــت بـــە هەواوهـــەوەس حـــوکم بکـــات ،

هەواوهەوەسی خۆی بێت یان هی خەڵکی تر هەر یەکە .. لە شـــەریعەتی خـــوا بترازێـــت ئارەزووپەرستی وهەواوهەوەسی ئەو کەسانەیە کە نازانن . خوای گەورە بـــە پێـــغەمبەرە ئازیزەکەی ﷺ دەفەرموێ : ( ثم جعلناك على شريعة من الامر فاتبعها ولا تتبع اهواء الذين لا يعلمون) ٤٥الجاثیە/ ١٨واتە : پاشان تۆمان خستە سەر راو رێبازی شەریعەتێـــک ، دە تۆش شوێنی کەوەو شوێن هەواوهەوەسی ئەو کەسانە مەکەوە کە نازانن . ئیسلام تـــەنها شەریعەتێکە شایانی شوێن کەوتن بێت. هەرچی یاساو شـــەرع ورێبازێـــکی تـــر هەیـــە ، هەواوهەوەس وئارەزووپەرستیە و لە نەزانین هەڵقولاوە .

داعی ئیسلامی دەبێت شوێن شەریعەتەکەی خوا بکەوێت وبەس . دەبێـــت واز لەهـــەموو جۆرەکانی هەواوهەوەس بهێنێت . نابێت بە هیچ شێوەیەک لە ڕێ لابدات . تەنانەت بۆی نیە بڕگەیەکیش لە هەواوهەوەسی نەزان ونەفامانیش وەربگرێت . دەبێت ئەوەش بزانیـــت کە شوێن کەوتووانی هەواوهەوەس هەموو پشتی یەکتر دەگرن ووەک بەرەیەک دژی شوێن کەوتووانی شەریعەتی خوا دەوەستن ، لەبەر ئەوە نابێت هەندێک لـــە شوێـــن کـــەوتووانی هەواوهەوەس بکاتە جێ هیوای خۆی . نابێت ئومێدی ئەوەی هەبێت کە تاقمێک لەوانـــە سەری دەخەن و لایەنگری دەبن ! ئەم دینە گاڵتەو گەپ نیە . هەموو بـــەش و لایەنێـــکی جیددیە . بۆ ئەوە هاتووە حوکمی ژیان بکات بۆ ئەوە هاتووە خەڵکی بکاتەوە بە بەندەی خواو وایان لێ بکات تەنها ئەو بپەرستن . بۆ ئەوە هاتووە تا دەسەڵاتداری لـــە هێـــزە نـــا رەسەنەکان بسەنێتەوەو بیداتەوە بە خوای گەورە . تا هەموو کاروبارێک ، گەورەو بچوک بگەڕێنێتەوە بۆ شەریعەتەکەی خواو بەس . نەک بۆ راو رێساو یاسای هـــەواو هـــەوەس . شەریعەتی خوا بۆ ئەوە هاتووە تا حوکمی هەموو ژیان بکات . تا بە ئەحکامـــەکانی خـــۆی ڕووبەڕووی کێشەو پێداوویستیە واقعیەکانی ژیان ببێتەوە و تا حوکمی خوا بەپێی قـــەوارەو شێوەو گەورەیی یا بچوکی ئەو کێشانە دەربکات . ئەم دینە بۆ ئەوە نەهاتووە ببێتە نازناوو دروشمی شان و شەوکەتی ئەم و ئەو، شەریعەتەکەشی بۆ ئەوە نەهاتووە ببێتە کەرەســـتەی لێکۆڵینەوەو باس و خواسی تیۆری دوور لە واقیعی خەڵکی . ئیسلام ووشەیەک نیە هـــەر بەسەر زماندا بێت و بەس . بەڵکو ئیسلام بریتیە لە بەرنامەو پێڕەوو پرۆگرامێکی تـــەواوی ژیان . کە حەتمەن کەندو کۆسپ وبەندەنی زۆردێتە رێی هێنانەوەو بوژانەوەو حوکم پـــێ

کردنی . چونکە بانگەوازەکەی بزاڤێکی واقیعیە . بەرنامەیەکە لەسەر ڕێسای ( لا الە الا اللە ) ولە جیهانی واقیعدا دێتە دی . ئیسلام ڕەنجی ئەوە دەدات کە هەموو خەڵکی بگێڕێتەوە سەرپەرستنی خوای ڕاست وتاک و تەنها . ئیسلام دەیەوێت کۆمەڵگای مرۆڤایەتی هەڵنێت بۆ وەرگرتن و ڕاپەراندنی حوکم و شەریعەتی خوا .. ئیسلام بۆ ئەوە هاتووە دەست و پێی تاغووتەکان زنجیر کات . ڕەگ وریشاڵی ستەمیان لە ناخ و بێخەوە هەڵکێشێت چونکە دەست درێژی کردۆتە سەر خوایەتی خوای گەورەو دەسەڵاتەکەی ئەویان بۆ خۆیان زەوت کردوووە . بۆ ئەوە هاتووە تا مافی خەڵکی دابین بکات و دادی کۆمەڵایەتیان بۆ بهێنێتە دی .. بۆ ئەوەی سەرزەمین ئاوەدان بکرێتەوەو ئەرکی جێ نشینێتی خوای گەورە بەگوێرەی دینەکەی جێبەجێ بکرێت . ئەمانەش هەمووی ئەمانەتن وهەر کەسێک بەتەواوی پارێزگاریان نەکات ، ئەوە خیانەتی کردووە ! خیانەتی لەو پەیمانە کردووە کە بەخوای خۆی داوەو ئەو ( بەیعەت )ەی هەڵوەشاندۆتەوە کەبەڵێنەو بە پێغەمبەری پێشەوای داوە ﷺ خوای گەورە دەفەرموێ : ( یا ایها الذین امنوا لا تخونوا اللە والرسول وتخونوا اماناتکم وانتم تعلمون) ٨ الانفال/ ٢٧ واتە : ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە خیانەت لەخواو پێغەمبەرەکەی مەکەن ، خیانەتیش لەو ئەمانەتە مەکەن کە خراوەتە ژێر دەستتان . خیانەت دەکەن لەکاتێکدا کە خۆشتان چاک دەزانن ئەوە خیانەتە ..

## واتای دین

ئەم ئیسلامە شەریعەتەکەشی وەک عەقیدەکەی وایە . لە ناساندن و حوکمدانی شیرک یان لە ناساندن وحوکمدانی ئیسلامەتی . چونکە شەریعەتەکە هەر لە عەقیدەکەوە وەرگیراوە . بۆیە دەتوانین بڵێین کە شەریعەتی ئیسلام هەر عەقیدەکەیەتی . چونکە شەریعەت کاروکردەوەو هەڵوێستی واقیعی عەقیدەکەیە ، ئەمەش ڕاستیەکەو لە قورئانی پیرۆزدا زۆر چاک ڕوون کراوەتەوە . ئەمە ئەو ( واتا ) یەیە کە دین بە شوێن کەوتووانی خۆی دەبەخشێت . بۆیە دەبینیت سەدان سەدەیە بەهەزاران شێوەی پیسی فێڵاوی هەڵ دەدرێت بۆ شێواندن وشێلووکردنی ئەم ڕاستیە لەدڵی شوێن کەوتووانی ئەم دینەدا تا گەیشتە ئەو ڕادەیەی کە کێشەی حاکمێتی خوای گەورە لە کێشەی عەقیدە جوێ بکرێتەوە ، نەک لەدڵی دوژمنە لێزانەکانیدا ، بەڵکو لە دڵی موسوڵمانان بە گشتی وتەنانەت لە دڵی بیرو

دیدی خوێن گەرمەکانیشیاندا بووە بە شتێکی جوداو دوورو بچوکی وا کەس دڵی بــۆی دانە خورپێت وغیرەتی بۆی نەجوڵێت ! کەس دڵ ودەروونی بۆ ئەم لایەنە عەقائیدیە گرنگە نەجۆشێت ! وەکو کە بۆ مەسەلە عەقائیدییەکانی دەجۆشێت . گەیشتە ئەوەی کــە ئــەو کەسەی لە حوکمی ئیسلام دەرچووەو بە ئیسلام رازی نیەو نایەوێت ، کەس بە کافرو لە دین بەدەرو پاشگەز بووەوەی حسێب نەکات !! کەس ئەم جۆرە کەسانەی پێ کافر نیە کە لە ( شەریعەت ) ی خوا دەرچوون و نایانەوێت وخستویانەتە کەنار ، وەکو کە ئەو کەسانە بە کافر دادەنێت کە لە ( عەقیدە ) و ( پەرستن ) دەرچوون و کارکــەناریان کــردوون . چونکە مەسەلەی عەقائیدیێی شەریعەتەکە لە دڵ و دەروون وبیرو بۆچوونی خەڵکیدا نەماوە .. بە لقێکی سادەو کەم بایەخی دینداری دەژمێرن !! بەڵام ئیسلام هیچ جیاوازییەک ناخاتە نێوان سێ گۆشەی ( عەقیدە ) و ( پەرستن ) و ( شەریعەت ) . واتە یاساورێــا . ئەمــە راستیەکە لە دڵ و دەروونی موسوڵمانانی پێشوودا قەناعەتێکی بەڵگەنەوویست بوو . بەڵام ئەم هەموو دام و دەزگا و شێوازە مەشق پێ کراوە زیرەکانەی سەدان سەدەیە لە هەوڵ و کۆششی ئەوەدان کە ئەو سێ گۆشەیە لێک بترازێنن . ئەوەبوو وای کرد کە مەســەلەی حاکمێتی خوای گەورەو سەروەری شەریعەتەکەی ئاوا لاوازو کرژو بێ قەدر بکەوێــت ! تەنانەت لە دڵی خوێن گەرمەکانیشدا ئاوا بووبێت بە مەسەلەیەکی سادەو کەم بایــەخ !! گەرچی قورئانی پیرۆز چەندەها ئایەتی لەسەر ئەم کێشەیە هێناوەتەوە .. ئەو کەسانەی کــە حوکمی ( شیرک ) بە سەر بت پەرستێکدا دەدەن ، بەڵام لە حوکمی تاغووتێکدا یان لــە حوکمی ئەو کەسەدا کە حوکم ودادوەری تاغووتی پێ قبوڵە و پێی رەوایە ، سڵ دەکەنەوە ، ئەوانە بە جییدی قورئان ناخوێننەوە و شارەزای سروشتی ئەم دینە نین . با هەموو قورئان بخوێننەوە. با ئایەتەکانی بە جیددی وەرگرن . با سەرنج دەنە ئایەتی : ( وِٰن رِکّعتموهم ِنکم لْمشرِکونْ ) ٦الانعام/١٢١ واتە : ئەگەر مل کەچیتان کردن ، ئەوا ئێوەش موشریکن !

زۆر کەسی خوێن گەرم و دڵسۆز ، لەوانەی بە تەنگ ئەم دینەوە دێن . زۆرجــار ــ بــێ ئەوەی هەست بە خۆیان بکەن ــ خەنجەری ژەهراوی لە جەرگی ئەم ئیسلامە ئازیزە دەدەن ! بەوەی کە بایەخ بە هەندێ شتی لاوەکی دەدەن . ئەوانە بەم کارەیان ئەو تۆزە بــاوەڕو وورەو ووزەیەش کە لەدڵی خەڵکیدا ماوە ، لەم لایەنە لاوەکی وکرچ و کاڵانەدا بەفیرۆی

دەدەن . ئەوانە بە خۆیان نازانن کە وەرنەگرتنی ئەو سێ روکنی ئەو سێ گۆشەیە ( عەقیدەو پەرستن و شەریعەت ) پێکەوە ، کارێکی ناپەسەندەو زۆر دژوارە کە دەربارەی ئەم بارودۆخە جاهیلیە دەیدەن . بریاری ئەوەی گوایە دین لەو کۆمەڵگە جاهیلیانەدا ماوەو ( بەتەواوی ) ش ئەنجام دەدرێت . هیچی لێ پشت گوێ نەخراوە ! مەگەر جارجارە ـــ لێرەولەوێ ـــ گوناهێک ،سەرپێچیەک یان خراپەیەک بکرێت ! کە پێویستە راست بکرێتەوە !! ئەم بریارە دژوارە دەدەن لە کاتێکدا کە دین هەر لەسەرەتاوە ، لەسەر بناغەو روکنی ( بوونی قەوارە و کیان ) دەوەستێت . واتە ئیسلام حەتمەن دەبێت لە سیستەم و کۆمەڵگە و بارودۆخێکدا دەربکەوێت ، کە حاکمێتی بۆ خوایەو بەس .. دەرکردنی یاساو رێسا هی خوایە نەک هی مرۆڤ ..

بوونی قەوارەو کیانێک بۆ دین پێویستە .. ئەویش پەیوەستە بە بوون و چەسپاندنی حاکمێتی خوای گەورە . ئەگەر حاکمێتی دینی خوا پیادە نەکرا یەعنی هەموو دینی خوا پەک خراوە .. ئەو کێشە گەورەیەی ئێستا دین تووشی بووە ، یوونی دەسەڵاتی ئەو هەموو تاغووتانەیە کە دەست درێژیان کردۆتە سەر خوایەتی خوای گەورە و دەسەڵاتی خوایەتیان بۆ خۆیان زەوت کردووە . مافی دارشتنی یاساو رێساو دەستور ( شەریعەت ) یان بە خۆیان داوە ! بەوەی کە حوکمی گیان و سامان و وەچەیان خستووەتە ژێر رکێفی خۆیان و بە پێی هەواو هەوەسی خۆیان یان هی کەسانی تر داوەریان تێدا دەکەن ! ئەمەش هەر هەمان کێشە بوو کە قورئانی پیرۆز ـــ هەر لە سەرەتای هاتنە خوارەوەیەوە ـــ بەم هەموو فەرمان کردن و بەرهەڵستی کردن وبریارو قەدەغە کردن وروون کردنانەیەوە رووەڕووی دەبووەوە .. هەر ئەم کێشە سەرەکیە بوو کە قورئان زوو زوو باسی دەکردو بەلایەنی باوەڕ بەخواوەی دەبەستەوە کێشەی یاساو رێسا دانانی بەخوایەتی خواو پەروەردگارێت خواوە دەبەستەوە . ئەم کێشەیەش بوو دەکرایە تەرازوو جاهیلیەتی پێ دەکێشرا .. دەبووە پێوەرو نیشانەی ناسینەوەی ئەحکامی کوفر یان ئەحکامی ئیسلامی .. کافرێتی خەڵکی یان ئیمانداریان .. واقیعەکەی پێ جودا دەکرایەوە .. بەهەرچی تێدا بوو : عەقیدەو فیکر، پەرستن ، رەوشت و نەریت ، کۆمەڵگەو دەسەلات .. هتد . حوکمی هەریەکێک لەو موفرەداتانە ( کە ئایا

ئیسلامیە یان جاهیلیە ) بە پێناسەی ئەم کێشەیە دەکرا .. واتە شـــەریعەت بڕیـــاری دەدا حوکمی ئەم واقیعەو هەرچی پێکهاتەکانێتی چی یە ؟

لە راستیدا شەڕە سەختەکەی ئیسلام لە پێناوی سەلماندنی ( بوون )ی خۆیـــدا دەیکـــرد بەرامبەر جاهیلیەت ، شەڕی ئیسلام و بێ باوەڕی ( ئیلحاد ) نەبوو ، تا لەو کات وئاســـت ودۆخەدا کۆتایی پێ بێت کە ( دینداری ) دێتە دی ! هـــەروەها شەڕێـــک نـــەبوو دژی خراپەکاری کۆمەڵایەتی وداوێن پیسی بەدکاری بێت و بەس .. ئەمە شەڕە بۆ ئەمانەش بەرپا بوو .. شەڕی ئەمانەش کرا بەڵام دوای بردنەوەی شەڕی سەختی سەلماندنی ( بوون )ی ئەم دینە شەڕە سەختەکەی یەکەم جاری ئیسلام بۆ ئەوە بوو کە بزانرێت ئایـــا کـــێ حـــوکم دەکات ؟ واتە ( بوون ) هی کێیە ؟

بۆیە ئیسلام هەر لە قۆناغی مەککەیەوە شەپپووی ئەم جەنگەی لێدا . هەر لەو کاتەدا کە عەقیدەکەی لە دڵ ودەروونی شوێن کەوتووەکانیدا دادەمەزراند .. هەر ئەو کاتە ، پێـــش ئەوەی باسی سیستەم وباس وبڕگەی شەریعەتەکەی بکات .. ئەو شـــەڕە دژوارەی بۆیـــە دەکرد تا بۆ جیهانیان بسەلمێنێت کە تەنها خوای گەورە مافی حاکمێتی هەیە . هیچ کەس ــ تەنانەت چاکترین موسوڵمانیش ــ نەک هەر ئەوەندەی حەددی ئەوەی نیە ئەو مافە بدات بەخۆی یان بەکەسێکی تر ، بەڵکو نابێت بهێڵێت کەسیش لە خوای زەوت کـــات چ بـــۆ خۆی چ بۆ کەسانی تر بەهیچ شێوەیەک !

دوای ئەوەی ئەم کێشە سەرەکیە بەتەواوی لە دڵ ودەروونی شوێن کەوتووانی ئیسلامدا ــ لە مەککەــ جێگیر بوو ، ئیتر راپەڕاندن و جێ بەجێ کردنی هەموو دەســـتورو یاســـاکانی شەریعەتی ئیسلام ــ لەمەدینە ــ ئاسان بوو .. کۆسپی نەدەهاتە رێ . چونکە پێشتر تـــاک وکۆمەڵ تەسلیم بە دینەکە بووبوو ، قەناعەتی تەواویان بە تەنهایی خوایەتی خوای گـــەورە کرد بوو لە ( عەقیدەو پەرستن و شەریعەت )دا .. ئێستا ئەو خوێن گەرمانەی سۆز بۆ ئەم ئیسلامە دەکەن ، با باش تێفکرن . وورد ببنەوە . بزانن ئەوان لە چ باس وخواسێـــک دان وئیسلامیش داوای چی لێ کردوون . بەڵام پێش هەموو شتێک با لە راستی (واتای دیـــن)ە کە تێ بگەن ، ئەوجا سەیری حاڵی خۆیان ودەوروبەریان بکەن ..

ئەم خەڵکە ئەم دینەیان لێ تێکچووە ، بۆیە لێی دوور کەوتوونەتەوە . بۆیە ئا بەو شێوەیە وازیان لە ئیسلام هێناوەو بێ ئەوەی بە خۆیان بزانن لێی هەڵگەڕاونەتەوە !! ئەمە نەخشەی دوژمنانی خواوویستیە کە خوای گەورە لە قورئانەکەیدا باسی کردوون و دەرهەقیان دەفەرموێ : ( لِيردوهم ولِيلبِسوا عَليهِم دِينَهم ) ٦ الانعام/١٣٧. واتە : تا لە دینەکەیان پاش گەزیان بکەنەوەو دینەکەیان لا بشێوێنن ..

ماناو واتای دین ئاوا داخزێنراوە . زاراوەکانی یەقیان کردۆتەوەو بێ کار کەوتوون . بۆیە ئا ئەم هەموو خەڵکەش دەبینیت بیر ئاڵۆزو دیدە لێڵ و وێڵن .. بیرو هۆشێکی تەواویان دەربارەی دینەکە نیە .

<u>ناسینەوەی جاهیلییەت</u>

ئەم هەموو ئایدیۆلۆژی وبیروباوەڕە تێکەڵ وپێکەڵانە . ئەم هەموو خوونەریتە کۆمەڵایەتیانە لەو بیرو باوەڕانەوە سەرچاوەیان گرتووە . هەردووکیان تین و تەوژمێکی وا دروست دەکەن ، زۆر قورسترە لەو پاڵە پەستۆ کۆمەڵایەتیەی جاهیلیەتی پێشان دروستی دەکرد .. ئەوەتا ئێمە خۆمان لەچەندەها شێوازی جۆربەجۆردا ــ لەجاهیلیەتی نوێدا ــ دەیبینین !

ئەم هەموو خوونەریتە قورسەی خەڵکی تووشی سەدان نارەحەتی ودەردەسەری کردووە ، کە ناشتوانن لەسەر خۆیانی لادەن . یان هەر نەبێت کەمێک سوکتری کەن . پێشانگاکانی جل وبەرگ . ئەم هەموو جۆرە مۆدێلە گیرفانی ئەو خەڵکە داماوەی هەڵتەکاندووە ! ئەم ( باو ) ە نوێیانەی کە ژیان وبایەخیان دەخوات وخووڕەوشتیان دەشێوێنێت وژیانیان هەراسان دەکات . ئەو خەڵکە ناچاریشن ملی بۆ کەچ کەن وخۆ بدەن بەدەم شەپۆل وتەوژمە بەتینەکانیەوە ! مۆدێلی جل وبەرگی بەیانیان ، بەرگی دوای نیوەڕوان ، بەرگی ئێواران ، جلی گەڕان ، جلی ئاهەنگ ، جلی کورت ، کاڵای تەسک و تەنگ . جلی هەزەلی سەیرو سەمەرە!! یان ئەو هەموو کەرەستەو ئامرازانەی خۆجوان کردن : مکیاج ، چاووبرۆ هەڵگرتن ، قژ بڕین ، گەڤگە کردن . مێش ، کرۆڵ ، خز .. ئەم هەموو مۆدێلانە خەڵکی زەلیل کردووە .. تۆ بڵێی هەروا لە خۆوە دروست بوو بن ؟ یان کەس ودەزگاو دەسەڵاتداری لە دواوەیە ؟ کێیە وا بەو تەوژم و لافاوە رادەرە ئەو خەڵکە نەفامەی خستۆتە

پێش خۆی ؟ بێ گومان ئەوەی ئەم پیلان گڵاوانە دادەرێژێت ، ئەو پێشەنگایانەن کە بۆ مۆدێلی جل و بەرگ خانەی پۆشاک (بیوت الازیاء ) دادەمەزرێنن .. ئەو پارە دارە سووخۆرانەی بانکەکانن . ئەوانەی پارەی خۆیان لەو کۆمپانیایانەدا دەخەنە گەڕ ، تاوەک زەروو رەنجی خەڵکی بکەنە بەرهەمی خۆیان .

ئەوی کارگێڕی راستەقینەی ئەم دەزگا گڵاوانەیە جوولەکەکانن ئەو جولەکانەن کە دەیانەوێت هەموو کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی برمێنن ، تا خۆیان ببنە دەسەڵاتداری جیهان وتەنها خۆیان حاکمی بن ! ناشیانەوێت بەهێزی سوپاو سەربازو چەک وئاراستەی بکەن تا دەیگەنێ ، بەڵکو بە بیرورا ، بەنەریت ، بەو ئایدیۆلۆژیە شەیتانانەی لە قاڵبی رۆشنبیریدا دایدەرێژن . تا بتوانێت پاڵەپەستۆ لەسەر خەڵکی دروست بکات وتین وفشار بۆ خەڵکی بەشێوەیەک بهێنێت تا ئەو دیاردە نامۆو دوژمنکارانە دەبنە ( نەریتە کۆمەڵایەتی )! چونکە ئەوانە چاک دەزانن کە تیۆری رووت و رۆڵێکی وا کاریگەری نابێت . بەڵکو دەبێت ئەو تیۆرانە لە سیستم و یاساو رێساو بارودۆخی کۆمەڵگەکەیدا گەشە بکات و ببێتە روکنی ژیان ! ئەمە کاری شەیتانە شەیتان . شەیتانی جنۆکەو مرۆڤین . ئەمە هەر جاهیلیەتەکەی جارانەی، بەڵام لە شێوازو وێنەو رادەو دیاردەیدا گۆڕاوە . ئەمە هەر ئەو جاهیلیەتەی زووە ، بەڵام لە قاڵب و دیکۆرێکی تردا هاتووە .. مەگەر نابینیت ئەمیش لەسەر هەمان قەد راوەستاوەو لق وپەل وچڵەکانیشی هەر وەکو لق وپەل وچڵەکانی جاهیلیەتی پێشووە دە حەتمەن بەرهەمەکەشی هەروەکو بەرهەمی زەقنەبووتی جاهیلیەتی پێشوو دەبێت .

ئێمە ئەگەر لەو جاهیلیەتەی خوای گەورە لە قورئانەکەیدا باسی فەرمووە ، واتێ بگەین کەجاهیلییەت بیرو باوەڕو دیدو تێڕوانین وسیستم ونەریتێکی رابوردووە ، ئەمە ستەمێکی گەورەیە ولە ئیسلامی دەکەین . چونکە قورئان باسی یەک جۆر بارودۆخی جاهیلیی ناکات . بەڵکو باسی هەموو جۆرە جاهیلییەتێک دەکات . لە هەر زەمانێیدا بێت . هەروەها قورئان هەمیشە بریتی بووە لە رووبەڕوو بوونەوەی واقیعە مونحەریفەکان .. هەوڵدان بووە بۆ راست کرنەوەو هێنانەوەیان بەرەو پەیامی خواوویستی . زۆربەی زۆری تاغووتەکانی ئەمڕۆ کە سەرکردایەتی جاهیلییەتی نوێ دەکەن ناتوانن ــ وەکو کۆمۆنیستەکان ــ هەڵەوەڕی بکەن و ئینکاری بوونی خوای کردگار بکەن وبە ئاشکرا دژی دین راوەستنەوە . بەڵکو پەنا

دەبەنە بەر شێوازی فێلاوی و نەگریس . دەڵێن : ئێمە رێزی دین دەگـــرین . هـــەر لـــە خۆشمانەوە دینی تر ناهێنینە کایەوە . بەڵکو هەموو دەســـتورو یاســـایەکمان ـــ کـــە بـــۆ کۆمەڵگەی دادەرێژن ـــ هەر لەسەر بناغەی ئیسلام دادەرێژن ! ئەمەش شێوازێکی فریودانی شەیتانانەی زۆرگڵاوە ! زۆر لە شێوازی کۆمۆنیستە مولحیدەکان خراپترە . چونکە ئـــەمان ئەوتۆزە هەست و سۆزە دینیە ئاڵۆزەی کە لە دڵ ودەروونی خەڵکەکەدا مـــاوە ، مەســـتی دەکەن . ئەگەر چی ئەم هەست وسۆزە هەتیوە بریتی نیە لە ئیسلام . چونکە ئیسلام پێڕەوو پرۆگرامێکی واقیعی رۆشنە . نەک ئەو هەست وسۆزە ئاڵۆزە بە ئاڕاستەیە .. ئەوجا ئـــەو لێزانانە دێن وسروشت وسۆزە دینیەکەی ئەو خەڵکە عاتفیـــە لـــە قـــاڵبی جاهیلییەتێـــکدا دادەڕێژن ئەمەش نەخشەیەکی زۆر دژوارو شێوازێکی زۆر شەیتان و فێلاویە . لـــەولاوە تاغوتەکان بەنەخشەیەکەوە خەریکن و لەملاشەوە زۆر لە خوێن گەرمە عاتفیەکانی ئیسلام هەموو رەنج و کۆششیان لە نەهێشتنی خراپەکاری بچوک بچوکدا خەرج دەکەن و ووزەی خۆیان لەلایەنێکی ( لقی )انەی ئیسلامەوە دەخەنە گەڕ ، کە کارێکی ئیجابی راست ناکاتە سەر بارودۆخە جاهیلییەتە موشریکەکەیان کە مافی خوایەتی خوای بۆ خۆی زەوت کردووە . ئەو موسوڵمانە خوێن گەرمانە بەم سۆزە دینیە ناڕێکەیان بارودۆخی جاهیلیە موشریکەکان بە ئیسلام سواغ دەدەن وپۆشاکێکی دینـــداری بەبـــەردا دەکـــەن و شەرعێـــتیەکی تـــێ هەڵدەسوون !! ئەم کارە دژوارەو ترسناکەشیان بڕیاردانێکی لاوەکی ( غیر مباشر )ە کـــە گوایە ئەم بارودۆخە (جاهیلی )انە لەسەر بناغەی ئیسلام دامەزراون وناشەرعی نین ! تەنها ئەوەندەیان هەیە کە جارجارە لیرەو لەوێ گوناحێک دەکرێت ! یان سەرپێچیەک لەفەرمانی خوای گەورە لە گۆشەو کەنارێکدا دەکرێت ، لە لقە یاسایەکدا ، یان لە حوکمێکی سادەدا !!

ئێمە زۆر پێویستمان بە بیرخستنەوە هەیـــە . چـــونکە رەنجـــی شـــەیتانەکان وپیلانـــە گڵاوەکانیان هاتۆتەوە بەرو واتای سەرەکی ئەم دینە پاکەیان لە مێشکی خەڵکیدا گۆڕیووە .. کارێکی وایان کردووە کە کەس حاکمێتی خوای گەورەو سەروەری شەریعەتەکەی بـــە بەشێک لە عەقیدە نازانێت . تەنانەت لای خوێن گەرمە دڵسۆزەکانیان مەگەر نابێت چۆن ئەو هەست پاکانە هەر خەریکن بۆ راست کردنەوەی دروشمێکی پەرستن ( بـــە لابـــردنی

بیدعەکەی یان خەریکی بەرهەڵستی خووڕەوشتی بچوکن ( وەک پێکەوە ڕۆیشتنی کــوڕو کچێک کە مەحرەمی یەکتر نین ) یان ڕەنجی ئەوە دەدەن لقە یاسایەک راست کەنەوە کــە پێچەوانەی شەریعەتی خوایە (وەک حوکمی سێ بەسێی تەلاقدان) ! کەچی هیچ قســەیەک دەربارەی حاکمێتی وگرنگی حاکمێتی وسەروەری شەریعەت لە ئیسلامدا ناکــەن ! دژی خراپە بچووکەکان ڕادەوەستن وهەوڵی گۆڕینیان دەدەن ، کەچی واز لە خراپەی هــەرە گەورە دەهێنن کە بریتیە لە دانەمەزراندنی ژیان لەسەر بناغەی خواوویستی ، بناغــەی دژ بەیەکخواناسی ، واتە لەسەر بڕیارو بیرو هۆشانێکە کە تەنها خوای گــەورە بــە حــاکم دادەنێت . خۆ خوای گەورە پێش هەموو شتێک ئەوەی بە خەڵکی فەرمووە کە هیچ جۆرە شەریکێک بۆ خوای گەورە بڕیار نەدەن . ئەمە ئەو ڕێسایەیە کە خەڵکی موسوڵمانی لەسەر پەروەردە دەبیت دەبیت هەڵویستی یەکەمی موسوڵمان دەربارەی هەر عەقیدەیەکی دژ بــە ئیسلام ، هەر لە یەکەم هەنگاوەوە دەبێت بریتی بێت لە ڕەتکردنــەوەو دوور کەوتنــەوەو توخن نەکەوتنی . هەروەها دەبێت هەمان هەڵوێستی هەبێت بەرامبەر بە هەر دەستورو هەر یاساو ڕێساو هەر سیستم وهەر بارودۆخێک کە بڕیاری تەنها حاکمێتی خوا نادات . دەبێت هەڵوێستی ڕەتکردنەوەو تەبەڕرابوون بێ لێی . هەر لە یەکەم ســاتی ناســینیەوە دەبێــت ڕەفزبکرێتەوە پێش ئەوەی بچێتە نێو باسی ئەو لق و چلانەوە کەلەگەڵ هەندێک لق و خاڵی ئیسلامدا یەک دەگرنەوە .

هەرکەسێک ، هەر کۆمەڵێک ، هەر میللەتێک یاساو دەســتوری مرۆڤیــان وەرگــرت و پەیڕەویان کرد ، ئەوا ئەو مرۆڤانەیان پەرستووە . ئەوە ئەو مرۆڤانەی ئەو دەستورەیان بــۆ داناون ، ئەمان بەخوای خۆیان داناوە ! ئەمە ڕوون کردنەوەو ڕاڤەی پێــغەمبەرە ﷺ کــە دەربارەی پیاوانی دینی جولەکەو دیانەکان ( ئەحبارو روهبانەکان ) فەرمووی کە ئــەو دوو میللەتە ئەحبارو روهبانەکانی خۆیان لەجێی خوا دانا بوو : ( کاتێک عەدی کوڕی حاتــەم هاتە خزمەت پێغەمبەر ﷺ گوێی لێ بوو ئەم ئایەتەی دەخوێــندەوە: (اتخــذوا رِحبــارَهم وَرهبانَهم رِرباباً من دونِ اللهِ ) ٩ التوبه/٣١ واتە : حیبرو راهیبەکانی خۆیان کــرد بــووە خواو لە جێی خوای پەروەردگار دایان نابوو . عەدی ووتی : ئەی پێغەمبەری خوا ، کــوا ئەوان ئەو حیبرو راهیبانەی خۆیان پەرستووە ؟! پێغەمبەر ﷺ فەرمووی : ( بلَى* نهم رِحَلوا

لٚهم الحٚرامٚ وحرموا لٚهم الحٚلالٚ ، فٚاتبٚعوهم فٚژلکٚ عٍبادتهم اٍياهم ) [١٣] واتە : بەڵێ ئەوان حەراميان بۆ حەڵاڵ دەکردن وحەڵاڵيشيان لێ حەرام دەکردن . ئەمانيش پێڕەويان دەکردن ( واتە مل کەچی تەعليماتەکانيان بوون و پێوەی پابەند دەبوون ) . ئەمەشە پەرستنی ئەو قەشەو حيبرو راهيبانە .

**<u>لە دين لادان</u>**

---

(١٣) ئەم حەديسە ريواياتی تری زۆرەو زۆرينەی ئەهلی تەفسير لە لێکدانەوەی ئەم ئايەتەی ٣١ ی سورەتی التوبەدا هێناويانەتەوە ، چونکە ابن عباس حذيفة بن اليمان و هی تريش لە ياوەران ريوايەتيان کردووە لەوانە ابن جريرلە ژێر ژمارەی ١٦٦٣١ ە ١٦٦٣٢ الترمذي / ژمارە ٣٠٩٥ وابن کثير لە تەفسيرەکەيدا ( ٣١٨/٢ ) و ابن القيم لە هداية الحيارى ٢٧/١ بە دوورو درێژی هێناويانەتەوە کردوويانە بە بەڵگە بۆ بە کافر دانانی هەر کەس ياسای پێچەوانە بە شەريعەتی ئيسلام دارێژێت .. ابن کثير دەفەرموێ : رَوَى الْإِمَام أَحْمَد وَالتِّرْمِذِيّ وَابْن جَرِير مِنْ طُرُق عَنْ عَدِيّ بْن حَاتِم رَضِيَ اللَّه عَنْهُ أَنَّهُ لَمَّا بَلَغَتْهُ دَعْوَة رَسُول اللَّه صَلَّى اللَّه عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فَرَّ إِلَى الشَّام وَكَانَ قَدْ تَنَصَّرَ فِي الْجَاهِلِيَّة فَأُسِرَتْ أُخْته وَجَمَاعَة مِنْ قَوْمه ثُمَّ مَنَّ رَسُول اللَّه صَلَّى اللَّه عَلَيْهِ وَسَلَّمَ عَلَى أُخْته وَأَعْتَقَهَا فَرَجَعَتْ إِلَى أَخِيهَا فَرَغَّبَتْهُ فِي الْإِسْلَام وَفِي الْقُدُوم عَلَى رَسُول اللَّه صَلَّى اللَّه عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فَتَقَدَّمَ عَدِيّ إِلَى الْمَدِينَة وَكَانَ رَئِيسًا فِي قَوْمه طَيِّئ وَأَبُوهُ حَاتِم الطَّائِيّ الْمَشْهُور بِالْكَرْمِ فَتَحَدَّثَ النَّاس بِقُدُومِهِ فَدَخَلَ عَلَى رَسُول اللَّه صَلَّى اللَّه عَلَيْهِ وَآله وَسَلَّمَ وَفِي عُنُق عَدِيّ صَلِيب مِنْ فِضَّة وَهُوَ يَقْرَأ هَذِهِ الْآيَة " اِتَّخَذُوا أَحْبَارهمْ وَرُهْبَانهمْ أَرْبَابًا مِنْ دُون اللَّه " قَالَ : فَقُلْت إِنَّهُمْ لَمْ يَعْبُدُوهُمْ فَقَالَ " بَلَى إِنَّهُمْ حَرَّمُوا عَلَيْهِمْ الْحَلَال وَأَحَلُّوا لَهُمْ الْحَرَام فَاتَّبَعُوهُمْ فَذَلِكَ عِبَادَتهمْ إِيَّاهُمْ " وَقَالَ رَسُول اللَّه صَلَّى اللَّه عَلَيْهِ وَسَلَّمَ " يَا عَدِيّ مَا تَقُول ؟ أَيَضُرُّك أَنْ يُقَال اللَّه أَكْبَر ؟ فَهَلْ تَعْلَم شَيْئًا أَكْبَر مِنْ اللَّه ؟ مَا يَضُرّك أَيَضُرُّك أَنْ يُقَال لَا إِلَه إِلَّا اللَّه فَهَلْ تَعْلَم إِلَهًا غَيْر اللَّه ؟ ثُمَّ دَعَاهُ إِلَى الْإِسْلَام فَأَسْلَمَ وَشَهِدَ شَهَادَة الْحَقّ قَالَ : فَلَقَدْ رَأَيْت وَجْهه اِسْتَبْشَرَ ثُمَّ قَالَ " إِنَّ الْيَهُود مَغْضُوب عَلَيْهِمْ وَالنَّصَارَى ضَالُّونَ " وَهَكَذَا قَالَ حُذَيْفَة بْن الْيَمَان وَعَبْد اللَّه بْن عَبَّاس وَغَيْرهمَا فِي تَفْسِير " اِتَّخَذُوا أَحْبَارهمْ وَرُهْبَانهمْ أَرْبَابًا مِنْ دُون اللَّه " إِنَّهُمْ اِتَّبَعُوهُمْ فِيمَا حَلَّلُوا وَحَرَّمُوا وَقَالَ السُّدِّيّ اِسْتَنْصَحُوا الرِّجَال وَنَبَذُوا كِتَاب اللَّه وَرَاء ظُهُورهمْ وَلِهَذَا قَالَ تَعَالَى " وَمَا أُمِرُوا إِلَّا لِيَعْبُدُوا إِلَهًا وَاحِدًا " أَيْ الَّذِي إِذَا حَرَّمَ الشَّيْء فَهُوَ الْحَرَام وَمَا حَلَّلَهُ فَهُوَ الْحَلَال وَمَا شَرَعَهُ اُتُّبِعَ وَمَا حَكَمَ بِهِ نَفَذَ " لَا إِلَه إِلَّا هُوَ وَلَا رَبّ سِوَاهُ .

ئێمە لەم زەمانەی خۆماندا ، زۆر جۆر شیرک لەناو ئەو کەسانەدا دەبینین کە لافی ئیسلامەتی ویەکخواناسی لێ دەدەن . پلەبەپلەی شیرک بەچاوی خۆمان لە هەڵس وکەوتیاندا دەبینین .. ئەمڕۆ خەڵکی جۆرەها خوایان هەیە کە ناویان ( نەتەوە ) و( نیشتمان ) و( گەل ) و .. هتد . ئەمانە هەمووی بتن . بەڵام وەکو شێوە سادەکەی جاهیلییەتی جاران پەیکەری دارو بەردی بۆ دانەتاشراوە . بەڵام هەر هەموویان سیفاتی خوایەتیان بۆ دانراوە . قوربانیان بۆ دەکریت و خوین و گیان لە پێناویدا دەدرێت . هەر وەکو کە لە بەردەم بتەکانی پێشوودا سەر دەبڕران . خەڵکی ئەمڕۆش باوەڕیان بە بوونی خوا هەیە . بەڵام تەعلیماتەکانی دەخەنە پشت گوێ !وشەریعەتەکەی دەخەنە کەنار ! لە کاتێکدا کە تەعلیمات وداواکاریە قورسەکان ئەو بتانە بە ( پیرۆز ) دەزانن ، گەرچی پێچەوانەی فەرمان وشەریعەتەکەی خواشن ! بگرە زۆرجار هەر بەتەواوی واز لە شەرعی خوا دەهێنرێت .. جا ئەگەر ئەمە خوایەتی نیەو ئەمەش شیرک نیەو ئەوانەش موشریک نین ؟! ئەدی فرە خوایەتی وشیرک وموشریک چین وکێن و چۆنن ؟! ئەمانە هەمووی شیرکن و لە جاهیلییەتە بۆگەنەکەی ئەمڕۆدا بوونەتە دیاردەو رواڵەت و جەوهەر .. جاهیلییەتی پێشوو زۆر لە جاهیلییەتی ئەمڕۆ بە ئەدەبتر بوون چونکە لە جاهیلییەتی پێشوودا ئەو بتانە ــ لە جێی خوا ــ دادەنران وقوربانیان بۆ دەکرا ، وەک شەریکی خوا دادەنران .. واتە هاوبەشی بوون و دەسەڵاتی خوا بوون .. لە هەست وسۆزی خەڵکە موشریکەکەی پێشوودا ، خوای گەورە هەر پاک وبەرێزو بێ خەوش دەژمێررا .. بەڵام لەجاهیلییەتی ئەمڕۆدا ئەو بتانە بەبەرزترو بەرێزتر دادەنرێن ! داواکاری وفەرمانەکانی ئەو بتانە ــ بێ چەندوچوون و بێ سڵکردنەوە ــ رادەپەڕێنرێن . کەچی شەریعەتەکەی خوا وازی لێ دەهێنرێت وکار کەنار دەکرێت ! ئێمە خۆمان هەڵدەخەڵەتێنین گەر واحساب بکەین کە بتپەرستی تەنها لەو شێوە سادەو ساویلکەی بت دانان وپەرستن وقوربانی بۆ کرنەکەی جارانە !

یان وابزانین تەنها ئەو جۆرە پەرستن و نەزر بۆ کردن و چەمانەوە کڕنووش بۆ بردنەی جارانە ، یان وابزانین هەر بەو ئیعتبارەی جارانن کە گوایە تکاکار ( شافع )ی لای خوای پەروەردگارن !

لەراستيدا ئەوەى كە گۆڕاوە تەنها جۆرى بت وشێوەى بتپەرستيەكەيە . چونكە دروشمى پەرستنەكان ئاڵۆزتر بوون . ناونيشانى نوێيان لێنراوە .. ئەمما حەقيقەتى شيركەكە هەر وەكو خوى ماوە . ئا ئەمەيە كە دەبێت ئاگادار بين و خەڵيشى لىَ ئاگادار بكەينـــەوە . نەهێـــڵين راستى نە لە خۆمان ونە لەو خەڵكەش بشێوێت ، نەبادا ئێمەو ئەوانيش فريـــوى دوژمنـــان بخۆين خواى گەورە فەرمانى بە غيرەت و پياوەتى و داوێنِ پـــاكى وچـــاكەخوازى داوە . بتەكانى سەردەميش ( پارە ) و( بەرهەم ) و( نەتەوە )و ( نيشتمان )و هتد فـــەرمان دەدەن بەرووتى ئافرەت ولەش فرۆشييان وچەوسانەوەو روتانەوەى ميللەتان .. باشە ئـــەو خوايـــە كامەيە كە دەبێت فەرمان وتەعليماتى راپەڕێنرێت ؟ خواى پەروەردگارە يان ئەم بتە نوێيانەى سەردەم كەلەجێى خوا دانراون ؟!

خواى گەورە فەرمانى داوە كە دەبيت ئەو عەقيدەيەى پەيوەندى هەموو خەڵكى بە يەكەوە دەبەستێت هەر عەقيدە بێت وبەس . بەلاَم بتى نوێ ( نەتەوايەتى ) يان ( نيشتمان ) فەرمان دەدەن كە دەبێت پەيوەندى عەقيدە لەنێو تاكى كۆمەڵگەكاندا دوور بخرێتەوە ! دەبێـــت ( نەژاد ) يان ( هەستى نەتەوايەتى ) ببێتە ئاڵقەى پەيوەندى نێوان خەڵكى !! باشە ئەو خوايـــە كامەيە كە دەبێت فەرمان و تەعليماتى راپەڕێنرێت ؟ خواى پەروەردگارە يـــان ئـــەم بتـــە نوێيانەى سەردەمن كەلە جێى خواى گەورە دانراون ؟!.

ئەمانە هەمووى نموونەى ئەو گۆڕانانەن كە لەسەر زەمينى ئەمڕۆدا روويـــان داوە . كـــە لەراستيدا حەقيقەتەكانى بت پەرستى ئەمڕۆ دەردەخەن . حەقيقەتى بتەكان دەردەخەن . ئەو بتە ناديارانەى لەجێى بتە كۆنە ديارەكان دانراون و دەپەرسترێن .. بۆيە دەبێـــت زۆر بـــە حەزەر بين هەڵ نەخەڵەتێين ، فريوو نەدرێين . دەبێت چاك بزانين كە شيرك و بتپەرســـتى وەكو جارانى نەماوە لە شيوەيەكى سادەو ساويلكەدا بێت .. شـــيرك وبتپەرســـتى هـــەر بەردەوامە وهەر ماوە . بەلاَم شێوازو دياردەو رواڵەتى بت و بتپەرستيە كە گۆڕاوە .

ئەگەر شەيتانەكانى خێوو مرۆڤ لەژێرى مرۆڤايەتى بگەڕێن تا سەربەستانە ئـــەم واقيعـــە ببينێت ، هەرگيز پێى رازى نابێت ونايەوێت . بەلاَم ئەوەى رێى لىَ دەگرێت هەواوهەوەس وئارەزووى سەرانى گومڕايى وفريودانن . ئەوانەى وايان كردووە كە كۆمەڵگەى مرۆڤايەتى ـــ دواى چواردە سەدەى تەواو لە هاتنە خوارەوەى قورئان ـــ ئاوا واز لە دين بهێنێـــت و

هەڵگەڕێتەوەو لەم شێوە نوێیەی جاهیلییەتدا بکەوێتەوە شیرک وهاوبەش بۆ خوا بڕیار بدات .. لەو شەریکە بێ دەسەڵاتانەی هیچیان لەم گەردوونەدا دروست نەکردووە ، بەڵکو خۆیان دروست کراون . کە ناتوانن لایەنگری هیچ کەسێک بن و سەری خەن ، خۆشیان پێ سەر ناخرێت وەک خوای گەورە دەفەرموێ : ( ﭐَيُشْرِكُونَ مَا لاَ يَخْلُقُ شَيْئًا وَهُمْ يُخْلَقُونَ . وَلاَ يَسْتَطِيعُونَ لَهُمْ نَصْرًا وَلاَ أَنفُسَهُمْ يَنصُرُونَ ) ٧ الاعراف/١٩٢واتە : یان هاوبەشی وا بۆ خوا بڕیار دەدەن کە هیچیان دروست نەکردووە ، بەڵکو خۆیان دروست کراون . هاوبەشی وا بۆ خوا بڕیار دەدەن کە ناتوانن بۆ وەدەست بهێنن وخۆشیان هەر سەرناکەون ..

کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی ئەمڕۆی هەروەکو دوێنێی پێویستی پێویستی بەوە هەیە بەم قورئانە بدۆزرێتەوە پێویستی بەکەسێکە سەرکردایەتی بکاتەوە تا جارێکی تر لەجاهیلییەتەوە بیهێنێتەوە بەرەو ئیسلام . تا لە شەوە زەنگی تاریکی کوفرەوە بیباتەوە بەرەو ئاسۆی روناکی باوەڕ .. پێویستی بە کەسێکە بێتەوە سەرلە نوێ بەم دینە دڵ وژیری ودیدو بۆچوونی لەم بتپەرستیە نوێیە ، لەم بێ مێشکیە نوێیەی دیسان تێیدا جەمەی دێت رزگاری بکات . هەر وەکو لە یەکەم جاردا هەر بەم دینە رزگاری کرد بوو .. تا دڵ ودەرونەکان بەباوەڕهێنان بە حەقیقەتی یەکخواپەرستی ئاوەدان ببێتەوەو هەست و هۆشی پێ بخروشێتەوە . تا نەوەی نوێی مرۆڤایەتی ئەم گەشتە دوورەی سەرزەمینی لەبەر رۆشنایی رێنمایی خوادا ببڕێت .. بڕوات وچاوی لە تەنها ئەستێرەکەی ئاسۆی ژیان بێت ولەڕێ لانەدات . بڕوات و پشتی بە تەنها سەرچاوەکەی بوون ببەخشێت لە ژیان و هێزو رۆزیدا تەنها سەرچاوەی سودو زیان .. تەنها سەرچاوەی دان ونەدان .. تا لە گەشتی درێژخایەنی بەرەو ئەو سەرچاوەیدا رێک وراست بڕوات . بەرەوخوا .. هەر لەوێشەوە وەرگرێت و لەسەر رێبازی ئەویش بڕوات .. لا نەکات بەلای رێچکەی تەنگەبەرو بنبەست با ئاڵ و والاو رازاوەش کرا بن .. تا دڵنیا ترو هێمنتر بێت لە گەشتی گەیشتنە هیواو ئامانج .. بڕوات و بەحەزەر بێت . بزانێت گەورەکەی چی پێ خۆشە ئەنجامی بدات و چی پێ ناخۆشە توخنی نەکەوێت .. جا ئەگەر بەم رێبازەو بەرەو ئەو ئاواتەی پشتی بەو سەرچاوە لەبن نەهاتووە بەست وکەوتە رێ ، گومانی تێدا نیە کە هەموو وورەو ووزەی لەو رێیەدا سەرف دەکات ..

چونکە لەو حاڵەتە دابینەدا ، پێی لەسەر زەمین قایمەو چاویشی لە خوای تاک و تەنهای زەوی و ئاسمانەکان بڕیووە .. خوای گەورە دەفەرموێ : ( ضَرَبَ اللهُ مَثَلا رجلا فِيهِ شرَكَاء مُتَشَاكِسونَ وَرَجلا سَلَما لرَجل هَل يَستَوِيَانِ مَثَلا الحَمد لِلهِ بَل أكثَرهم لَا يَعلَمونَ ) **٣٩** الزمر/**٢٩** واتە : خوای گەورە نموونەی دوو پیاوی کۆیلە دەهێنێتەوە . کە یەکێکیان کۆیلەی چەند کەسێکە ، کە هەمیشە ناکۆکییانە لەسەری . دووەمیشیان کۆیلەی یەک کەسە . ئایا هەردوو کۆیلەکە وەک یەکن ؟ سوپاس بۆ خوا . بەڵام زۆریان نازانن .

خوای گەورە ئەم نموونە دەهێنێتەوە : نموونەی بەندەیەکی یەکخواپەرست و بەندەیەکی فرەخواپەرست . بەندەیەکیان کۆیلەی چەند کەسێکە . هەر یەکەیان خاوەن حەزو ئاڕاستەیەکە لەناو خۆیاندا ناکۆکییانە لەسەری وئەویش سەرگەردان ماوە ، نازانێت ڕوو لە کامیان کات وبە قسەی کامیان بکات !! هەر یەکەیان بەجۆرێک ئاڕاستەی دەکەن وهەر یەکەیان جۆرە فەرمانێکی بەسەردا دەدەن . ئەویش لە نێوان ئەم هەموو فەرمان وبەرهەڵستیەی ئەو بکەو ئەویان مەکەدا سەرگەردانەو نازانێت کامیان ئەنجام بدات . واقی وڕماوە .. سەری سوڕماوە . لەسەر هیچ ڕایەک خۆی پێ ڕاناگیرێت ! ناشتوانێت ئەم هەموو هەواو هەوەسە دژ بەیەک و تێکچڕژاوانە لێک هەڵاوێرێت وپێکەوە بیان سازێنێت . ئەمە یەکێکیانە . ئەوی تریشیان : کۆیلەی یەک کەسە . دەزانێت چ فەرمانێکی بەسەردا دەدەن . چی لێ داوا دەکەن . بۆیە خێرا وەری دەگرێت ورای دەپەڕێنێت ، پاشان دڵنیاو هێمنانە ستار دەگرێت و دەحەوێتەوە . چونکە لەسەر یەک بەرنامەو یەک پرۆگرامی ڕۆشن وبەرەو هیواو ئامانجێکی دیار هەنگاو دەنێت

# دابەزیووە

* * *

## مژدەو ئاگادار کردنەوە

( هَــذَا بَلاَغ للناسِ وَلِینذَروا بِهِ وَلِیَعلَموا أَنمَا هوَ إِلَــه وَاحِد وَلِیَذکَر أولوا الأَلبَابِ ) ١٤ ابراهیم/٥٢ واتە : ئەمە مژدەیەو روون کرنەوەیەکە بۆ خەڵکی ، تــا پێــی ئاگـــادار بکەنەوەو بزانن کە خوا تاک وتەنهایە تا خاوەن ژیرەکان لە یادیان بێت .

مەبەستی سەرەکی ئەم مژدەو ئاگادارکردنەوەو روون کردنەوەیە ، ئەوەیە کە هـــەموو خەڵکی بزانن کە إنمَا هوَ إِلَــه وَاحِد : خوا تاک و تەنهایە . ئەمەش ئەو بناغەیە کە ئیسلام پرۆگرامی خۆی لە ژیانێکی واقیعدا لەسەر دادەمەزرێنێت . بێ گومان مەبەست لەمە تەنها زانین نیە . بەڵکو بریتیە لە دامەزراندنی ژیانیان بە گوێرەی ئەو زانینە . مەبەســـت لەمـــە : راپەڕاندن وجێ بەجێ کردنی دینەکەی خوایە . مادام هیچ کەس و هیچ شتێک نیە شـــایانی پەرستن بێت جگە لەخوای پەروەردگار ، کەوا بوو هەردەبێت ئەو بپەرسترێت وهەر ئەویش حاکم وسەرۆک وسەرروەرو هەڵسوڕێنەرو یاسادانەرو رێپیشاندەر بێت . ئەوجا دامەزراندنی ژیانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیش لەسەر ئەم بناغە بێت . ئەمەش جیاوازیەکی سەرەکی هەیـــە لەگەڵ ژیانی هەموو جۆرە کۆمەڵگەیەکی تری مرۆڤایەتیدا ، کە لە سەر بناغەی خوایـــەتی مرۆڤ دامەزرا بێت  واتە لەسەر حاکمێتی مرۆڤ وپەرستنی مرۆڤ . ئەم جیاوازیـــەش لـــە هەموو شتێکدایە : لەباوەڕو بیروهۆش . لەدروشمی پەرستن . لەخووڕەوشـــت و نـــەریت ، لەرەسم و عادەت .. هەروەها لە کاروباری ئابوری و کۆمەڵایەتی وهەموو لایەنەکانی تری ژیانی تاک وکۆمەڵدا هەیە.

باوەڕهێنان بەخوایەتی و دەسەڵاتدارێتی خوای گـــەورە . وەنەبێـــت بـــریتی بێـــت لـــە ئایدیۆلۆژییەکی رووتی وا کە تەنها لە بیرو هۆشدا بچەسپێت . بەڵکو خوایەتی خوای گەورە پرۆگرامێکی سەربەخۆیە وهەموو لایەنەکانی ژیانی لەسەر دادەمەزرێت .. سنوری عەقیـــدە ئەوەندە بەرفراوانە کە هەموو لایەنەکانی ژیان دەگرێتەوە . کێشەی حاکمێتی لە ئیســـلامدا ــ بەهەموو لق و پەلەکانیەوە ــ کێشەیەکی عەقیدەیـــە . مەســـەلە ســـەرەکی یـــەکانی

خوورەوشتیش هەرهەموویان مەسەلەی عەقیدەن . ئەو پرۆگرامە بەرفراوانەی ژیانیش ، کە خوورەوشت وعادەت نەریت دەگریتەوە ، هەر لە عەقیدەو ئایدیولۆژیەوە وەردەگیریت . هەروەها هەموو بارودۆخ و هەڵس و کەوتێکی تری ژیان هەر عەقیدەیین . ئێمە ئەگەر چوارچێوەی عەقیدەی ئەم دینەمان نەناسی وشارەزای نەبوەین وبە تەواوی لە شایەتمانەکەمان لااله الا الله محمد رسول الله نەگەیشتین ، ئەوە لە مەبەستی قورئانەکە تێناگەین . کەوابوو پێش هەموو شتێک دەبێت لە واتای ( پەرستن تەنها بۆ خوایە ) تێ بگەین ودینداریتی ــ بەهەموو لایەنەکانیەوە ــ بیگێرینەوە بۆ خوای گەورە، نەک هەر لەساتەکانی نوێژدا بەڵکو لەهەموو گۆشەو کەنارێکی ژیاندا ..

ئەو بتپەرستییەی کە سیدنا ابراهیم ــ سەلامی خوای لێ بێت ــ داوای لەخوای گەورە کرد کە خۆی و کورو نەوەکانی لێ لابدات ، وەنەبێت هەرلە شێوە سادەکەی بتپەرستی عەرەبەکاندا بوو بێت کە لە جاهیلییەتی پێش ئیسلامدا دەیان کرد ، یان لە جاهیلییەتەکانی تردا کە لە بەردو دار پەرستی ، یان ئاژەڵ و باڵندە پەرستیدا دەردەکەوت . ئەم شێوانەش هەموو جۆرە بتپەرستیەکان ناگرێتەوە هەموو شێوازو جۆرەکانی شیرک ناگرێتە خۆ .

ئەگەر ئەوەندە سادە بین ووا بزانین کە تەنها ئەمانە شیرکن ئەوا پەردەیەک دێنین بەسەر بینایی خۆماندا و ناهێڵین حەقیقەتی جاهیلییەت ووێنەو جۆرە جیاوەزەکانی شیرک بناسن . کەوا بوو دەبێت زۆر بە قووڵی بە لێکۆڵینەوەدا رۆچین . سروشتی شیرک و مانای بت وپەیوەندی نێوان بت وشیرک شارەزا بین وجۆرە نوێکانی جاهیلییەتی سەردەم بزانین وبزانین شیرک لەچی لایەنێکدا هەیە . لەو شیرکەی پێچەوانەی لااله الا الله یە . کە بریتیە لە هەموو جۆرە بارودۆخ و رەوتێک کە بەگوێرەی دینی خوا دانەڕێژرا بێت . حەقیقەتی شیرک لەمەدا دەردەکەوێت کە کەسێک لە لایەنێک لەلایەنەکانی ژیاندا خۆی بەگوێرەی دینی خوا ساز دابێت بەڵام لایەنەکانی تری ژیانی بەگوێرەی ڕێبازێکی تر دارشتبێت ! زەقترین نموونەش ژیانی ئەمڕۆی مرۆڤایەتییە . کە جۆرەکانی شیرک لەزۆربەی لایەنەکانی ژیانیدا دەردەکەوێت .

بتی بێ پەیکەر

ئەو کەسەی کە باوەڕ بەخوایەتی خوا دەهێنێت ونوێژو ڕۆژو حەج وپەرستنەکانی تـــری بەپێی شەریعەتی خوا بەجێ دەهێنێت کەچی لە هەمان کاتدا بۆ باری سیاســـی وئـــابووری وکۆمەلایەتی لە یاساو ڕێساو بەرنامەی تری غەیری خـــوای گـــەورەوە وەردەگرێـــت . بیروهۆش ودیدو بۆچوونی بەگوێرەی بیروباوەڕێکی تری غەیری ئیسلام دادەڕێژێت . ئـــەو کەسە لە نێو جەرگەی شیرکدا خول دەخوات . بە تەواوی پێچەوانەی شایەتمان ( لاالە الا الله محمد رسول الله ) دەوەستێتەوە ! با پەرستنەکانیشی بهێنێتە دی . ئا ئەوەیە کە خەڵکی ئەمڕۆ لێی بێ ئاگان وبێ دەربەستانە دەکەونە ناوی وگوێی نادەنێ . چونکە ئـــەم خەڵکـــە نازانن کە ئەم شیرکەی ئەوان ، هەر هەمان شیرکە کـــە کافرەکـــان لەهـــەموو کـــات و شوێنێکدا کردوویانە ، خۆ بت مەرج نی یە لە شێوە سادەکەی جارانیدا بێت . نەخێر .. ئەو درووشمانەی کە تاغووتێک بەرزیان دەکاتەوەو خەڵکی لەژێر ئالآیاندا کۆ دەکاتەوەو دەیان خاتە سەر دینێکی تر پێی . جۆرێکە لە بت . خۆ بتی جـــاران کـــە قســـەی نـــەدەکردو نەیدەبیست ونەیدەبینی ، بتەکانی ئەم سەردەمەش هەروان .. جاران کۆمەڵە زێوانێک کە لە پشت بتەکانەوە بوون ، کە خۆیان ــ لەرواڵەتدا ــ بۆ خزمەتی بت وبتگاکان تەرخان کرد بوو ، ئەمانەی کە وێردیان دەخوێندو دوعایان دەکردو شاڵ وموفـــەڕک وتەبـــەڕوکیان دابەش دەکرد ، هەر ئەمانەبوون کەحوکمیان دەردەکردو دەیان ووت : ئەمە حوکمی بتە پیرۆزەکانە ! ئەمان دەیان ووت کە ( جەنابی بت ) فەرموویەتی چی حەلآڵەو چی حەرامە ! پیرۆزی بتەکان خەرمانەی ڕێزی دەوری ئەمان بوو .. هەرچی ئەمان دەیان ووت و دەیـــان کرد هەر بەناوی ( جەنابی بت) ەوە بەناو خەڵکدا بلآودەبۆوەو دەبووە یاساو دەســـتوور ! ئەمڕۆش هەر وایە . هەزاران درووشم و هێماو لافیتەی بتانە هەن کـــە زێـــوان و حـــاکم وسکرتێرو ڕێبەرو سەرکردایەتی حزبەکان لەژێر ناوو لەپشتی ئەو درووشمانەوە یاساو ڕێساو حوکم دەردەکەن هەر بەناوی ئەوانەشەوە ڕێبازو بەرنامەو یاساو ڕێساو خوو نەریت وبەهاو ڕەهەند دیاری دەکرێت .. بەراستی ئەمانەش هەر بتن سروشتی بتن . حەقیقـــەتی بـــتن ، ئەرکی بتیش جێ بەجێ دەکەن و ڕۆڵی بتیش دەبینن ..

ئەگەر لەجێیەک نەتەوایەتی کرا بە ئالآ ، نیشتمان کرا بە ئالآ گەل و دەسەلآت کرا بە ئالآ ، یان چین وتوێژێکی کۆمەڵ کرا بە ئالآو خەڵکیان بۆ پەرستنی کۆکردەوەو لەجێی دینی

خوا کرانە بەرنامەی ژیان و قوربانیان لەپێناودا دراو سامان وتەمەن وئابڕوویان لە پێـــناودا بەخت کرا .. ئەوە کراونەتە بت و لەجێی خوا دەپەرسترێن .. ئەگەر یاساو ڕێساو دەستور بەناوی ئەم لافیتەو ئالآیانەوە دەرکراو شەریعەتەکەی خوا خرایە کەنارو ئـــەو دەســـتورانە بوونە سیستمی حوکمی ژیانی کۆمەڵگەکە .. یان بەواتایەکی تر بڵێـــین : ئەگـــەر دیـــدو بۆچوون وپێناسەو یاساو ڕێسای تاغووتان بووە بەرنامەی ژیان ، ئەوە بتپەرستی لـــەزەقترین شێوەیدا نیشان دراوەو چەسپیووە .. ئیتر خۆ مەرج نیە لەجێی ئەم ئالآو بەرنامانـــە بـــت داتاشرێت و بپەرسترێت و بەشێوە ساویلکەکەی پێشوو لـــە دەوری گەڕێـــن و وێـــردی بەدەوردا بخوێنرێت ..

بتپەرستی مەرج نیە داروبەرد پەرستی بێت . واتە چەمانەوەو کڕنوش بۆ بـــردن تـــەواف کردن بێت بەدەوری بتێکدا نەخێر .. لەوانەیە بیروباوەڕێک ، هەست وسۆزێک ، ڕێبازێک بوو بێتە بت . خۆ ئیسلام هەر بۆ ئەوە نەهاتووە بتی داروبەرد بڕمێنێـــت وپەیکـــەرەکانیان بڕوخێنێت .. نەخێر .. لەراستیدا ئەم ئیسلامە بۆ ئەوە هاتووە کە دوو ڕێیانی نێوان کوفرو باوەڕ ، شیرک ویەکخوا پەرستی ، جاهیلییەت وئیسلام دیاری بکات .. دووڕێیانی نێـــوان دینی خواو دینی غەیری خوا .. تا لە هەموو هەڵس وکەوت ورەوتێکدا هەڵوێستی بەرامبەر هەموو رەفتارو گوفتارێک دیاری بکات . تا حوکمی هەموو دیدوبۆچـــوون وبیروبـــاوەڕو ڕێبازو خەبات وسیستم وپرۆگرامێک ڕوون بکاتەوە .. تا هەموو شتێکی دەورووبەری مرۆڤ پێناسە بکات . تا بزانرێت ئایا ئەمانە سیستم و پرۆگرام و دیـــدی خواناســـین یـــان هـــی فرەخواناسین . تا بزانرێت ئایا ئەو خەبات وهەوڵدانە بۆ سەروەری یاساو ڕێساو دەستوری تاغووتانە . یان بۆ سەلماندن وچەسپاندنی شەریعەتەکەی خوایەو بۆ دامەزرانـــدنی حـــوکمی خوایە لەسەر زەوی ..

<u>دین هەر شایەتمان نییە</u>

ئەوانەی وا دەزانن هەربەوەندەی بەزمان شایەتمان دەهێنن ونوێژ دەکەن ورۆژو دەگـــرن وژن هێنان وتەلآقدانیان ، یان میرات ومیراتگرییان کە بەگوێرەی تەعلیماتی ئیسلام دابـــەش دەکەن ، ئیتر ئەمەندە بەسەو هاتوونەتە ( دینی خوا ) وە ، بەڵام لەلایەکی ترەوە مل کەچ و گوێڕایەڵی یاساو ڕێسای دژ بە ئیسلامن . لەسەر ئەمەشەوە گیان وماڵیـــان لـــە پێـــناوی

ڕێبازێکی جاهیلییەتدا دەکەنە قوربانی ولەخەباتێکی بەردەوامدان و ووزەیان دەخەنە گەڕ تا ئاواتی بتی نوێ بێتە دی !!

دیسان سەرەڕای ئەمەش : کە دەبینن ئابڕوو ڕەوشت ونەریت ورەهەندو بەهاو بڕیارەکانی دین کە دەبێتە ڕێگری داواکارییەکانی جاهیلییەت وتەعلیماتی بتە نوێکان ، ئەو بەها ئیسلامیانە دەخەنە لاوەو داواکارییەکانی جاهیلییەت جێ بەجێ دەکەن ! ئەمە چ دینداریيەکە ؟ ئەو کەسانەی ئەمە هەڵس وکەوت وحاڵیانە هەروا دەزانن هێشتا لە ( دینی خوا) دان ؟!

ئەوانە دەبێت بەهۆش خۆ بێنەوە .. دەبێت سەر لە نوێ حاڵی بنەوە کە ئەو حاڵەتەی ئەوانی تێدان شیرکێکی زۆر گەورەو دژوارە!! ئەوانە لە دینی خوادا نین ! دینی خوا گاڵتە بازاڕ نیە دینی خوا ئاوها لاوازو هیچ و پووچ و بێ قەدرو قیمەت نیە !! ئەمە ( دینی خوا ) نیە .. ئەم جۆرە کەسانە لاف وگەزافی موسوڵمانێتی لێ دەدەن ، وخۆیان وخەڵکی هەڵدەخەڵەتێنن .. یان زۆر گێل وهێڕو گەلحۆن ، یان زۆر نەزانن ، یان زۆر لا ئوبالین و گوێ نادەن بەگرنگی دین وجیددیەتی دینداری .. دینی خوا بەرنامەو پەیڕەوو پرۆگرامی هەموو گۆشەو بارێکی ژیانی ڕۆژانەیە . دینی خوا بریتیە لە : مل کەچکردنی هەموو فەرمان و بەرهەڵستی ( امر و نهی ) یەکی خوای گەورە . دینی خوا : ئەو ئیسلامەیە کە خوای گەورە غەیری ئەوی پێ قبوولْ نییە .. ئەو بەرنامەیە کە هەموو لایەنی ژیانی کۆمەڵگا دەگرێتەوە .. بەپێی ئەو ئیسلامەش شیرک تەنها لەبیروهۆش وباوەڕدا نیە .. بەڵکو پێش هەموو کێشەیەک ، لە بەحاکم دانانی غەیری خوادایە . لەوەدایە کە کەسێک یان دەستورو یاساو ڕێسایەک لەجێی شەریعەت وسیستەمەکەی خوای گەورە بکرێتە حاکم و دەسەڵاتدارو سەروەر .. یان حەکەم وناوبژیوان ودادوەر .. ئەوە شیرکە ، ئەوە کوفرە ، جاهیلییەتە ..

بتپەرستی بریتی نیە لە دارو تەختە پەرستن ، بەڵکو پێش هەموو شتێک بریتیە لە بەرزکردنەوەی ئالاّو درووشمی غەیری ئیسلامی وکۆکردنەوەی خەڵکی لە دەوریان و دانان بە دەسەڵاتدارێتی وسەروەری هێزو دادوەریيان ..

با هەموو خەڵکی ـــ لە هەر وولاتێک هەن ـــ سەیری دەسـەلاتی بـالای وولاتەکـەو سەروەری یاسایان بکەن بزانن ئەو دەسەلات و سەروەرییە بۆ کێیە ؟ دینی ئەو وولاتـە ـــ بەو سیفەتەی باسمان کرد ـــ چیەو ملکەچی بۆ کێیەو تەعلیماتی کێ جێ بەجێ دەکرێـت وخەڵکی گوێڕایەڵی کێن ؟ ئەگەر ئەمانە هەرهەمووی بۆ خواو شەریعەتەکەیەتی ، ئەوا ئەو خەڵکەش لە دینی خوا دان . ئەگەر بۆ غەیری شەریعەتەکەیەتی ئەوا با چاک حاڵی بن کە لە دینی تاغووت وبتپەرستیدان .. خوا پەنامان بدات [١٤] ..

( هَـذا بَلاغ للناسِ وَلِينذروا بِهِ وَلِيعلَموا إنَما هوَ إلــه واحِد وَلِيذكرَ أولوا الألبابِ ) ١٤ ابراهیم/٥٢ ..

..........................

گاغووت و دین

چی گاغووتە ؟!

ووشەی ( گاغوت ) لە ( گغیان ) وەرگیراوە وەزنی وەکو ( مَلَكوت ورَحَموت ) ە خوای پەروەردگار دەفەرموێ : ( وَالذِين اجتَنبوا الگاغوتَ أن يَعبدوها وَأنابوا إلى اللــهِ لَهــم البشرَ* فَبَشر عِبادِ . الذِينَ يَستَمِعونَ القَولَ فَيتبِعونَ أحسَنَه أولَئِكَ الذِينَ هَـداهم اللــه وَأولَئِكَ هم أولوا الألبابِ ) ٣٩ الزمر/١٧ واتە : ئەوکەسانەی کە توخنی تـاغووت نـە کەوتن ، چ جای ئەوەی بیپەرستن . ئەوانە ئەوکەسانەن کە بەرەو خـوا گەڕاونەتـەوە . مژدەیان لێ بێت .. مژدەش بدەرە ئەو عەبدانەم کە گوێ لە قسان دەگرن ، بەلام تـەنها چاکترینیان دەگرنە گوێ وشوێنی دەکەون . ئە وانە ، ئەو کەسانەن کە خـوا ڕێـنمایی کردوون وئەوانەشن خاوەن دڵ وژیری .. کەوابوو ئەو کەسانەی دوورن لە تـاغووت و

---

(١٤) بێگومان ئەوە حوکمی ئەو کەسانەیە کە بەو بەرنامەو ڕێبازو سیستمی جاهیلییە رازین وهەوڵنادەن بیگۆڕن .

تووخنی ناکەون وغەیری خوای گەورە ناپەرستن ؛ هەر ئەوانەن کە بەرەو خوای گـــەورە گەڕاونەتەوە وکڕنووشی مل کەچی و پەرستنیان تەنها بۆ ئەو دەربریوە . تاغووت هـــەموو دەسەلاتێک دەگرێتەوە کە شەرعیەتی دەسەلاتەکەی لە خوای گـــەورەوە وەرنەگرتبێـــت .هەروەها هەمووحوکم وياساو سیستمێکە کە لە شەریعەتی خواوە هەڵنەقولابێت . بۆیە هەر جۆرە لە سنوور دەرچوونێک هەر جۆرە لە حەق لادانێک ، دەست درێژی کردنە بۆسەر دەسەلات وخوایەتی خوای گەورە ، بۆ سەر حاکمێتی خوای گەورە . ئەمەش نـــاڕەواترین وناقۆلاترین دەستدرێژییەو لە هەمووستەم ولە سنوور دەرچونێک خراپترە . ئەمـــە یـــاخی بوونێکە پێناسەی تاغووتی لە هەموو رووبەکەوە بە سەردا دەبڕێت کـــە خـــوای گـــەورە دەرهەق ئەهلی کیتاب ( جولەکەو مەسیحی یەکان ) دەفەرموێ : ( اتخـــذوا رحبـــارهم ورهبانهم رربابا من دونِ اللهِ ) ٩ التوبە/٣١ واتە :حیبرو راهیبـــەکانیان ( کـــە پیـــاوی دینەکەیانن ) لە جێی خوای گەورە دادەنا .خۆنەیان دەپەرستن ( بە مانای کڕنوش بۆ بردن ) بەڵکو یاساو رێساو شەریعەتیان لێوە وەردەگرتن . خوای گەورە ئەمەشی بە ( عیبادەت ) لە سەر دانان وبە موشریکیشی ناساندن . چونکە ئەو خەڵکە گومڕایە تاغووتیان دەپەرست .. واتە ئەو دەسەلاتدارانەی بە ناوی خواوە لە سنووری عەبدایـــەتی وئـــەرکی خۆیـــان دەردەچوون . خۆ ئەو خەڵکە گومڕایە نوێژو رۆژوویان بۆ ئەو حیبرو قەشەو راهیبانە ئەنجام نەدەدا ، بەڵکو مل کەجییان بۆ دەردەبڕین و گوێڕایەڵی تەعلیماتەکانیان دەبوون . ئەمەش پەرستنەو بۆغەیری خوای پەروەردگار ئەنجام دەدرا . بەمەش ئەو پەرستیارانە لە دینی خوای گەورە دەچوونە دەرەوە .. مەبەستی بانگەوازی خوا وویستی روون وئاشـــکرایە . مانـــای دینداریێتی بۆ خوای گەورە روون وئاشکرایە . کە بریتییە لە سەندنەوەی دەسەلات لە بەندە گومڕاو ملهوڕە تاغووتەکان و گێڕانەوەی بۆ خوای گەورە . ئەگەرچی لای تاغووتـــەکان ماناو مەبەستی بانگەوازی خوایی ( خراپەکاری ) یە! یان بەدەردی لە فەرهەنگی سیاســـی ئەمڕۆدا دەڵین (( محاوله لقلب نظام الحكم )) ە واتە : تێکۆشان بۆ هەڵگێڕانەوەی سیستمی حوکمی وولات ! بڕوانە ئەم گفتوگۆیـــەی ســـیدنا موســـا لـــە لایـــەک و فیرعـــەون دارودەستەکەی لە لایەکی تر : ( وقالَ موسی یا فِرعَون نی رسول من رب العـــالمِین ) ٧ الاعراف/١٠٤. واتە : موسا فەرمووی : ئەی فیرعەون ، من نیراوی خوای پەروەردگاری

جیهانیانم .. (وَقَالَ الْمَلَأُ مِن قَوْمِ فِرْعَوْنَ أَتَذَرُ مُوسَىٰ وَقَوْمَهُ لِيُفْسِدُوا فِي الْأَرْضِ وَيَذَرَكَ وَآلِهَتَكَ ) ٧ الاعراف/١٢٧واته : دەستەی حاشیه وراویژکارەکانی فیرعەون پییان ووت : تۆ ئاوا له موساو گەلەکەی دەگەرێیت خراپەکاری له وولاتەکەدا بکەن وواز له خوایەتی تۆ بهێنن ؟!!سیستەمی حوکم له جاهیلیەتدا له سەر ئەو ریساو بناغەیە دادەمەزرێت کە یەکێک له بەندەکان خۆی له وانی تر دەکاته خوا !! له بانگەوازی ئیسلامیشدا خوایەتی ( پەرستن ویاسا دانان ) هەرهی خوای گەورەیه که دەسەلاتی بەسەر هەموو بوونەوەردا هەیەو دەسەلاتی بەسەر هەموو بەندەکانیدا وەکو یەکە .. ئەو سیحربازانەی که باوەڕیان به خوای پەروەردگاری جیهان هێنا ، تەسلیم به دەسەلات وخوایەتی خوای گەورە بوون . بەمەش ئیعلانی ئەوەیان کرد که له ژێر رکێف و دەسەلاتی لادەری تاغووت دەرچون کە مافی خوایەتی خوای گەورەی بۆ خۆی زەوت کردووە ئەوسیحربازانەی ــ بۆ دژایەتی و بە درۆخستنەوەی سیدنا موسا هاتبوونە مەیدان ــ که موسوڵمان بوون ، دەیانزانی شەڕی داهاتوویان شەڕی عەقیدەیه . دەیانزانی هەر بەوەندەی ئەم عەقیدە دینی یه ئاشکرا بکریت ، ئەمه نیشاندانی مەترسی دژوارو هەڕەشەی کاریگەری عەمەلی یه له دەسەلاتی تاغووتەکان . بگرە هەربەوەندەی ئیعلان دەکرێت که خوای پەروەردگار خوای هەموو جیهانیانە ، هەر ئەمه خۆی ئیعلانی رەفزی دەسەلاتی ئەو تاغووتانەیه .. پاشان فیرعەون پێی ووتن ( إِنَّ هَٰذَا لَمَكْرٌ مَّكَرْتُمُوهُ فِي الْمَدِينَةِ لِتُخْرِجُوا مِنْهَا أَهْلَهَا ) ٧ الاعراف/١٢٣ واته: ئەمه هەر فاک وفیکی خۆتانە دەتانەوی خەلکی وولات ئاوارەبکەن و بیانبەنە دەرەوە.. ئەموش هەر وەکو ئەو تۆمەتانە وایە که جاهیلیەتی نوێ دەیخاتە پاڵ ئەو کەسانەی خوایەتی ــ بە مانا حەقیقی یەکەی ــ دزێوو له تاغوتەکانی مێژوو دەیانخستە پاڵ هەموو داعیە چاکە خوازەکان .. مەگەر فیرعەون نەیدەووت : ( إِنِّي أَخَافُ أَن يُبَدِّلَ دِينَكُمْ أَوْ أَن يُظْهِرَ فِي الْأَرْضِ الْفَسَادَ ) ٤٠ غافر/٢٦ واته : دەترسم دینەکەتان ( بەرنامەی ژیان و رێبازتان ) بگۆرێت ، یان بکەوێته خراپەکاری له وولاتدا ! مەگەر ئەم قسه هیچ و پووچانە هەر هەمان قسەی شەڕخوازە ڕقنەکان نیه که بەڕووی پاکی ئەهلی چاکی حەق و ڕەوادا دەکرا .. مەگەر هەمان پڕوپاگەندەی فریودان وقسەی لووسی هەڵخەڵەتاندنی ئەهلی باتڵ نیه له هەموو کات و شوێنێکدا که دەیانەوێت خەڵکێکی گێل بەرامبەر حەق و ئەهلی ئیسلام بهروژێنن ؟! بەڵێ

هەر ئەمانەن !! هەمان هەڵوێست ، قسەو قسەڵۆک .. هەر کاتێک حەق و ناحەق بەیەکتر گەیشتن ، ئەم بەیت و بالۆرانە دووپات دەبنەوە .. هەمان تۆمەتی ناڕەوایە .. هەمان پێناسەو دیدە ، هەرکاتێک چاکەخوازی و شەڕخوازی دەبەرێک رادەچن ، ئەمانەش دیسان بەکار دەهێنرێنەوە .. کۆن نابن .. ئەم تانەو بوختانانە دەڵێی لەگەڵ چەرخی زەمانەدا دەچەرخێن ..

## تاغووت دەڵێ دیندار ترم !

هەر تاغووتێک کە رێی خواوویستی نیشان دەدرێت وئامۆژگاری دەکرێت هەواو هەوەس ونەفسی هەڕاڵی ناهێڵێت گوێ بیستی هەق بێت . هەر سوور دەبێت لەسەر دیکتاتۆری فیرعەونێتی وخۆپەسەندییەکەی خۆی .. مەگەر نابینیت فیرعەون دەیووت : ( مَا رُِيكُم إِلا مَا رَُى وَمَا رُِدِيكُم إِلا سَبِيلَ الرَّشَادِ ) ٤٠ غافر/٢٩ واتە : تەنها ئەو رێیەتان نیشان دەدەم کە خۆم دەیبینم ، خۆشم جگە لە رێی سەرفرازی هیچی ترتان نیشان نادەم ! بەڵێ .. تاغووتان هەر رێی سەرفرازی و بەختەوەری و ئاسودەیی دەبینن و هەر ئەوەش نیشانی جەماوەرەکە دەدەن !! دیوتانە بەدرێژایی مێژوو تاغووتێک رای کەسێکی حەق خوازی بەراست زانیبێت ئەگەر پێ ی ووتبێت : لەوانەیە بەهەڵەدا چووبێت ؟! هێشتوویانە کەسێک رایەکی تر ــ جگەلەوەی تاغووت خۆی هەیەتی ــ هەبێت ؟!جا ئەگەر گوێیان لە خەڵک بگرتایەو هێندە خۆپەرست نەبوونایە ، بۆچی دەبوونە تاغووت ؟!...تاغووت سوورە لەسەر باتڵی خۆی و کەللە رەقە لەبەرهەڵستی بانگەوازی خوای پەروەردگاری جیهانیان . چونکە زۆر چاک دەزانێت کە ئەم بانگەوازە خۆی لە خۆیدا ، شەڕی ریشە کێش کردنی ئەوی بە دەستەوەیە ..ناهێڵێت شەریعەتە تەزویرەکەی بمێنێت .. بە مەش رەگ و ریشالّی دەسەلاتەکەی هەڵدەتەکێت .. بۆیە مومکین نیە تاغووتێک رێگا بە خەڵکی بدات بڵێن : لاالە الاالله .. مەگەر لەوکات و شوێنانەدا کەخەڵکی حەقیقەتی مانای ئەم شایەتمانە نازانن .. دڵنیان کە ئەو جەماوەرە زۆرە نازانێت لاالە الاالله یەعنی چی ؟! بۆیە لەوکات و شوێنانەدا رێ دەدەن ، چونکە دڵنیان خەڵکی هەروەکو وێردێکی زیکری سەرزمان ئەو رستەیە دەڵێن . ئەمەش هیچ جۆرە زیانێک لە بوون ( وجود ) ی تاغووت و جاهیلیەتیان

نادات . بۆیە تاغووتان هەر هەقیان بەسەر ئەوانەوە نیە کە سەرزارەکی و بـێ تێگەیشـتن دەڵێن لاالە الاالله ئەمما ئەگەر کۆمەڵێک خواوویستی سەرڕاست ، بەراستی لە واتای دین و شایەتمان تێگەیشتن ، حەتمەن تاغووت تەحەمولی بوونیـان ناکـات .. چـونکە تـاغووت ئەوجەماوەری خەڵکەی بە خوایەتیەکی تەزویر بۆ خۆی ئیغفال کردوە ! بەوەی دەسـەڵاتی حاکمێتییەکەی ـــ کە دەبوو بە گوێرەی شەریعەتی ئیسلام بێت ـــ بە فریودان ، یان بە زۆر بەسەر ئەو خەڵکەدا سەپاندووەو خەڵکەکەشی کردۆتە کۆیلەو بەندە ..

## دین و سیاسەت ؟!!

هەموو جارێک و لە هەموو جێیەک باتڵ وا لە خەڵکی دەگەیێنێت کە گوایە ئەم بانگەوازە دینییە ، تازەیەو مەبەستی تری لە ژێر سەرەوەیە !! ئامانجی تری لە پشتەوەیە .. ئەهلی ئـەم بانگەوازە خواوویستیە ( تازە ) یە ، دینەکە بۆ ئامانجی سیاسی خۆیان بـەکار دەهێـنن .. ئەمەش هەموو کەس پەی پێ نابات .. تەنها ئەمانی تاغووت ودارو دەسـتە وسـیحیربازانی فیرعەون ، ئەمانی گەورە پیاوو ئاقڵ و ماقوڵ دەرکـی پـێ دەکـەن .. چـونکە ئـەمان سیاسەتمەدارن و دەزانن لە شت بکۆڵنەوە .. دەزانن لە پشت بانگەوازی دینی ئـاواوە چ مەبەستێکی تری شاراوە هە یە !! ( وَانطَلَقَ الْمَلَأُ مِنْهُمْ أَنِ امْشُوا وَاصْبِرُوا عَلَىٰ آلِهَتِكُمْ ۖ إِنَّ هَٰذَا لَشَيْءٌ يُرَادُ) ٣٨ سورە ص/٦واتە: دەمڕاست و حاشیەکان دەیان ووت : لە سەر ڕێبازی خۆتان بەردەوام بن و ئارام لە سەر خواپەرستیەکەی خۆتان بگـرن و خـوای خۆتـان ـــ گەرچی بتیش بن ـــ بوێت !! ئەم بانگەوازە نوێیە شتی تری لـە ژێـر ئالاَدایـە .. ئـەم بانگەوازەیان بۆ ئامانجی تری شـاراوە دەوێـت [١٥].. لاوەکـیش بەخـەڵکیان دەووت : باجەماوەری خەڵکی چارەسەرو بەرگری و ڕاگرتنی ئەم جۆرە بانگەوازە نوێیەو کەشـف کردنی ئامانجە شاراوەکانی لێ گەڕێن بۆ ئەمانی تاغووت .. بۆ ئەمانی پسپۆر ! چونکە ئەمان ژیرن ، پەی بەو ئامانجە پەنهانانە هەمووی دەبەن کە ئەم بانگەوازە نوێیە لە خۆی گرتوون

[١٥] ئێستاش بە موسوڵمانان دەوترێت : کۆنەپەرست وگێل و ئوسوڵیگەرو تاروویست و تیرۆریست .. پێمان دەڵێن : دەتانەوێ دەسکەوتەکانی شۆڕش و گەل و حکومەت بفەوتێنن و دژی دیموکراسی و مافی مرۆڤ و خەباتی مرۆڤایەتی بوەستنەوە .. !

.. لێی گەڕێن !! جەماوەریش دەچێتەوە سەر عادەتی کۆن وخوا بێ دەسەڵاتەکەی خۆی ! ئیتر هەقی بەسەر ئەم جۆرە مناوەرانەوە نییە .. تەواو .. کەشف کردنی ئەم بانگەوازو ڕێبازە نوێیەو ئەو تاقمەی لە پشتییەوەن ، ئەمە ئیتر ئەهلی تایبەتمەندی خۆی بۆی چوونەتە پێش .. گەورە پیاوان وسیاسەتمەدارانی وولاّت چوونەتە مەیدان بۆیان .. دڵسۆزانی گەل لە شەونخویدان و هەمیشە پەرۆشی بەرژەوەندی دین و دینداری جەماوەرن !! ئەم شێوازانەی فریوو دان . ئەم جۆرە رەفتارانە .. ئەم دوو سێ روویە .. بۆتە پلانێکی عادەتی ولە گەڵ زەمەندا دوپات و سێ پات دەبنەوە !! بەم نەخشانەیە کە تاغووتان نایەڵن گەل بایەخ بە کاروبارە گشتیەکانی ژیانی بدات ناهێڵن گەل چاوی بکرێتەوەو بەسۆراغی حەقیقەتی هەڵوێستەکاندا بچێتەوەو رەفتارەکان هەڵەسەنگێنێت و ناوەڕۆکیان ــ وەکو حەقیقەتیان ــ بۆدەربکەوێت چونکە ئاشکرایە ئەگەر جەماوەری هەر میللەتێک خۆی بە دووی حەقیقەتی شتەکاندا چوو ، خۆی چووە بنج و بناوانی مەسەلەکان ، خۆی سەری لە کێشەکان دەرکرد ؛ دژواریەکی گەورە بۆ تاغووتان دەخوڵقێنێت .. دژواری لەسەر ڕێبازو سیاسەتمەدارکان ، چونکە درۆو دەلەسەکان ئاشکرا دەبن .. دەردەکەوێت کە ئەم تاغووتانە میللەتەکەیان نوقمی دەریای وەهم وخەیاڵ پلاّو کرد بوو .. ئەم خەڵکەیان لە ئەڵقەیەکی بۆشدا هەڵدەسوڕاند !جا کە تاغووتان هەست دەکەن وا زەمینەی ژێر پێیان دەجمێت ، کورسیەکان وادەلەقێت ، کە دەبینن جەماوەر رابووە وهۆشی هاتوەتەوە ، لە ترسی بوون وقەوارەو دەسەڵاتە فشەڵکەی خۆیان قسەی نەرم و نییان لەگەڵ خەڵکی دەکەن و دەڵێن : بەڵێ ئەو کێشانە هەن .. بەلاّم با بزانین رای گەلەکەمان چیەو چی بە چارەسەر دەزانن ؟!! ( قَالَ لِلْمَلَإِ حَوْلَهُ إِنَّ هَٰذَا لَسَاحِرٌ عَلِيمٌ يُرِيدُ أَن يُخْرِجَكُم مِّنْ أَرْضِكُم بِسِحْرِهِ فَمَاذَا تَأْمُرُونَ ) ٢٦ الشعراء /٣٤ واتە : فیرعەن بە حاشیەو دەست وپێوەندەکەی دەورووپشتی خۆی ووت : ئەم کابرایە ( سیدنا موسى ) جادوگەرێکی زۆر شارەزایەو دەیەوێت بە سیحرەکەی خۆی ئێوە لە وولاّتی خۆتان وەدەرنێت ! جا ئێوە فەرمانتان بەچییە ؟

ئەوە لە ج زەمانێکەوە تاغووت وای لێ هاتووە فەرمان لە شوێن کەوتووەکانی وەربگرێت ؟ ئەوشوێنکەوتووە گەلۆرو گەمبۆلانەی کڕنووشی پەرستن بۆ ئەو دەبەن ؟ ئەمە

مەکری ساسەتمەدارانی جاهیلیە .. کە هەر کات هەستیان بە تەوژمی دژواری کرد ، پـەنا دەبەنەوە بەر گەل ! ئەو گەلەی تا دوێنێ لە ژێر پۆستاڵی خۆیان دادەنا ، ئەوەتا ئەمڕۆ خۆ وانیشان دەدەن کە نەک پرس و رای پێدەکەن ، داوای فەرمان کردنیشی لێ دەکەن ، بـا گەل فەرمان بدات جەنابی تاغووتیش جێبەجێی دەکات !! ئایا ئەمە وایە ؟! ئەمە ماقوڵە ؟! تاغووت وازی لە رای دیکتاتۆریەتی خۆی هێناوەوچاوەڕوانی مەشورەتی ( پیاوماقوڵ ) انی جەماوەرە !!

ئەوەش تاماوەیەکە .. تا ئەو زەمانەی لەکات و شوێنە دژوارە کە دەردەچن . .تا ئـەو زەمانەی رەشەبای قینی مەحرومان کپ دەبێتەوە .. ئەوجا دیسـان دەکەونـەوە وێـزەی خەڵکی !! چونکە ئەم تاغووتانە هەر هەمان دیکتاتۆری دڕندەو ئاغای رقن وەدەسەلاتدارە سپڵەکەی پێشوون !

<u>دین شۆڕشە !</u>

ئیعلان کردنی خوایەتی خوای پەروەردگاری جیهانیان ، ئیعلان کردنی ئازادی مرۆڤـە . ئازادکردنێنی لە مل کەچی و گوێ رایەڵی و شوێـنکەوتن و پەرسـتنی غـەیری خـوا .. ئازادکردنی لە یاساو رێساکانی مرۆڤ .. لە خوونەریت و داب ورەسمـی مـرۆڤ .. لـە حوکمی مرۆڤ .. چونکە ئیعلان کردنی خوایەتی خوای پەروەردگار بۆ هەموو جیهـان ؛ لەگەڵ ملکەچی و گوێڕایەڵی و بەندایەتی بۆ غەیری خوای گەورە لە یـەک دڵ ودەرون و ژیریدا کۆ نابنەوە .. هەروەها ئەوی ئازادانە ئیعلانی خوایەتی و حاکمێتی خوای پەروەردگار دەکات ناکەوێتەوە ژێر حاکمێتی غەیری شەریعەتەکەی خوای گەورە .. ئـەو کەسـانەی هێشتا وان لە ژێر سایەی یاساو رێسای مرۆڤی وەکو خۆیان وواش دەزانن هەر موسـڵمان ماون ، ئەوانە کە خوایەتیەکی تری غەیری خوایەتی خوای پەروەردگاریان بە سەرەوەیە ووا دەزانن هەر موسڵمانن ! وانیە .. ئەوە هەر گومانی خۆیانە وبەس .. ئەوانەی لەژێر سایەی حوکمی حاکمێیتی غەیری خوای پەروەردگاردان لە دینی پاشا ( الملک ) دان ! نەک لە دینی خوای گەورە دا [١٦]..

---

(١٦) بێ گومان مەبەستی سەیید ـ رحمه الله ـ ئەو کەسانەن کە بـە ئـازادی و سەربەسـتی خۆیان یاساو رێساو حاکمێتی غەیری خوای گەورەیان پێ قبوڵەو پێی رازی بوون و وەریان

تاغووتەکان خۆیان پەی بەم نهێنییە دەبەن ودەشزانن ئــەم هەڵوێســتە چــەند دژوارو کاریگەرە لە سەر بانگەوازی خوایی و خواویستان . بۆیە کابرای عــەرەبی ــ هــەر بــە سروشت و سەلیقەی دەشتەکی خۆی ــ کەگوێی لێ بوو پێغەمبەر ﷺ خەڵکی بانگ دەکرد بۆ شایەتمان ( لاالە الاالله محمد رسول الله ) ووتی :( هذا امر تکرهه الملوک ) واتە : ئەمــە کارێکە پاشاکان دەیبوغزێن .. عەرەبێکی تریش هەر بە سەر سروشت و سەلیقەی خــۆی ووتی: ( ذن تحاربک العرب والعجم ) واتە :جا کەوابوو عەرەب و عەجەم دژت جــەنگ بەرپا دەکەن .. ئەم دوو عەرەبە لە ماناو واتای زمانەکەی خۆیان تێدەگەیشتن .. دەیــزانی لاالە الاالله شۆڕشێکە دژی ئەو کەسانەی کە بە شەریعەتی خوا حوکم ناکەن جا عەرەب بن یان غەیری عەرەب .. عەقیدەو جیددیەت و کاریگەری شایەتمان لە هەست وهۆشیاندا زۆر قوڵ ڕۆ چوو بوو .. دەیان زانی کە ممکین نیە نە لە یەک دڵ و دەروندا و نە لە یەک ناوچەی سەر زەویدا لاالە الاالله و حوکمی غەیری خوای گەورە پێکەوە ناسازێن .. چونکە ئەستەمە ئەو دوو دیدو بەرنامەیە پێکەوە هەڵکەن ! نابێ و ناشێ ناکرێ خوای تر لە گــەڵ خوای پەروەردگاردا دابنرێت . کەس لەو زەمانەدا واحاڵی نەبوو بوو ــ وەکو موسڵمانانی ئەم زەمانە ، کە لاف و گەزافی موسڵمانیش لێ دەدن ، وا لێڵ حاڵی بوون ــ ئەوان وەکو موسوڵمانانی ئەم زەمانەی ئێمە ئاوا سەتحی و کزۆڵ و ساویلکە لەم دینە تێ نەگەیشتبوون ! کاتێ ئەو خەڵکە غەیری خوا دەپەرستن ، ئیتر دڵ ودەرونیان لە سەر زەلیلــی رادێــت ! خوای گەورەش دەیەوێت خواپەرستی لە سەر رێزو عیزەت دبمەزرێت .. کــاتێ خــەڵکی غەیری خوای گەورە دەپەرستن ، ژیانیان لە سەر ستەم و دەس درێژی دادەمەزرێت ! خوای گەورەش نایەوێ رەنجی دینداران بێ هودەو بەهەدەر بڕوات . لە پەرستنی غەیری خــوای گەورەدا .. نایەوێت ووزەی جەماوەر ، لە تەپڵ و دەهۆڵ کوتی وزوڕنا ژەنیدا سەرف ببێت کە لەگەڵ سەمای مەستانەدا بەدوای خوا درۆزنەکاندا ئەنجام دەدرێت .. نایەوێت فــووی هەڕاڵی ( غرور )و خۆبەزل زانین بکرێت بە لووتی تاغوتەکاندا تا دەگەنە ئــەو پلــەی وا

---

گرتووە و ملکەچانەش رایدەپەڕێنن . حەتمەن ئەوانە لە بازنەی ئیسلامدا نەماون .. ئــەمما ئەوانەی ناچار (موکرەهــ ) کراون و موستەزعەفن و هەوڵی گۆڕینیشی دەدەن یان نــاتوانن بیگۆڕن و هیجرەتیشیان بۆ ناکرێت ، ئەوانە خاوەن بەهانەی شەرعین و عوزریان هەیە ..

حاڵی بکرێن کە فیعلەن خوان و مافی پەرستن و شوێن کەوتنپیان لەسەر جـەماوەر هەیـە چونکە ئەمانە خۆیان لاوازن ، بچوکن ، گرنگن ، کەم وکورت و بێ دەسەڵاتن ! ئیتر چۆن جێی خوای گەورەو کاربەجێ دەگرن ومافی شەرعیەتی ئەو زەوت دەکەن؟! ئەم تاغووتانـە .. ئەم درۆزنانە .. جەماوەرە چەواشە کراوەکە وا را دەهێنن تا بەدەوریاندا بێن و بچن .. شەوورۆژ لە هەلەکەسەمادا بن ولەدەوری سەریان گەڕێن ، بۆناوو سومعەو نازناوی فشەو قەبەیان ! زێوانە زوڕنا ژەنەکانی دەورووپشتیشیان زیاتر بەشان وباهویانـدا هەڵـدەدەن .. مەدحیان دەکەن .. بە رەفتارو کاروکردەوەی بەدو ناپاکیاندا هەڵ دەدەن .. سرودیان بـۆ دەڵێن .. تا ئەو جەماوەرە وای لێ دێت ـــ بێ هۆشانە لەدەوری تاغووت دەگەڕێ ـــ ئەو حاشیەو زێوانە هامانیانە کە ئاوا خەرمانەی زێڕینی دەوری مانگی چواردە دەکـەن بەبـەر ئەماندا وپێ و قەدەمیان لەبەر چاوی میللەت ـــ بـۆ فـەڕوپیرۆزی ـــ مـاچ دەکـەن و سەلاواتیان لەدیار لێ دەدەن .. مافی بوونی جەماوەر ـــ بە ووزەو ورەو رەمزیانەوە دەکەنە سوتەمەنی مانەوەی ئەوان و بۆیانیان دەتوێننەوە .. تا هەر هـەموو دەبنـە دەروێشـیان .. دەروێشی فریوو دراو دەسخەڕۆ .. دەروێشی ماندوو هیلاک و رەنج بەخەسار .. ئیتر گەل و میللەتی داماو غەیری ئەوان کەسی تر نابینێت .. خۆشی لەدەستاری دەستدرێژی وتوغیانی خۆیدا هەر دەهاڕرێت !خۆشی رەنجێکی وا ئاراستە کراوی پێ نامێنێتەوە کە لـە دنیـادا بەرهەمێکی بۆ ئاسودەیی و بەختەوەری خۆی و کۆمەڵگەکەی پێ بهێنێتەوە .. بەڵکو هەرئاوا .. نەوە بە نەوە .. جەنجەری گێرە رادەکێشن وهەرلە ناسۆرو زەحمەتدا هـەر یـەک بـە جۆرێک هەڵپە دەکات حاشیەو جەماوەرەکە بێ گومان زەلیلتر دەبن ، چونکە بوونییـان نەماوەو چاوەڕوانی کەرەمی تاغووتن ! چاوەڕوانن جارجارە تاغووت مستێک کـا ! بـۆ ژیانێکی کولەمەرگی بکات بەدەمیانەوە .. نەبادا یەکجاری بکەون ! ئەم جەنجەڕو دەستاڕو هاڕینەش هەر بەردەوامە تا گۆڕانکاری کۆمەڵگەکە بەرە و خواوویستی دێـت و هەسـتی گۆڕان و گۆڕین لە ناخی تاک و بەرپرسی گۆڕان و گۆڕین لە ناو ریـزی کۆمەڵگەکـەوە دەست پێ دەکات .. خوای پەروەردگار سروشتی ئەم مرۆڤە دەناسێت ، چـونکە خـۆی دروستی کردووە ، دەشزانێت سنوری ووزەو توانای تا کوێیە . بۆیە شتێکی وای لەم دینەی ـــ کە بۆ هەموو کۆمەڵگەی مرۆڤی ناردووە ـــ لەسەر فەرز نەکردووە قورس بێت وبۆیان

ئەنجام نەدرێت .. هەرچی فەرز کردووە جێبەجێ کردنیشی ئاسانە .. موسوڵمانان ــ ئەگەر وویستیان بوونیان هەبێت و جیددی بن لە وویستەکەیاندا ــ دەتوانن هەموو دینەکە وەرگرن و هەمووشی بچەسپێنن .. ئەگەر سروشتیان ساغ و پاک و هاوسەنگ بێت و نیەتیان وابێت کە خوای گەورە لە خۆ رازی کەن ، دەتوانن سەر لە نوێ ئەم دینە خواییە بهێننەوە .. روون کردنەوەو بەرچاو خستنەوەی ئەم حەقیقەتە گرنگییەکی زۆری هەیە . گرنگە بۆ رووبەڕوو بوونەوەکانی رۆژانەی شەڕخوازی جاهیلیەت ، کە تاغووتەکان سەرپەرشتی دەکەن . ئەوان دەیانەوێت مرۆڤ لە ژیانێکی بەرەڵایی ئاژەڵیدا بژی .. دەیانەوێت مرۆڤ وەکو سەرەمێکوتە لە زەلکاوێکدا بژی .. گوایە ( ئەمە واقیعە واقیع ) سروشت وسنوور پێناسەیەکی ئایدیالییەو لە واقیعی سەرزەمینی ئەمرۆدا ناچەسپێت!! تا یەکێک دەتوانێت دیندار بێت سەد کەس لێی هەڵدێن ! بەڵام ئەمە پالآنتەو گەزافێکی درۆیە .. هەم درۆیە ، هەم پروپاگەندەی فریوودانە .. هەم بانگەشەیەکی نەزانانەشە .. ئەو کەسەی وا دەڵێ مرۆڤی نەناسیووە .. ئەو سیفەتانەش کە لەمرۆڤدا هەن ، کە خوای گەورە شارەزایانە ، ئەو هەموو جۆرە تەبیعەتەی تەنها خوای گەورە دەیانزانێت چین و چۆنن .. مرۆڤ خۆی پەییان پێ نابات .. خوای گەورە خۆی مرۆڤی دروست کردووە .. دەزانێ چۆنی دروست کردووە و زۆرچاکیشی دەناسێت ، بۆیە تەکلیفی ئەو دینداریەی بەو شێوە لێکردووە ..خوای گەورە و میهرەبان دەزانێ کە ئەم مرۆڤە دەتوانێت ئەم داواکاریانەی دین راپەڕێنێت .. خۆ دین بۆ کۆمەڵە خەڵکێکی تایبەت نەهاتووە .. بەڵام ، نا .. مەسەلەکە هەر وویست و ئیرادەو عەزیمەتە .. وویست و ئیرادەی مرۆڤی ئاسایی .. پاشان نیەتی پاکی خوادوویستی یە .. ئینجا کەوتنە رێ .. ئینجا هاوکاری خوای گەورەیە بە رێنمایی و پشتگیری و پاداشت .. ( وَلَوْ أَنَّهُمْ فَعَلُوا مَا يُوعَظُونَ بِهِ لَكَانَ خَيْرًا لَهُمْ وَأَشَدَّ تَثْبِيتًا . وَإِذًا لَآتَيْنَاهُم مِّن لَّدُنَّا أَجْرًا عَظِيمًا وَلَهَدَيْنَاهُمْ صِرَاطًا مُّسْتَقِيمًا ) ٤ النساء | ٦٦واتە : ئەگەر ئەوان ئەوەیان بکردایە کە ئامۆژگاری کرابوون ، چاکتر بوو بۆیان . زیاتر جێگیرو جێ پێ قایم دەبوون و ئێمەش لەلایەن خۆمانەوە پاداشتی زۆر گەورە ترمان دەدانەوەو زیاتر رێنماییمان بۆ رێگای راست دەکردن .. کەوابوو هەر لەگەڵ دەست پێ کرنەکە یارمەتی خوای گەورەش مسۆگەرە .. ئینجا راگری و مانەوەو جێ پێ قایم بوون . ئینجا بەردەوامی

و پشوو درێژی و هیوا روونی .. ئینجا پاداشت و خەلات .. پێ هـــەڵگرتن لـــەم ســـەرەتا راستەوە ، حەتمەن خاوەنەکەی دەگەیێنیتە رێنمایی خوایی ..

( ولهديناهم يراگـا مستقيما )

يدق الله العڤيم

...........................

بزاڤی دین

جارجارە گومانێکی فیلاوی ، یان خۆزگەیەکی بە گلەیی و گازاندەی گیلانە بە شێوەی پرسیار دێتە گۆڕێ کە ( خوایە ، بۆچی وا روویدا ؟! بۆچی حەق ئاوا تووشـــی نەهامـــەتی هات و باتڵیش ئاوا بۆی دەرچوو ؟! بۆچی ئەهلی حەق ئاوا دوچاری بەلاو موسیبەت دێن و ئەهلی باتڵیش نەک هەر قوتار دەبن ، زاڵیش دەبن ؟!! بۆچی هەر کاتێک و لە هەر شوێنێک

حەق و باتڵ دەبەڕێک رادەچن ، باتڵەکە سەردەکەوێت ؟!! مەگەر ئەم حەقە هەر ئەوە نییە کە دەبێت حەقەن هەمیشە سەرکەوتن بەدەست بهێنێت ؟! ئەدی بۆچی لەوەتای هـــەین ! جەولەی خۆبادان شان هەڵتەکاندن هەر بە نسیبی باتڵ دەبێت و دڵ و دەروون و ئـــیرادەی حەقخوازانیش تووشیدەیان نەکسەو بوومەلەرزەی دەروونی دەبن ؟!! ) .

خۆ یاوەرانی پێغەمبەریش ﷺ هەندێکیان ئەمەیان لە غەزای ئوحوددا فەرمووبوو : ( قلتم رٔن٭ هـــژا ) ؟! ٣ ٭ل عمران/١٦٥ واتە : خوایە ئەمە چۆن بوو ؟ بەڵام خوای گـــەورە گوڕو تین لە ئیرادە لاوازو جەستە ماندوو دڵە بێ تاقەتەکان دەکاتەوەو لـــەو وەسوەســـانە پاکیان دەکاتەوە ، بەوەی کە رێسای کارو گۆڕانکاری و ئیدارەی خوایەتی ــ دوێـــنێ و ئەمڕۆو سبەی ــ خۆییان بۆ روون دەکاتەوە . بۆیان دەردەخات کە کاتێک باتڵ لە زەمان و سەردەمێکدا گرەو دەباتەوەو لە جەولەیەکی روو بەڕوو بوونەوەدا بە زاڵ و هەڕاڵییەوە بۆی دەردەچێت و فشەو فیشاڵ دەنوێنێت ، مانای وا نییە کە خوای گەورە لێی گـــەڕاوەو هەقی بەسەریەوە ەماوە !! ئەوە ناگەیێنێت کە هێزی باتڵ وای لێ هـــاتوو هـــیچ هێزێـــک دەرەقەتی نایات و هەموو ساتێک دەتوانێت ئاوا سەرکەوێت و حەق دووچاری زیان و ژان و ناسۆری شکستی بکات .. هەروەکو چۆن کە حەقیش لەو جەولەدا شکســـتی هێـــناوەو کزۆڵ و بێ تاقەت و بێ ناز کەوتووە ، مانای وا نییە کە خوای گەورە پشتی تێ کردووەو فەرامۆشی کردووەو لێ گەڕاوە باتڵ بە کەیفی خۆی گورزی لێدا ، تا دەتاسێت و هەناسەی لەبەر دەبڕێت !! نەخێر ، ئەمە وویست و حیکمەتی خوای گەورەو کاربەجێیە ، هـــەر دوو هەڵوێستەکە هەر بە گوێرەی قەدەری خوا بوون ، حیکمەتی خوای گەورە وای دیاری کرد کە بوارێک بۆ باتڵ بڕەخسێنێت تا ماهییەتی خۆی بە تەواوی بخاتە روو ، تا هەرچی ناشیرینە لێوەی دەرکەوێت ، تا کام تاوانەی ناقۆڵاو دزێوە لەبەر چاوی خەڵکی بیکات ، تا کـــۆڵی فەسادو خراپەکاری قورستر کات ، تا دوایی بە ژانترین سزای بەسەردا بدرێت و خـــەڵکی بڵێن : ئۆخەی ، بەراستی موستەحەققە !

دیسان هەر حیکمەتی خوای گەورەیە کە دەیەوێت حەقیش دووچاری تـــاقی کردنـــەوە بکات .. تا پاک و پیس لێک جودا ببنەوە ، تا پاداشتی ئەوانەی بەردەوام بوون و ســـوور

بوون لەسەر ڕێ و سوور بوون لەسەر هەڵوێستی ئیماندارانەی خۆیان زۆرتـــرو گرانتـــرو گەورەتر بێت ..

ئەنجامی کۆتایی هەر بردنەوەی حەق و دۆڕاندنی باتڵە ، هەم لێرە ، هەم لەوێ .. خوای گەورە دەیەوێت ئەم جەنگ و ململانێیەی حەق و باتڵ بکات بە هی خۆی . بیکاتە کێشەی خۆی

ئەو گومان و گرێ و گۆڵەش کە لە دڵ و دەروونی هەندێکدا پەیدا بووە ، خوای گەورە بە لوتفی خۆی دەیڕەوێنێتەوە . چونکە گومانی جاهیلییانەن و لە جێی خۆیدا نین .. کـــزی باوەڕو نەفەسی کورت و تینی دەرەکی درووستی کردوون . لەوە هاتوون کە خاوەن ئـــەو دەروونە لەرزۆک و باوەڕە کزانە ، کە دوژمنانی خواو بەرهەڵستکارانی حەق دەبینن ، نەک هەر تووشی نەهامەتی و زیان نەهاتوون ، بەڵکو ئەوەتا دەبینرێن گرەویان بردۆتەوەو بوونەتە خاوەن هێزو دەسەڵات و سەروەری و سامان ! ئەمەش خۆی بۆ خۆی دڵە راوکەیەکی تر لە دڵ و دەروونی خەڵکی دەوروبەریاندا دروست دەکات و باوەڕ لاوازەکان بەرامبەر خوای گەورە دەخاتە گومانی خراپەوە ! وا دەزانن کە خوای گەورە وازی لەم دەبەرێک راچوون و ململانێیەی نێوان حەق و باتڵ هێناوەو حەقی بەســـەر هـــیچ لایەنێـــکیانەوە نـــەماوەو تەدەخولی ئەم جەنگە نارەوایە ناکات !! بەڵکو لێ دەگەڕێت باتڵی ناپەسەند ئاوا حـــەق تێکشکێنێت و بیبەزێنێت و خوای گەورەش ـــ هەر چەندە بـــە توانـــاو بەبەزەییشـــە ـــ د*ستێک ناداتە باڵی حەقخوازان تا هاوکێشەکە بگۆڕێت !! یان وا حاڵی دەبن کە باتـــڵ لەسەر حەقە ، بۆیە ئاوا خوای گەورە ڕێی داوە نەک هەر بێتە کایەوە بەڵکو زاڵیش بێت و گەشە وتەشەنەش بکات .. یان وا دەزانن سروشتی ململانێکە وایە کە باتڵ گرەوی خـــۆی لەم دنیایەدا حەتمەن دەباتەوەو ژیانی دنیا هی ئەوە بۆیە هەر زاڵ دەبێت ! بواری سەرکەوتنی حەقیش ئێرە نییە ! سەر زەمینی ئەم دنیایە نییە ! پاشان وا دەزانن هاوکێشەی ئەم ناکۆکیـــە هەر دەبێ ـــ لەم دنیایەدا ـــ ئاوا لاسەنگ بێت ! هەر دەبێ بوار بـــۆ جـــەللادو زاڵـــم و ستەمکاران والا بێت تا زیاتر بە زەلکاوی فەسادو خراپەکاریدا رۆ دەچن ، تا کوفرو بـــێ دینی خۆیان زیاتر ئاشکرا دەکەن ، تا ئیتر قەناعەتی وایان لا دروست دەبێت کە هەر خۆیان

راست و رەواو دادپەروەرن ، هەر خۆيان ئازاو بەهێزو نەفەس درێژن و هــيچ هێزێــكى خواوويستى ناتوانێت لە ڕێياندا بوەستێتەوە !!

ئەمانە هەمووى وەهمن .. بە هەڵەدا چوونن .. خراپ تێگەيشتنن .. گومانى خراپن و بە خواى گەورە دەبرێن .. ئەمانە هيچيان لە جێى خۆياندا نين ..

ئەوەتا خواى گەورە بە حەزەرەوە بە كافرەكان رادەگەيێنێت كە گومانى وا بەد بە خواى زاناو كاربەجێ نەبەن .. چونكە خواى گەورەو بەدەسەڵات ، لەگەڵ ئەو هەموو كوفرو بێ دينيەشدا كە ئەوان دەيكەن ، هێشتا تێكى نەشكاندوون و لەناوى نەبردوون ئەو دەسەڵات و پلەو سامانەى خواى گەورە پێى بەخشيوون ، مادەى تاقى كردنەوەو مايەى بەدبەختى و سەرئێشييە ، لە مەداى دووردا دەردەكەوێت كە ئەوە زنجيرى جڵەوە ! پەتى هەوسارەو بە ئەنقەست بۆيان شل ودرێژ كراوە !! رۆژى خۆى دێت لە لا لغاوەيان توند بكرێــتەوەو سەريانى پێوە بادرێت و لە جێى خۆيان مۆڵ درێن و بەشەتەكى ببەسترێنەوە : ( وَلَا يَحْسَبَنَّ الَّذِينَ كَفَرُوا أَنَّمَا نُمْلِي لَهُمْ خَيْرٌ لِأَنْفُسِهِمْ إِنَّمَا نُمْلِي لَهُمْ لِيَزْدَادُوا إِثْمًا وَلَهُمْ عَذَابٌ مُهِينٌ ) ٣ *ل عمران/١٧٨ واتە : با ئەوانەى كافر بوون وا نەزانن ئەوەى پێمان بەخشيوون خێــرو فەڕەو هاتۆتە ڕێيان ، نا ، ئەمە هەر هەمووى بۆ ئەوەيە كە تاوانى ترى پێ زيــاد كــەن و گوناحى پێ كەڵەكە كەن ، دواييش سزاى بەژان دەدرێن !!

بەڵاو موسيبەت و نەبوونى و چەرمەسەرى ، گێرەو كێشەى تاقى كردنــەوەى خــواى گەورەن ، خواى گەورە بە زانستى و ئاگايى حيكمەتى خــۆى ـــ بــۆ ســوودى خــودى موسوڵمان ـــ دەيهێنێتە سەر ڕێى ئەو كەسانەى چاكن . خۆى دەيەوێت تووشى چــاكەى تريان كات . خواى گەورە كە ئەوليا پياوچاكە خۆشەوويستەكانى خۆى دووچــارى ئــەم هەموو كەندو كۆسپ و هەڵدێرانە دەكات بۆ ئەوەيە خێرى تريان بۆ زەخيرە كات ، كــە ئەو پاك و سەرڕاست و ساڵحانەى خۆى موبتەلاى ئەو كێشە سەختانە دەكات ، لە سوودو قازانجى ئەو پياوچاكانە خۆيانە ، خۆ خواى گەورەكە ئەوان لــە خۆشەوويســتى ئەمــدا دەپەرستن ـــ حاشا وەليللا ـــ ئەوە لەوى بە ئاگاو ميهرەبان ناوەشێتەوە ، لە جێــى ئــەو پەرستن و سوپاسگوزارييە ئەم ئيهماليان كات ، ئەم لە بێ بايەخيدا لێيان گەڕێ بە دەســت كافرە رقنەكانەوە بە زەليلى بناڵن !! نا ، هەرگيزاو هــەرگيز ئەمــە لــە دادى خــوايى

ناوەشێتەوە  بەڵام بە تەئکید ئەم کۆسپانەی سەر رێ سروشتین و ئاساین و هەر دێنە رێـــی پیاوچاکان و ئەولیایانی خوا ..

باوەڕو دینداری و خۆشەوویستی خوا ئاوا لە دڵ و دەروونندا دەبێ دابمەزرێن ، رەگ و ریشاڵی حەقەیقەتەکان دەبێ ئاوا سادە بەڵام رەسەن و پەسەن لە بیرو ژیری موسوڵماندا رۆ چن .. دەبێ دیدو بۆچوونی ئیسلامی ئاوا بەو روون و ئاشکرایی و راست ورەوانیـــە خـــۆ بگرێت و نەش و نما بکات و چونکە هەر ئاواش دێتە بەر !! دەبێ موســـوڵمان ئـــەوەی لا بەڵگەنەوویست بێ کە هەموو گۆڕانکاریەکانی بوون و ژین بە وویست و زانست و توانای خوای گەورە و بە پێی حیکمەتی رەهای ئەو روو دەدەن

سۆزو خۆشەوویستی خوای گەورە بەرامبەر موسوڵمانان وا بوو کە ریزەکانیـــان لـــەو دووڕووانە پاک بکەنەوە کە خۆیان خزاندۆتە ناو ریزەکانیانەوە ، خوای گەورە دەیوویست بە هۆی هەڵس و کەوت و هەڵوێستی ناپەسەندی ئەوانەوە هـــەموویان موبتـــەلا کـــات ، هەموویان تاقی کاتەوە ، تا خۆلاسەکەیان بە پاڵفتە کراوی ئامادە کـــات بـــۆ هـــەڵگرتنی پەیامەکەی .. دەیوویست راست و چەوتەکان لێک هەڵاوێرێت ، ئینجا  سەرڕاستەکان  ــ کە لەبەر چاوی هەموان سەلماندیان کە شایانی خەلاتی خواین  ــ بە هێزو هۆشەوە بخاتـــە سەر راستە شەقامی بانگەوازەکەی : ( ما كَانَ اللّهُ لِيَذَرَ الْمُؤْمِنِينَ عَلَى مَا أَنتُمْ عَلَيْهِ حَتَّىَ يَمِيزَ الْخَبِيثَ مِنَ الطَّيِّبِ ) ٣ ﴿ل عمران/١٧٩ واتە : نەدەکرا خوای گەورە لە موسوڵمانە پاکەکان گەرێ هەر لەو بارودۆخەتاندا بمێننەوە کە هەمووتانی تێدا بوون ، نا ، هەر دەبوو چەپەڵ و ناهەموارو دەغەڵەکان لە پاک و سەرڕاستەکان جوێ کاتەوە ..

خوای گەورە ناهێڵێت ریزی موسوڵمانان ببێتە سەرەنگوێلکی خڵتەو پڵتەی دەغەلان تا نە ئەوان و نە هیچ دەروون لاوازێکی تر نەتوانن بە لاف و گەزاف باوەڕو دینداری خۆیـــانی تێدا مەلاس دەن .. تا کەسی دووڕوو نەتوانێت خۆی دەم بە وێردو ســـەلاوات نیشـــانداو دڵیشی بیابانی بێروونی ووشکە ساڵی بێت ! نە تۆوی ئیمانی بەر کـــەوتووەو نـــە نـــەمامی ئیسلامەتیش چەکەرەی تێدا کردووە !!

خوای گەورە دەیەوێت ئەم ئوممەتە موسوڵمانە رۆڵێکی گـــەردوونی گـــەورە ببینێـــت ، دەیەوێت بەرنامەو پەیام و بانگەوازی خوایی هەڵگرێت ، تا لە واقیعێکی زینـــدووی ســـەر

وەمیندا سیستمێکی نوێ و تایبەت بهێنێتە کایەوە . ئەم رۆڵە گرنگەش وا دەخوازێت کە ئەندامانی ئوممەتەکە لە خۆ بورا بن ، خۆیان چاک و ریزیان پاک دارِشتبێت ، خۆیان بەرِێزو ریزیان بەهێز بێت ، نابێ لە ناخیاندا ئاسەواری خۆوویستیان بە هیچ شێوەیەک تێدا ما بێت ، یان لە ریزیاندا نابێت بە هیچ کلۆجێک دەمارگیری و خەت خەتێن و پەت پەتێنی بۆ هیچ لایەن و کەس و تیرەو هۆزێک تێدا بێت .. ئەمەش هەموو ئەوە دەخوازێت کە ریزەکانیان بە تاقی کردنەوە لە بێژەنگ بدرێت و بە میحنەت داتەکێت ! تا چەکووشی ناسۆرو غەریبی وەک سنگ دەیان چەقێنێت ، تا نەرمەلیقەیی و دنیاوویستی موسوڵمان و و درِک و داڵ و دەغەڵی دوورِوویی دەکەون و چیدی کۆڵی ئەم بانگەوازە قورستر ناکەن ، لەوانەی رەوتی ئەم کاروانە خواییەیان دەشێواندو هەنگاوەکانیان سست دەکرد ، با لە ژێر تین و فشاری میحنەتتدا خشتە رزیوو داخوراوەکان بکەونە خوارێ ، دیوارو سەربانی ئەم ئیسلامەتییە لەسەر ئەو دەروون بەزیوو ناو رزیوو غیرەت گەندەڵانە بنیات نانرێت ..

قورئان بە نووری روناکی خۆی تیشک دەهاوێتە ناو پێچ وپەناکانی دڵ و دەروون ، ئەو گۆشانە دەردەخات دە دەبە بوون ، رزیوون ، کون و کەلەبەرو قوژبنەکان نیشان دەدات کە رۆحی دوورِوویی و بەزین دەیکەنە کولانەو پەناگەی خۆ حەشار دان !

قورئان بەرنامەی ئەم دینەی دارِشتووەو مەشخەڵ و بەردەبازی رێگاکەشی بۆ هەڵگرانی پەیامی ئیسلام دیاری کردووە ، وەکو حەقیقەتی نەگۆرِ باسی کردوون :

<u>١ــ ئەم دینە سیحری نییە :</u>

لە شێوازو سروشتی ئەم دینەدا ــ کە بەرنامەی خوایەو بۆ مرۆڤی ناردووە ــ راستیەکی سەرەتایی زۆر ئاسان و سادە هەیە زۆر جارو زۆر کەس لەبیری دەکەن یان گوێی نادەنێ ، یان وەکو بەڵگەنەوویستێک نایخەنەوە پێش چاو .. پەی پێ نەبردنی یان بیر چوونەوەی ، یان بە هەندو بایەخ وەرنەگرتنی ئەو راستییە ، هەڵەی زۆر دژوارو کوشندەی لێوە دروست دەبێت ، کە دیدو بۆچوونەکان بەرامبەر خودی دینەکە لێڵ و تەم ومژاوی دەکەن ، چ لە تێگەیشتنی راستیەکانی ، چ لە واقیعە مێژوویەکەی کە لەگەڵ ژیانی مرۆڤایەتیدا بە درێژایی زەمەنێکی دوورو درێژ رەفتارو مامەڵەی کردووە ، ئەو لێڵ دیتنەش کارتێکردنی خراپی لێ دەبێتەوە ، چ لە لێکۆڵینەوەو تێگەیشتنی دوێنێ ، چ لە هی ئەمرِۆ یان هی سبەی ..

ئەو راستیەش ئەوەیە کە : هەندێکمان وا لەم دینە چاوەڕوان دەکەین ــ کە مادام لــە لایەن خوای گەورەو بەدەسەڵاتەوە هاتووەو ئەو خۆی بۆ مرۆڤایەتی ناردووە ــ دەبێت بــە شێوەیەکی ناسایی و سیحری و دوور لە ڕێسای گەردوونی و گۆڕانکاری مرۆڤ کار بکات ، بە مانایەکی لاوەکی یەعنی هەر دەبێ خوای گەورە بۆمانی سەرخات !! وایان خۆ حــاڵی کردووە کە نابێت سروشتی مرۆڤ و مرۆڤایەتی کارتێکردنی لە سەرخستن و سەرنەخستنیدا هەبێت ! تاقەت و توانای شوێن کەوتووان و واقیعی ماددی قۆناغەکانی ژیــان و کــەش و بارودۆخ نابێت ببنە هۆی سەرکەوتن یان شکستی ئەم دینە !! جا ئەم کەسانە کە دەبینن وا نییەو لە خۆوە دینەکە زاڵ نابێت ، بەڵکو ــ دوای خوای گەورە ــ هەر ئیعتیماد دەکاتەوە سەر کارو کاردانەوەی ووزەو تواناو کارامەیی مرۆڤەکان و سنووری واقیعی ژیانیان و کارو کارتێکردنی قۆناغەکانی بانگەوازەکەیان ، باوەڕیان لەق و دیدیان لێڵ ودەروونیان ڕەشــبین دەبێت !!

ئەم دوو لایەنە هۆکارەش ( ووزەو توانای مرۆڤەکان و سنوری واقیع و دەرچەکانی ) لە بڵاو بوونەوەی بانگەوازەکەو وەڵامدانەوەی خەڵکەکە بۆیدا کاریگەرن ، جــا جــاری وا هەی کاریگەرییەکە خراپە واتە سلبی (نێگەتیڤ ) ە و جاری واش هەیە چاکە ، واتە ئیجابی ( پۆزەتیڤ ) ە . جاری وا هەیە خەڵکەکە هێزی ڕاکێشــانی هــەواو هــەوەس و حــەزو ئارەزووەکانیان زیاتر ــ وەک لە بانگەوازە خواییەکە ــ کەمەند کێشــیان دەکــات ! چ لەوەی بە تەواوی بێنە ناوی و بۆی دابڕێن ، چ بەوەی هاتوونەتە ناوی بەڵام دینداریەکەیان شل گرتووەو لە تێگەیشتنیدا جیددی نین ! یان لە کار بۆ کردن وهەڵگرتنی بانگەوازەکەدا خۆ بە بەرپرس نازانن ، یان وا نازانن برپرسن لە پاراستنی ! جا کە ئەو دیاردەیەش دەبینن ( تین و فشاری جاهیلییەت و شکستی حەقخوازان ) ئیدی دووچاری بێ ئومێــدی دێــن . چونکە هەر لە سەرەتاوە وایان بە بیردا نەهاتبوو کە ئەم دینەی بەرنامەی خوای بە هێــزو بەدەسەڵات و زانایەو ئەم دیندارانەش کە خۆشەویستی خوان و ئەولیای ئەون، ئاوایان لــێ بەسەر بێت ! بۆیە تووشی ئەو ڕەشبینییە دەبن ، یان باوەڕیان لەق دەبێت ، یان متمانەیان بە جیددییەتی بەرنامەکەی خوا ــ کە بۆ ژیانی مرۆڤایەتی داناوە ــ کەم دەبێتەوە .. هیوا براو

دەکەون لەوەی کە ئەم دینە لە واقیعدا بە کەس بێتە دی !! رەنگە ــ خوا لاماندا ــ ئــەم بۆڵە بۆڵ و خوتە خوتەیان سەر بکێشێت بۆ گومان کردن لە دینەکە خۆشی

ئەم زنجیرە هەڵەیە ، هەموویان بە دوای یەک هەڵەی سەرەتاییدا هاتوون ئەویش : پــەی نەبردنە بە سروشتی ئەم دینەو شێوازی تایبەتی کارکردنی . یان لەسەرەتاوە ئەم خەڵکە ئەم خاڵەیان لا بەڵگەنەوویست بووەو زانیوویانە ، بەلام دوایی بیریــان چــۆتەوە .. گەرچــی حەقیقەتێکی سەرەتایی زۆر ساناو سادەشە ..

ئەم دینە بەرنامەی ژیانی مرۆڤایەتییە و دەبێ بە رەنجی مرۆڤیش لە ژیانــدا بچەسپێــت . سەرەتای کار بۆ کردنیشی هەر لەو خاڵەوەیە کە مرۆڤەکان لە ژیانی ماددی خۆیانــدان . رەنجی مرۆڤانەی خۆیان ــ بۆ سەرخستنی دینەکە ــ دەخەنە کار ، دینەکەش رەنجی هــەر هەموو شوێن کەوتووەکانی دەوێت بەو سیفەتەیان کە مرۆڤن و لە واقیعــی مرۆڤایەتیشــدا دەبزوێن دینەکە هەر لە سەرەتاوە وا لە شوێن کەوتووەکانی دەخوازێت کە دەبــێ بــۆ سەرخستنی بانگەوازەکەی هەموو ووزەی خۆیان بە گەڕ خــەن ، چ وەک تــاک و بــە تاککاری ، چ وەک کۆمەڵ و بە کۆمەڵکاری ، هەر یەکەیان بە جیــاو هەمووشــیان بــە هەرەوەزی و دەستەجەمعی و پێکەوە ..

دیسان یەکێک لە سیفەتە سەرەکیەکانی شارەزوا بوون لە سروشتی ئەم دینە و لە کار بۆ کردنی ئەوەیە کە لە هیچ ساتێک و لە هیچ پلانێک و لە لە هیچ هەنگاوێــکدا سروشــتی مرۆڤ و سنووری تواناو واقیعە ماددیەکەی ــ کە تێیدا دەژین ــ لە یاد نەکرێــت ..لــە هەمان کاتیشدا ئەم دینە هەر بەو تواناو ووزەی مرۆڤە خۆیەوەوبەبەرنامــە خواییەکــەوە دەیگەیێنێتە ئاستێکی وا کە بە هیچ بەرنامەیەکی تری مرۆڤکرد نەگاتە ئەو ئاســتە .. بــۆ بەڵگەی ئەم راستیەش نموونەی واقیعی لە مێژووی ئیسلامەکەدا زۆرە ، بۆیە بــاش حــاڵی بوون لە سروشتی دینەکەو کار بۆ کردنی زوو شوێن کەوتووان دەگەیێنێتە ئەو قەناعەتەی کە هێنانەوەو چەسپاندنەوەی دینەکە سەر لە نوێ و لە واقیعی نوێی خۆیاندا زۆر ئاسانە بــەو مەرجەی دینداریێتی بەم ئیسلامە وەکو جاران بێت و هەوڵ و رەنجیشی بە جیددی وەکــو جاران بۆ بدرێتەوە

بەڵام هەڵەی سەرەتایی هەرە گەورە ئەوەیە کە ئەم بەڵگەنەوویستەی سروشت و تەبیعەتی دینەکە لە دڵ و دەروون و بیرو ژیریدا بە تەواوی و وەکو خوای گەورە دەیەوێت نەچەسپا بێت ، یان ئاڵۆزانە بچەشپێت ، یان بیر چوو بێتەوە .. چاوەڕوانە کردنی سەرخستنی ئەم دینە بە ڕێسای غەیری سروشتی وا کە لە واقیعی مرۆڤدا نەبێت ، دیدو بۆچوون و بیروهۆشــی مرۆڤەکان دەگۆڕێت و بە شێوەیەکی تری پێچەوانەی سروشتی ئەم دینە دروست دەبن کە پەیوەندییان بە سروشت و حەزو توانای ئامادەباشی و واقیعی ماددی مرۆڤ خۆیەوە نابێت .. بۆیە گەر وا نەبوو پرسیارە ساویلکەکان وەک ئەوەی یەکەم : ( خوایە ئەوە بۆچــی وا بوو ؟! ) سەر هەڵدەدەنەوە ! ئەم پرسیارە ساویلکەو گومانە گێلانە لەوە دێن کە هەر لــە سەرەتاوە پەی بە راستییە سەرەکیە سادەکانی سروشتی ئەم دینــەو شێــوازی کــار بــۆ کردنەکەی نەبراوە ، یان وەکو ووتمان بیر چوونەتەوە !!

بێ گومان خوای گەورە دەیتوانی سروشتی مرۆڤ چ بەم دینە چ بــە شێــوەیەکی تــر بگۆڕێت ، دەشیتوانی هەر لە سەرەتاوە بە شێوەیەکی تر خەلقی بکات ، بەڵام وویســتی وا بووە کە هەر ئاوا بێت ، وویستوێتی کە سروشتی مرۆڤ هەمیشە لە کاردا بێت ، وویست و ئیرادەو وەڵامدانەوەی هەبێت ، ئیلغا نەکرێت و نەگۆڕرێت و پەک نەخرێت ، وویستوێتی کە ڕێنمایی خوایی هەر بە رەنجی مرۆڤ خۆی بێتە دی .. بەو رادەو بڕەی لە تواناو ووزەی مرۆڤ خۆیدا هەیە .. وویستوێتی مرۆڤ ئەوەندەی خۆی لە توانایدایە رەنج بــدات وتــێ بکۆشێت و بەرهەمی تێکۆشانەکەی خۆشی لە هەمان واقیعی گۆڕاوی خۆیدا وە دەســت بهێنێت ..

خوای گەورە نایەوێت یەکێک لە مەخلوقاتەکانی ــ مادام وەکو خــۆی نــین ــ لێــی بپرسێت کە بۆچی وای وویست یان وای کرد ؟! خۆ ئەم مەخلوقاتانە وەکو خوا زاناو بــە دەسەڵات و بەبەزەیی نین ، وەکو ئەویش پەی بە سیستم و نەزمی گەردون و ژیان نابەن و حیکمەتی نادیاری شاراوەکان نازانن ، ناشزانن بۆچی فلاَن دروست کراو بەو شێوازو بــەو چۆنیەتی و چەندێتییە دروست بووە ؟! نازانن فلاَن روداو بۆچی ئاواو لەو کات و شوێنەدا وا روویدا ؟! ئیتر ئەو پرسیارە سەیرە چییە ؟ : خوایە بۆچی وا بوو ؟!

( خوایە بۆچی !!) ئەم پرسیارە نە موسوڵمانی راستەقینە دەیکات ، نە کافری راستەقینە . موسوڵمان هەر ناپرسێت ، چونکە سنووری ئەدەبی خۆی لەگەڵ خـوای پـەروەردگاری گەورەو خاوەنیدا دەزانێت و نایبەزێنێت .. موسوڵمان لە ناخی دڵییەوە خوای ناسـیووەو هەستی بە بوون و حەقیقەت و سیفەتەکانی کردووەو دەشزانێت کـە ئیـدراکی مـرۆڤ ئەوەندە ئامادە نەکراوە تا لە زاتی خوای گەورەی خۆی بکۆڵێتەوەو حیکمەت و نهێنیەکانی هەموو بڕیارو فەرمانەکانی بزانێت .. هەر لە سەرەتاوە کە باوەڕی هێناوەو موسوڵمان بووە ، قەناعەتی بەوە هێناوە کە خوای گەورە زاناو کاربەجێیەو هەموو شتێک لە جێی خۆی و لە کاتی خۆیدا بۆ بەرژەوەندی بەندەکانی ئەنجام دەدات ..

کافری راستەقینەش ناڵێ : خوایە بۆچی ؟! چونکە هەر لە سەرەتاوە باوەڕی بە بوونی خوا نییە ! گەر باوەڕی بە خوای گەورە هێنا ، حەتمەن قەناعەت بەوەش دەکات کە ئەمەی روو دەدات وویست و حەزی خوای گەورەیەو بە پێی زانست و وویست و توانای خۆی ئـەو کارەی کردووەو ئەویانی نەکردووە

پرسیاری وا کابرایەکی بیر کولی باوەڕ کۆڵ ، یان هەرزە بیرو هەزەلی دەیکات ! کە نە موسوڵمانی سەر راستە و نە کافری جیددیشە ! بۆیە بە لای ئێمەشەوە ئەمە پرسیارێک نییە لای لێ بکەینەوەو خۆمان بکەینە خاوەنی وەڵامەکەی .. ئەگەر کەسێک لەوانە پرسـییان کە حەقیقەتی خوایەتی خوای پەروەردگاری نەدەزانی ، وەڵامی ئەو کەسـە ئەوەیـە کـە حەقیقەتی خوایەتی خوای گەورەی تێ گەێنرێت ، تا پەی بە حەقیقەتی خوایەتی و بـوون و مرۆڤ و چیان و گەردوون بەبات و موسوڵمان بێت ، یان ئەوسا لە زەمینەی زانینەوە نکوڵ دەکات و کافرانە رەفتار دەکات .. بەمەش ئەو جەنگ و جیدالە بەتاڵ و نەزۆکە کۆتـایی دێت ..

کەوا بوو کەس بۆی نییە لە خوای گەورە بپرسێت کە بۆچی مرۆڤی لەسەر ئەو سروشت شێوازە دروست کردووە ! یان بۆچی وای وویستووە کە ئەم مرۆڤە دەبێت خـۆی کـارو کارتێکردنی لە گۆڕانکاریەکانی کۆمەڵگەکەی خۆیدا هەبێت . یان بۆچی وویستی وا بـووە کە هەر دەبێ رەنجی مرۆڤ لە چوارچێوەی توانایدا ــ لە چەسپاندن و هێنانە دی بەرنامەی خوادا لەسەر زەوی ــ بەرپرسیار بێت؟!

دەبێ هەموو کەس ئەم بڕیارەی لا بەڵگەنەوویست بێت ، دەبێ دیقەت بداتە ئەوەی کە چۆن لە واقیعی مرۆڤدا لە کاردایەو چەندیش بەکارو کاریگـــەرە ؟! دەبـــێ لێـــکۆڵینەوەو لێکدانەوەی رەوتی مێژوو لەبەر رۆشنایی ئەم سروشتەی مرۆڤ بێت . تـــا لـــە لایەکـــەوە بزانرێت بۆچی فلان روداو یان فیسار هەڵوێست وا روویداو وا قەوماو وا گیرایە بەر ؟ لە لایەکی تریشەوە بزانرێت چۆن لەگەڵ ئەم سروشتەی مرۆڤدا رەفتار دەکرێت ؟!

ئەم بەرنامە خواییە ـــ بەو شێوەیەی کە پێغەمبەر ﷺ هێناویەتی ـــ لەسەر زەوی و لە دنیای خەڵکیدا هەر بەوەندە ناچەسپێت بۆ خەڵکی روون بکرێتەوەو بگەیەنرێت پێیان ! یان بـــەو سیفەتەی کە پیرۆزەو هەڵبژاردەی خوای گەورەیەو خواش بەدەسەلاتەو هێزی بـــێ پایـــانی هەیەو دەتوانێت وەک چۆن گەردوونی دروست کردووەو لەسەر رێسای خۆی ئەستێرەکان دەخاتە گەڕو هەموویان ناچارن بە وویست و ئیرادەی خوای گەورە بکەن ، خوای گەورە دەشتوانێت ئاوا بە رێسایەکی ناچار کردنی خۆی ئەو خەڵکە ( قەهر ) کات تا دینەکـــەی وەردەگرن و شەریعەتەکەی جێبەجێ بکەن .. ئیسلام ئاوا نایاتە دی .. بەڵکو بەوە دێتە دی و دەچەسپێتەوە کە کۆمەڵێک مرۆڤ باوەڕێکی پتەوی پێ بهێنن و قەناعەتی تەواویان پێـــی هەبێت و بە گوێرەی توانای بیرو چیری و جەستەیی خۆیانەوە بە تەعلیماتەکانیەوە پابەند بن و هەمووشیان بلاو کردنەوەی بانگەوازەکەی بکەنە ئەرکی رۆژانەی تاک و کۆمەڵەکەیان و وەکو ئامانجێکی ستراتیژیش ژیانی خۆیان تەرخان بکەن بۆ گەیاندنی دینەکە بە حـــوکمی ناوچەکەیان و ئینجا خەڵکی تریش بانگهێشت بکەن تا بێنە ریزی دینەکەیانەوە ..

دەبێ هەموو رەنجەکان بۆ ئەو ئامانجە بخەنە کار ، لە لایەکـــەوە دژی لاوازی مرۆڤایـــەتی خۆیان و خەڵکی ترو هەواو هەوەس و نەزانی و ئارەزوو پەرستی خۆیـــان و خـــەڵکی تـــر راوەستنەوەو لە هەمان کاتیشدا خۆگر بن و بەرگری بەرهەڵستکارانیان بکەن کە ئەوانیش هەر بە هۆی لاوازی مرۆڤایەتی و هەواو هەوەس و نەزلنین و ئارەزوو پەرستی خۆیانەوە ئەو هەڵوێستە دژەیان بەرامبەر بەرنامەکەی خوای گەورە گرتۆتە بەر .. ئەو جا هێـــنانە دی و چەسپاندنی بەرنامەکەی خوا دەگاتە ئەو ئاست و سنوورەی سروشتی مرۆڤ دەتوانێ بیگاتێ و پێوەی پابەت ند بێت ، بێ ئەوەی واقیعی تاک و ئوممەتەکەو کۆمەڵگەکەی تێـــیدا کـــار دەکەن ئیهمال بکەن ..

هەنگاوی گۆڕانکاری کۆمەڵگە تەریب و هاوشانە لەگەڵ بڕە تەعلیماتـــەکانی بەرنامـــە خواییەکە . ئینجا دەبینی ئەم کۆمەڵە مرۆڤە دیندارە جاری وا هەیە زاڵ دەبن بەسەر نەفسی خۆیان و نەفسی خەڵکانی تردا . جار واش هەیە لە ناوجەرگەی شەڕی نەفســـی خۆیـــان و شەڕی نەفسی خەڵکیدا تێک دەشکێن .. سەرکەوتن و شکستەکانیان بەسەر نەفسی خۆیان و نەفسی خەڵکیدا پەیوەستە بە رادەو بڕی پابەند بوونی خۆیان بە دینەکەو رادەو بڕی ئەو رەنج و هەوڵەی داویانە بۆ سەرخستنی دینەکەی خوا ، هەروەها پەیوەستە بـــەو شێـــوازو هۆکارو وەسیلانەی لە مەیدانی کارو رەفتاردا گرتوویانەتە بەر ..

بەڵام پێش هەموو شتێک ، پێش هەموو رەنجێک ، پێش هەموو شێوازو هۆکارێک ئـــەم کۆمەڵە دیندارەی بەم دینە بزاڤی گۆڕانکاری دەکەن دەبێت بۆ خوا بە تەواوی ساغ بـــوو بنەوە ، دەبێ لە خۆیان پرسی بێت : چەند لپ بڕاون بۆ ئەم دینەو بۆ بانگەوازو ئامانجەکەی ؟ تا چ رادەیەک خۆیان بە ەبرنامەکەیەوە پەیوەست کردووە و تا چ رادەیەک تەعلیماتی ئەم دینە لە خۆیان و دەورو بەریاندا دەچەسپێنن ؟ ئەمانە وەکو تاک و وەکو کۆمەڵ چەند بـــۆ خوا سوڵحاون ؟ چەند پشتیان بەو بەستووەز چەند کنمانەیان بەوە ؟!

ئەمە حەقیقەتی دین و دینداریەکەیە ، ئەمەشـــە نەخشـــەو پـــلان و شێـــوازی بزاڤـــە کۆمەڵکاریەکەی .. ئەمە ئەو حەقیقەتەیە کە خوای گـــەورە دەیوویســـت بـــە کۆمـــەڵی موسوڵمانانی یەکەمی رابگەیێت و لەسەری پەروەردەیان کات ..

کاتێک موسوڵمانان لە پابەند بوون بە حەقیقەتی ئـــەم دینـــەو چەســـپاندنی لـــە خـــۆو درەوشاندنەوەی لە هەڵوێست و ململانێکانیاندا کەمتەرخەم دەبن ، کاتێک لە گرتنە بەری شێوازە عەمەلیەکانی راستییە سەرەتاییەکانی دین و دینداری کەمتەرخەم دەبن ، یان کە لـــە بیری دەکەن ، یان کە ئاوەژوو لێی حاڵ دەبن و وا دەزانن ــ گەرچی دید لێڵ و رەفتـــار چەوت و بار لا سەنگیش بن ــ مادام موسوڵمانن هەر سەر دەکەون ! کە ئاوا ســـاویلکانە لەو دینە تێگەیشتن ، خوای گەورە لێیان دەگەڕێ تووشی هەندێک دەردەسەری و ناســـۆر بن ، با کەمێک شکست بخۆن ، با ماوەیەک بە ژان و خەمی بەزین و شکستەوە بتلێـــنەوە با تالاوی ساویلەکیی و کەمتەرخەمی و گوێ نەدان بچێـــژن .. ئەمـــەش یەکێـــکە لـــەو حەقیقەتانەی خوای گەورە بە راشکاوی بۆ یاوەرانی پێـــغەمبەری ﷺ دەربڕیـــووە ، کـــە

دەفەرموێ : ( ﮋﯙﻟﻤﺎ ﺭﯕﺎﺑﺘﻜﻢ ﻣﯧﯿﺒﻪ ﻗﺪ ﺭﯕﺘﻢ ﻣﭙﻠﯿﻬﺎ ﻗﻠﺘﻢ ﺭﻧ* ﻫــﺰﺍ ﻗﻞ ﻫﻮ ﻣﻦ ﻋﻨﺪ ﺭﻧﻔﺴﻜﻢ ﻥ ﺍﻟﻠﻪ ﻋﻠ* ﻛﻞ ﺷﻲﺀ ﻗﺪﻳﺮ) ٣ *ل عمران/١٦٥واتە: ئەوە بۆچی کە ناڕەحەتیتان تووش بوو ( لە تێکشکانەکەی ئوحوددا ) کە لەوە پێش هی تری واتان تووش بوو بوو، ووتتان : چۆن وامان لیَ بەسەر هات ؟! پێیان بڵێ : ئەوە خەتای خۆتان بوو .. خۆتـــان هۆکـــاری روودانی ئەو کارەساتە ناخۆشەن ، دەنا خۆ خوا  بە توانایە بەسەر هەموو شتێکدا ..

خوای میهرەبان موسوڵمانان لەم سەرزەنشت کردنەدا جێ ناهێڵێت ، بەڵکو بە هۆکـــارو ئەنجامی کارەکانی خۆیانەوە پەیوەستیان دەکاتەوە .. بۆیان دەسەلمێنێت کە ئەو لەم بەســـەر هێنانی شکستیەیاندا ، لە هێنانی ئەم بەلاو موسیبەت و ناسۆرەی سەر رێیاندا ، خێری ئەوانی وویستووە ، وویستویتی بۆیان روون بێتەوە کە ئەو رەفتارانەی ئەوان خۆیان لە واقیعی حاڵدا کردویانن لە ئاستی بەرپرسی ئەم بانگەوازەدا نین ، بۆیە بوونە هۆکاری ئەم ئەنجامە تاڵە ..

کار کردن و گەشەو چەسپاندنی بەرنامەی خوای گەورە لە رێی رەنجی مرۆڤەوە ـــ کـــە کارو کارتێکردنی بەردەوام لە نێوان بەرنامەکەو رەنجەکەدا دروست دەبێت  ـــ خێرێـــکی گشتی و شتێکی چاکە ، چونکە لە لایەکەوە ژیانی مرۆڤایەتی چاک دەسازێنێت و ناهێڵێـــت پەکی بکەوێت ، یان لاسەنگ ببێت ، یان پێوەری نامۆو ناقۆڵای بۆ ببێتە حاکم ! لە لایەکی تریشەوە سروشتی مرۆڤەکانیش دەبزوێنێت و زیتیان دەکاتـــەوەو رەفتـــاری واقیعیانـــەیان لەگەڵدا دەکات و ناهێڵێت سروشتی مرۆڤ تێک بچێت و پەڕیدە یاخی ببێــت . چـــونکە راستیەکانی باوەڕ ـــ ئەگەر جیهادیان لە پێناودا نەکرێت ـــ لە دڵ و دەروونەدا جێگیر نابن ! جیهاد بە زمان (خەباتب سیاسی) کە بە بلاو کردنەوەو گەیاندنی بانگەوازەکەیە بە زمـــان هەروەها جیهادی دەست و بازوو ( خەباتی چەکداری ) کە بۆ راوەستاندنی ســـتەمکاری و بەرپەرچدانەوەی تاغووتان و پاراستنی بەرنامەکەی خوای گەورەو شوێن کەوتووەکانێتی ..

کاتێک داعی و موجاهید و رەنجدەرو تێکۆسەرانی ئەم دینە دووچاری ناخۆشـــی دیـــن ، دەبێ ئارام بگرن ، لەسەر ئازارو ناسۆر خۆگر بن ، دەبێ لەسەر زاڵ بوون و سەرکەوتن بە ئارام بن و خۆ گر بن هەر وەکو کە لەسەر بەزین و شکست  دەبێ بە ئارام و خۆگر بن .. خۆگرتن و هەڕاڵ ( مەغرور ) نەبوون لە سەرکەوتندا قورسترو ناڕەحەترە لـــە خـــۆگرتن لەسەر تێکشکان و میحنەتەکانی بەزین ..

کەندو کۆسپی سەر ڕێ و کێشە قورسەکانی خەبات ، دڵەکان پاڵفتە دەکەن ، ریزەکان لە بێژنگ دەدەن ، سەر ڕاست و چـەوتەکان لێـک هەڵداوێـرن .. بەمـەش کۆمەڵـە موسوڵمانەکە دەکەوێتە سەر ڕاستە شەقامی ڕێبازە خواییەکەو پارسەنگانە هـەنگاو هـەڵ دەهێنێتەوە ، چونکە لەگەڵ موسیبەتەکان را دێت و بە میحنەتەکان بەرگری فێر دەبێت و گەشەو نەش و نما دەکات .. تا زیاتر کامڵ تر دەبێت و پێ دەگـات .. ناسـینی خـوای گەورەو پشت پێ بەستنی بەهێزتر دەبێت ..

ڕاستیەکانی باوەڕ لە ناخی دڵ و دەروندا ڕەگ داناکوتن تا لە واقیعی تێکۆشاندا نەڕوێن .. دەبێ گورزی میحنەت ئیرادە قایمتر کات ، باوەڕیش دەبێ لە دەبەرێـک ڕاچـوون و ململانێدا جێگیر ترو پتەوتر بێت .. هەر واشە ، چونکە موسوڵمان لە لایەکەوە بەرامبـەر نەفسی خۆی لە ململانێدایە ، لە لایەکی تریشەوە بەرامبەر نەفسی چەواشەو سەرکەشی ئەو خەڵکەش لە بەرەی شەڕدایە .. حەقیقەتی شتیش لەم ململانێ و پێکدادانانەدا ڕوون دەبنەوە ! لەم ناکۆکیە واقیعەدا شتی زۆر سەیر کەشف دەبێت . وەک حەقیقەتی باوەڕو هەڵوێستی ئیماندارانە ، حەقیقەتەکانی ناو بەرەی ڕووبەڕوو بوونەوەو پێک هەڵپڕژان ، حەقیقەتـەکانی ژیان و قەدەرو ئەجەل و مەرگ حەقیقەتی هەموو ئەمانە لە کاتی ململانێدا دەردەکـەون ! ئەمانە هەرگیزاو هەرگیز بۆ خەڵکانی هێمن وموسالیمی دانیشتووی بەر سێبەر دەرناکەون ..

موسوڵمانی خاوەن باوەڕ ، خاوەن پەیامی بزاڤ و گۆڕانکاری ، چونکە لە واقیعی کارو کاردانەوەدا خەریکی بانگەوازو سەلماندنی بوون و هێنانەوەی حوکمی ئیسـلامە ، زیـاترو خۆی دەناسێت ، زووتر دەگاتە ئاسۆی بەرفراوانی هەست و نەست و دیـدو بۆچـوون و ناسین و پێناسەو داب و ئاداب و نەریت و بەهاو ئینفیعال هەستی نەگۆڕ .. زووترو زیـاتر هەست بە زەرورەتی بەهانا هاتنی خەڵکەوە دەکات .. چونکە هیچ کەس لە ژیانیدا بێ ئەم جۆرە تەفاعول و تەجروبانەی کارو ڕێ ، بێ ئەم جۆرە خەبات و ڕەنجە پڕ ناسۆرە کاریگەر نابێت .

ئەو کاتانەی ڕاستیەکانی باوەڕ لە کۆمەڵێکدا دەچەسپن و ڕەنگ دەدەنەوە ، لەو کاتانەدا کە کۆمەڵە موسوڵمانە داعیەکانی تووشی ئەو هەموو تاقی کردنەوەی بەڵاو موسـیبەت و ڕاکەڕاکەو دەردەسەرییە دێن ، هەر یەک لە تاکەکانی ئەو کۆمەڵە شارەزای توانای خۆیان

دەبن ، حەقیقـــەتی ئامانجـــەکانی خۆیـــان باشـــتر بـــۆ روون دەبێـــتەوە ، کۆمەڵەکـــەو سەرکردایەتییەکەیان ووردتر شارەزای یەک یەکی خشتی بیناکەیان دەبن و دەزانن توانـــاو تاقەت و تەحەمولی هەر یەکە لە ئەندامەکانیان چەندەز تا چ رادەیـــەک لـــە رووبـــەڕوو بوونەوەو بەرگریدا خۆ دەگرن  ئائەمەشە کە خوای پەروەردگاری کـــارجوان دەیەوێـــت کۆمەڵە موسوڵمانەکەی لەسەر پەروەردە کات . چونکە خوای گەورە شوێن کـــەوتووی پێغەمبەرانی بە روداوەکانی ژیانی بزاڤ و کۆمەڵ و بانگەوازەکەیان پەروەردە دەکرد . تـــا خۆشیان لە واقیعدا جۆرو ئاستی یەکتری بناسن : ( ما كَانَ اللہ لِيَّرَ المؤمِنِيْنَ عَلَ* مَ* رِنْتم عَلَيهِ حَتَ* يَمِيزَ الخَبِيثَ مِنَ الگيبِ ) ٣ *ل عمران/١٧٩ واتە : نەدەکرا خوای گەورە لە موسوڵمانە پاکەکان گەڕێ هەر لەو بارودۆخەتاندا بمێننەوە کە هەمووتانی تێدا بوون ، نا ، هەر دەبوو چەپەڵ و ناهەموارو دەغەڵەکان لە پاک و سەرڕاستەکان جوێ کاتەوە ..

پاشان خوای گەورە کۆمەڵە موسوڵمانەکە دەگێڕێتەوە لای قەدەری خوایی خۆی بـــەڵام هەندێک لەو حیکمەتانەی لە قەدەرەکەی خوادا شارەاوە بوون ، روون دەکاتەوە ، بەمەش حەقیقەتەکانی باوەڕ لە دڵ و دەروونە بە پیتەکاندا بەهێزتر دەکات ، لە دیـــدو بۆچـــوونە روونەکانیشدا ـــ کە بە روداوەکان بەرفراوانتری کرد بـــوون ـــ قـــایمتر دەکـــات : ( نِ يَمسَسکم قَرح فَقَد مَس القَومَ قَرح مِپله وَتِلكَ الرِيام ندَاوِلَها بَينَ الناسِ وَلِيَعلَمَ اللہ الـــرِين *مَنوا وَيَتخِرَ مِنكم شهَدَاء وَاللہ لاَ يحِب الـفَالِمِينَ . وَلِيمَحِيَ اللہ الرِين *مَنـــوا وَيَمحَـــقَ الكَافِرِينَ ) ٣ *ل عمران/١٤٠ـــ ١٤١ واتە : تەنها ئێوە نین کە دڵ و دەروونتان زامدار بوو بێت ، ئەو زام و ناسۆرە چۆتە دڵی خەڵکی تریشەوە  ئەمە رۆژگارە ، هـــەر جـــارەو دەیدەینە دەست کۆمەڵێک ، تا خوای گەورەش موسوڵمانە راستەکانی ناو کۆمەڵەکـــەتان بناسێت و شاهیدو شەهیدیان لێ هەڵ بژێرێت . خوای گەورە زاڵم و ستەمکارانی خـــۆش ناوێت . خوای گەورە دەیەوێت باوەڕداران پاڵفتە کات و لە کافرانیـــان هەڵاوێرێـــت و کافرەکانیش مەفح کاتەوە ..

کەوا بوو کۆتاش هەر وەکو سەرەتایە ، هەر قەدەری خوایە  وویست و ئیرادەی ئـــەوە کار دەکات ، تەگبیرو حیکمەتی ئەوە لـــە هۆکـــارو روداوو شەخســـیات و بزاڤەکانـــدا

دەردەکەوێت .. ئەمەشە ئەو دیدو بۆچوونە ئایدیۆلۆژیە گشتگیری کاملەی کە دەبێ لــە بیروهۆشی دیندارانداا بچەسپێت و بکرێتە ئەو روانگەیەی لێوەی دەڕوانرێتە مێژوو ..

**٢ــ موسوڵمان لەوەش زۆرتری پێ دەکرێت :**

حەقیقەتێکی گەورەی سەرەکی تریش هەیە دەربارەی سروشـــتی دەروونی و سروشـــتی تەبیعەت و سروشتی رەنج و تێکۆشانی مرۆڤ ، کە تا چ رادەیەک دەتوانێت بە بەرنامـــەی خواییەوە پابەند بێت و چەندیش دەتوانێت بهێنێتە دی ..

نەفسی مرۆڤ کامڵ نییە ، بەڵام توانای گەشەو نەش و نمای زۆرە . دەتوانێت بگاتە ئەو ئاستە بڵندەی کە کۆتا پلەی تەواویتی سەر زەمینە ، ئەمەش سیفەتێکی گرنگی هیوا بەخشە ، چونکە هەموو کاتێک ئەو گەشبینیە دروست دەکاتکە مرۆڤایەتی ــ هەر کاتێک بۆ ئـــەم بەرنامەو بەم بەرنامەیە ــ هەموو رەنجی خستە کار ، دەتوانێت بگاتە لوتکەی ئەو تەوێتییە .. مەگەر نابینن کە کۆمەڵە خەڵکێکی چاک گەیشتە چڵە پۆپەی ئەو کامڵی و تەوێـــتییە ، کۆمەڵەکەی دەورو بەری پێغەمبەر ﷺ ؟! گە پێشرەوانی ئەم ئومەتە موسوڵمانەن : (کنـــتم خیرٌ رمه رخرجت للناسٍ ) ٣ ﴾ل عمران/١١٠ واتە : ئیوە چاکترین ئومەت بـــوون بـــۆ خەڵکی هاتنە کایەوە . ئەمە کۆمەڵگە دیندارەکەی پێغەمبەرە ﷺ کـــە بوونـــە نموونـــەی تەواویتی نەفسی مرۆڤایەتی . ئەم کۆمەڵە کێن ؟ کۆمەڵێک مرۆڤن ، کەم و کورتییان تێدایە لاوازییان تێدایە ، تەنانەت هی واشیان تێدایە کە خوای گەروە دەربارەیان فەرموویـــەتی : ( ن الژینٌ تٌولوا منکم یٌومٌ التٌقٌ﴾ الجمٌعٌان نمٌا استٌزٌلهم الشیگٌان بٌعچ مٌا کٌسٌبوا وٌلٌقد عٌفٌا اللە عٌنهم ) ٣ ﴾ل عمران/١٥٥ واتە : ئەوانەتان کە لە غەزای ئوحود هەڵاتن ، لە کاتێکدا بوو کە بەرەی هەردوولا پێک گەیشتبوون ، ئەوانە شەیتان پێی هەڵخلیسکاندن و بە گونـــاحی خۆیانەوە بەستنیەوەو زیاتر هانی دان بۆ گوناحی تر بەڵام خوای گەورە لێیان خۆش بوو ..

ئەمانەش هەر موسوڵمان بوون ، ئیماندار بوون ، بەڵام سەرەتای ئیســـلامەتییان بـــوو ، هێشتا لە دەرسە سەرەتاییەکانی پەروەردەو پێگەیشتندا بـــوون ، بـــەڵام لـــە وەرگـــرتنی ئیسلامەتیدا سەرڕاست بوون ، رازی بـــوون بـــە ســـەرکردایەتییە خواوویســـتیەکەیان ، بەرنامەکەی خوایان پێ قبوڵ بوو ، بۆیە خوای میهرەبانیش لە داڵدەی خۆی دەری نەکردنە دەرەوە ن بەڵکو بەزەیی پێیاندا هاتەوەو لێیان خۆش بوو ، لێیان گەڕا تا جـــارێ ئـــەنجامی

ڕەفتارە هەڵەکەیان ببینن و بزانن لە هەڵەیەکی ئەوانەوە چ بەڵایەک رووی لـــە خۆیـــان و کۆمەڵ و سەرکردایەتیەکەیان کرد ! بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا خوای بەبەزەیی نە لە ریـــزی ئیمانداران دەری کردن ، نە گۆشەگیریشی کردن و نە تەرەشی کردن ! پێی نەفەرموون : لاوازی و کەمتەرخەمیتان بە تەجروبەی واقیعی دەرکەوت ، کەوا بوو ئێوە بە کەڵکی هیچ نایەن و سوود بەم دینە ناگەیێنن ! نا ، لە جیاتی ئەوە لاوازیەکەی لێ قبوڵ کردن ، کـــەم و کورتیەکەیانی خستەوە پێش چاوی خۆیان بێ ئەوەی ئەوەندە زۆر لەسە قورس کات ، پێی بڕوخێن ! لە جیاتی ئەوە لەگەڵ ڕەحمەت و بەزەیی و دڵنەواییدا بە میحنەتەکان ( هەر لـــەو ساتە وەختەدا کە کارەساتەکە گەرمە ) داخی دەکردن . ئاوا پەروەردەی دەکردن ! هـــەر وەک چۆن گەورەیەک دەست بەسەر بچوکێکیدا دەهێنێت ، خوای گەورە ئاوا بوو بۆیان .. دەیوویست باشتر پەی بە شت ببەن ، ووریاتر بن ، هەست بە دژواری هەڵوێستی هەڵـــە بکەن ، تا پێ بگەن .. خاڵی لاوازی خۆیانی بۆ دەکردنە دەرس و پەندو ئامۆژگاری و بـــە شێوەیەکی ئاسان و سادە ، لەگەڵ سۆزو بەزەییدا دەیخستەوە پێش چاوی خۆیان .. وەحی خۆشی بەردەوام بۆ دەناردنەوە تا متمانەیان بە خۆیان و خاوەنەکەیان نەڕوخێت ، تا لە گەڵ گلانەکاندا هەستنەوە ، نەک هەر بۆ ئەوەی ڕەشبین نەبن بەڵکو بۆ ئەوەی هیوا و ئومێدیان زیاتر گەشە بکات ! ئاوا هەستیان دەکرد کە تا زیاتر بۆ خوا بسوڵحێن ، خـــواش زیـــاتر بایەخیان پێ دەدات و هاریکاریان دەکات .. ئیتر ئاوا پێگەیشـــتن و ئـــاواش گەیشـــتن .. گەیشتنە مەنزڵ ، مەنزڵی نموونەی دەگمەنی مێژوویی ، ئەوەی کە خوای گەورە خۆی لـــە وەسف و باسیاندا فەرمووی : ( الَّذِينَ قَالَ لَهُمُ النَّاسُ إِنَّ النَّاسَ قَدْ جَمَعُوا لَكُمْ فَاخْشَـــوْهُمْ فَزَادَهُمْ إِيمَانًا وَقَالُوا حَسْبُنَا اللَّهُ وَنِعْمَ الْوَكِيلُ ) ٣ *ل عمران/١٧٣ واتە : ئەوانـــەی کـــە خەڵکی پێی ووتن : وا خەڵکانێکی زۆر کۆبوونەتەوەو گەلە کۆمەکێتان لێ دەکـــەن ، بـــە خەمەوە بن ، بە حەزەر بن ، بترسن ، بەڵام ئەوان باوەڕیان بەوە پتەو تر دەبوو بۆیە ووتیان : ئێمە خوای گەورەمان هەیەو ئەویش بەسمانە ، خواش باشترین پشتگیرو پشتیوان و پاڵپشتە

پەروەردەی خوایی ئەم کۆمەڵە موسوڵمانەی گەیاندە ئاستێکی زۆر بڵند ، ئـــەمان هـــەر مرۆڤ بوون ، هەر بەو سیفەتانەی مرۆڤیشەوە مانەوە ، هەڵەو لاوازی ، کەم و کورتی هەر هاوڕێیان بوو ، بەڵام هەمیشە هۆشیان لە تۆبەو گەڕانەوەی لای خوا بوو ..

ئەمە هەر سروشتی مرۆڤەکەیە کە ئەم بەرنامە خواییە دەپارێزێت و رەفتاری لەگەڵدا دەکات . ئیسلام ئەم سروشت و تەبیعەتەی مرۆڤ ناگۆڕێت ، پەکی ناخات ، کۆڵی وای ناخاتە سەر شان کە توانای بەسەریدا نەشکێت ، بەڵکو هەر ئاڕاستەی رەسەنی و پارسەنگی دەکات تا دەیگەیێنێتە ئاستی کامڵی و لە واقیعێکی زیندووی سەرزەمینیشدا ئەمەی بە عەمەلی دەخاتە پێش چاو .. ئەم راستییە بەهایەکی گەورەی لە گەشبینیدا هەیە چونکە بەردەوام ئومێدێکی هەمیشەیی دەداتە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی تا زیاتر هەوڵ بدات ، تێبکۆشێت تا بگاتە نزیک ئەو ئاستەی نەوەی بەردەستی پێغەمبەران گەیشتبوونێ .. لە چییان کەمە ؟ بۆ نایگەنێ ؟ خۆ بەرنامەی خوای گەورەیان لەبەر دەستدایە ، با لە بارودۆخی ناهەمواریشدا بژین خۆ دەتوانن هیممەت بکەن و بەروە ئەو ئاستە هەڵکشێن ، با نوەک ئەوانیش نەگەنە چڵە پۆپە بەڵام خۆ لە ئاستی خەڵکی بڵندتر دەبنەوە .. خۆ ئەو کۆمەڵەی یەکەمی ئەم ئوممەتە کە بە سەرپەرشتی وەحی خوایی و لەسەر دەستی پێغەمبەری نازداردا پەروەردە بوون ، وەنەبێت موعجیزە بوو بن و قابیلی دەەپات بوونەوە نەبن ، نا ، بەرنامەکە هەر ئەوە ، سروشتی مرۆڤی هەموو نەوەیەکیش هەر وەکو یەکن ، بەڵام بێگومان رادەو بڕی رەنجدانەکە پێویستە وەکو هی نەوەی یەکەمی ئەم ئوممەتە موسوڵمانە بدرێتەوە .. پلەی ئاستەکانیش بە گوێرەی بڕی توانای سەرف کراو دابەش دەکرێتەوە ..

ئەم بەرنامەیە لەگەڵ هەموو کۆمەڵە مرۆڤێکدا لەو ئاستەوە لەگەڵیاندا دەکەوێتە گەڕ کە تەفاعول و کارو کارتێکردنیان دەرکەوتووە ، لەو واقیعەوە لەگەڵیاندا دەکەوێتە رێ کە ئەو کۆمەڵەی تێدا دەژی ، لەوێوە هەنگاویان پێ هەڵدەنێت و بەروە لوتکەو هانیان دەدات . هەر وەرکو کە هەنگاوەکانی یەکەمی ( گۆڕانکاری دەروون و دەوروبەر ) ی بە کۆمەڵە موسوڵمانەکەی یەکەمجار هەڵگرت ، کە لەو جاهیلییەتە ساویلکەیەی عەرەبەکانەوە ، لەو شیوو دۆڵ و چەم و چۆڵەی جاهیلییەتی دوور لە هەموو جوانیەکی مەعریفەتەوە دەستی گرتن و لە ماوەیەکی زۆر کەمدا بەرەو لوتکەی رزگاری و بەختەوەری دنیاو قیامەت بەرزی کردنەوە !! بیست و پێنج ساڵی نەبرد ئەو کۆمەڵە پاک و هەڵبژاردە خواییە لەسەر لوتکەی بڵندی کامڵی رێژەیی مرۆڤایەتی وەستان ، چ وەک تاک چ وەک کۆمەڵ و کۆمەڵگە .

مەرجێکی سەرەتایی هەیە لەم گۆڕانکاریەدا کە دەبێت لە یەکەم هەنگاوەوە هاتبێتە دی ، ئەویش ئەوەیە کە : دەبێ موسوڵمانان هەر لە سەرەتای باوەڕ هێنانیانەوە سـەرکردایەتی و ڕێبەرێتی خۆیان بدەنە دەست بەرنامەکەی خوا ، دەبێ تەسلیمی بن ، پێوەی پابەند بـن ، بیکەنە ڕێساو پێگەی ژیانیان ، دەبێ بیکەنە دروشمی بزاڤی گۆڕانکاری و ئاوازی ئەو ڕێگە دوورو پڕ کەندو کۆسپە ..

**٣ـ راستی سێیەم : پەیوەندی نێوان دەروون و کۆمەڵکاری و واقیعەکان :**

ئەم راستیە بریتییە لە حەقیقەتی ئەو پەیوەندیە پتەوەی وا لـە نێـوان واقیعـی دەروونی موسوڵمان و کۆمەڵە موسوڵمانەکەی لەلایەک و ئەو شەڕو ململانێیەش لە لایەکی ترەوە کە ئەو تاک و کۆمەڵە موسوڵمانە بەرامبەر دوژمنانیان لە هـەموو مەیدانێـکی زۆرانبـازی و رووبەڕوو بوونەوەیاندا دەیکەن .. پەیوەندی نێوان عقیدەو بیروهۆش ، نێوان سەرکەوتن و بەزینی نێوان هەموو دەبەڕێک راچوونێک ئەمانە هەمووی هۆی سەروکین لە دیاری کردنی سەرکەوتن و بەزیندا ..

بەرنامەی خوای گەورە لە بوارێکی بەرفراوانی دەروونی مرۆڤایەتی و ژیانی مرۆڤایەتیـدا شوێن کەوتووەکانی ئاڕاستە دەکات ، هەم دڵ و دەروونیان ئاڕاستە دەکات ، هەم کۆمەڵە دیندارەکەیان ، هەر دووکیشیان لە واقیعی ململانێکەی ژیان و سەلماندنی بووندا ئاڕاسـتە دەکات .. بە یەک روداو ، بەڵام بە هۆکارو شێوازو لایەن وو هێڵە ئاڵۆزو تێکچڕژاوەکانی ئەو روداوە کە وەکو جۆری دڵ و دەروون و تەبیعەتی مرۆڤ خۆیـانن .. ئـاوا دەروونی موسوڵمانان ـ تاک و کۆمەڵیان ـ پەروەردە دەکات ..

ئەمە سیفەتێکی گرنگی ئەم بەرنامە خواییەیە کە تەواوو گشتگیرە . کە هـەموو ژیـان دەگرێتە خۆ . هەر هەموو لایەنەکان و پێکەوەش ، بێ ئەوەی لایەنێکی ژیانی مرۆڤ ئیهمال بکات ! دەرون ـ بەو هەموو حەزو ئارەزوو خەم و ترس و سڵ و ئینفیعالانەیـەوە کـە بەسەریدا دێت ـ لە بزاڤێکی گونجاوی رێک وپێکدا تەفاعول پێ دەکات ، بـێ ئـەوەی بهێڵێت مەئیوس یان گۆشەگیر بێت . یان تووشی ئیزدیواجیەتی کەسێتی ( انفیام الشخییە ) ببێت

**٤ـ سروشتی پرۆگرامی پەروەردەیی ئیسلام :**

بەرنامەی ئیسلام کۆمەڵە موسوڵمانەکەی خۆی بە ڕووداوەکان پەروەردە دەکات بەو کاردانەوەو ئینفیعالانەی رودایوێک لە جیهانی هەست و هۆشی خەڵکیدا دروستیان دەکات ، ئینفیعالەکان بۆ شوێنکەوتووەکانی هەڵ دەسەنگێنێت چونکە هەر یەکەیان لە جۆرە شەخسەیەتێکەوە هاتوون ، هەر یەکەیان مۆرک و سیماو سیفاتی جۆرە تەبیعەتێکی پێوەیە ، هەر یەکەیان لە رادە تێگەیشتن و جۆرە رەفتارێکەوە هاتوون ، بۆیە سەرەتا ئیسلام تەماشای هەموویان دەکات ، ئینجا لەبەر چاوی هەموان هەڵوێستە هەڵە یان لاسەنگ یان نارەواکان ــ با لە ناخی دەروونی خاوەنەکانیشیاندا هەر وەکو گومانیش بوو بن ــ دیاری دەکات ، هەر کاردانەوەیەک ناپەسەندو شیاو نەبوو بێت ، لایەنە سلبیاتەکانی دەردەخات و دەیخاتە لاوە ، هەر کاردانەوەیەک سنوور بەزینی تێدا بوو بێت و پێچەوانەی ئامانج لە روداوەکە بوو بێت ، خوای گەورە لەگەڵ نەشەکاندنی خاوەنەکەیدا ، وەک شتێکی قێزەوون وای لە موسوڵمانان دوور دەخاتەوە کە بێزی لێ بکەنەوە !

خوای گەورە هەلەکان ــ لەگەڵ رەحمەت و بەزەییدا ــ دیاری دەکات و هەڵوێستە راستەکەش وەک مرواری ئەسڵ بە درەوشاوەیی دەخاتە روو ، تا هەموو لایەک بەرەو ئەو حەقیقەتانە ئاراستە بکات کە خۆی ــ بۆ بەرژەوەندی ئەوان ــ لە رودانی روداوەکەدا مەبەستی بوون .

جۆری کاردانەوەکان ــ ئەگەر مافی کەسیان تیدا پێشێل نەکرێت ــ زۆر گرنگ نین ئایا ختورەو ئینفیعالی ناخن یان قسەن یان کردەوەن یان زمانی لەشن ؟ ( وەک شان هەڵتەکان و لچ و لێو هەڵقورچاندن و روو گرژ کردن و .. هتد ) ! مەگەر نابینیت قورئان باس لە هەڵوێستی شاراوەی ناو پێچ و پەناو سووچ و کون و کەلەبەرەکانی دڵ ودەروونەکان چۆن دەکات؟! چ هی موسوڵمانان [17]، چ هی کافران ![18] .. بەم شێوازە دڵ و دەروونەکان پاڵفتە دەکات ، دڵیان بە روداوو هۆشیان بە قورئانەکە ئاراستە دەکات ، تا وا پاکیان دەکاتەوە کە شاراوەو ئاشکرا وەک شووشەی روون و ساف بێت لایان ، ئاوا هەست و دیدو هەڵوێستەکانیان بۆ هەڵدەسەنگێنێت ، راست و چەوتییان دەخاتە روو ، تا

---

[17] وەکو ئایەتی ( ظَنَّ الْمُؤْمِنُونَ وَالْمُؤْمِنَاتُ بِأَنفُسِهِمْ خَيْرًا )٢٤ النور/١٢

[18] وەکو ئایەتی (يَوَدُّوا لَوْ أَنَّهُم بَادُونَ فِي الْأَعْرَابِ ) ٣٣ الاحزاب/٢٠

قەناعەتی زاتی خۆیان لا دروست دەبێت ، ئینجا ئاراستە خواییەکەیان بۆ دێت ، کە دەبێتە تەعلیماتی بڕیارو یاساو ڕێسای دەستوور .. ئاوا بیروبارووەڕە ئیسلامیەکەیان لەسەر بناغەیەکی واقیعی هەست پێ کراوو لە ئەنجامی ڕوداوێکدا ــ کە بەسەر خۆیاندا هاتووە ــ بۆ دادەمەزرێنێت ، کە ئاراستە دینییەکەیان دەکەوێتە بەر دەست هەست دەکەن حەقیقەتی ڕوداوەکە ئاوا بووە کە دەقەکە باسی کردووەو هەڵوێستی ڕەسەن و پەسەن و پارسەنگیش هەر ئەوەیە کە دەقەکە فەرمانی پێداوە .. ژیانی کۆمەڵگە موسوڵمانەکە لەسەر بڕیارو بڕگەو یاساو ڕێسای وا دامەزراوە کە ئاوا واقیعیانە داڕێژراوە . چونکە ئەو یاساو ڕێسایانە خۆ هەر بۆ ئەو نەوە ئیسلامەتیە نەبووە کە لە خزمەتی پێغەمبەردا بوون ، بەڵکو بۆ نەوەکانی دواتری ئەوانیشە ، نەوە بە نەوە تا ڕۆژی دوایی ، تا هەمیشە هەموو ئەوەیان لەبەر چاو بێت کە پەروەردە بە ڕوداو زۆر گرنگەو دەبێت داعی و شەرعناسەکان ئەو ڕوداوانەی بەسەر موسوڵماناندا دێت بۆ پەروەردە کردن و ئاراستە کردنی قورئانیانەیان بقۆزنەوە . با بزانن کە ڕوداو کتێبی کراوەی پەروەردەو ڕێنماییە ..

<u>٥ــ واقیعێتی پرۆگرامە خواییەکە :</u>

ئیسلام بۆ ئەوەی لە دنیای واقیعدا بێتە دی و بە شێوەیەکی عەمەلی لە ناو خەڵکیدا پیادە بکرێت ، نەهاتووە پرۆگرامەکەی خۆی لە شێوەی تیۆر ( نظریـــە ) یەیەکــدا داڕشتبێــت وخستبێیە بەر دەست و پاشان فەرمووی لە خەڵکی کردبێت کە مومارەسەی کەن !! نــا ، ئیسلام هەر لەیەکەم هەنگاوی موسوڵمان بوونی کەسێکەوە ــ بە کــردەوە هــەنگاو بــە هەنگاو ــ ئیسلامەکەی پێ دەهێنێتە دی ..

<u>٦ــ پرۆگرامی خوای گەورە نەگۆڕە :</u>

ئەمەش ڕاستیەکی تری گرنگ و بە سوودە ، یارمەتیدەرە بۆ بنیاتنانەوەی سەر لە نوێــی ژیانی ئیسلامەتی .. پرۆگرامی خــوایی نــەگۆڕە ، نــرخ و بــەهاو پێــوەرو حســاباتی هەڵسەنگاندنیشی هەر نەگۆڕە .. ئەوی مرۆڤی پێ نزیک یان دوور دەکەوێتەوە لە خــوای گەورەو لە بەرنامەکەی هەر هەڵوێستی خودی مرۆڤەکان خۆیانن ، مرۆڤ خۆی بەرپرســە لەوەی هەڵوێستی ڕاست یان هی چەوت بگرێتە بەر بۆیە لە ڕوانگەی ئیسلامەوە زۆر هەڵەیە مرۆڤ خۆی ڕێساو دەستوور بۆ دیدو تێڕوانین و پێناسەی شت و داب و نەریتی ڕەفتــارو

ڕەوشت دانێت . چونکە دیدو بۆچوون و پێناسەو مەرجی پەسەندی و بڕی هەڵوێستی قبوڵ کراو لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر ، لە نەوەیەکـــەوە بـــۆ نەوەیەکی تر دەگۆڕێن ، بەڵام ئەگەر پرۆگرامە خواییەکە بووە پێـــوەر ، دینەکـــە بـــووە مەرجەعییەتی چارەسەری ناکۆکی ، ئەو کاتە ئەو حوکم لەسەر ئـــەو دیـــدو بۆچـــوون و هەڵوێستە لێک جوداو دوورانەی ناو مرۆڤایەتی دەدات .. ئەو دیاری دەکات کە کامیـــانم ڕاستەو کامیان چەوتە ، کامیان ڕەوایەو کامیان ستەمە ئیسلامیش مساوەمە لەسەر هەڵەو ڕاستی هیچ کەسێک ناکات کەسی پێ باشتر نییە لە کەسێکی تر .. ئیسلام لەبەر خـــاتری ئەم و ئاو پرۆگرام و پێوەری خۆی ئینحیراف پێ ناکات . شوێن کەوتووەکانیشـــی لـــەم ڕوانگەوە وا پەروەردە دەکات کە بەرائەتی کەسێک لە هەڵەو تاوان ، نابێ لەسەر حسێـــبی حەق بێت . مانەوەو ڕاگرتنی بیروباوەڕو یاساو ڕێسا شەرعیەکان بـــە پـــاک و ســـەلامەتی چاکترە وەک لە شەرمەزاری نەهێنان بەسەر تاوانباراندا ، هەر کەسێک و لە هەر ئاست و پلەو پایەیەکدا بن ، لە ڕوانگەی ئیسلامەوە : تاوانباران کێن و چین و حوکمیان چـــییە وا بناسرێن چاکترە وەک لەوەی لەبەر خاتری ئەوان یان بۆ موراعات کردنی بەرژەوەنـــدی !! ئەحکامی دینەکەو پێناسەی پرۆگرامەکە بگۆڕرێن ! ئەم گۆڕان و گۆڕینە زۆر دژوار تـــرو کوشندە ترە وەک لەوەی ناوو سومعەی هەندێ گەورە پیـــاوی بـــەرپرس و نـــاوداری موسوڵمانان بزرێت و بشکێت !! پرۆگرامە خواییەکە گەورەترو گرنگترو بەتەمەنترە لـــە کەسایەتی و پلەو پایەو ناوو سومعەی هەموو کەسێک ..

واقیعی مێژووی ئیسلام بریتی نییە لە هەر کارو کردەوەو هەڵوێستێـــکی موســـوڵمانان ، بریتیش نیە لە بارودۆخی زەمانێک کە موسوڵمانان لە مێژووی خۆیاندا دروستیان کرد بێت ، بەڵکو مێژووەکە خۆی ئەو کارو کردەوەو هەڵوێست و بارودۆخانەیە کە موسوڵمانان بە گوێرەی دینەکەیان دروستیان کردووە .. ئەوەی کـــە پڕاوپـــڕ هاوجووتـــە لەگـــەڵ بیروباروەڕ و دیدو تێڕوانین و پێناسەو بەهاو پێوەری شەریعەتە نەگۆڕەکەی ئیسلام ، هەر شتێک لەگەڵ ڕێساو تەعلیماتی دینەکەدا یەکانگیر بووەوە ئەوە هی ئیسلامە ، هەر شتێکیش لەگەڵ ئەودا یەکانگیر نەبۆوە ئەوە هەڵەیە ، خوارو خێچە ، چەوتە ، ناڕەوایە بۆیە ئیسلام پێی قبوڵ نەبووەو بڕیاری لەسەر نەداوە ، هیچ کردەوەیەکی ناپەسەن ( بە نەزەری شەرعی

خوا ) هى هەر كەسێک بێت لەسەر ئيسلام مالٚ نييەو ناشبێتە مێژووى ئيسلام .. ئەوە وەک پارەى قەلب سەرى خاوەنى دەگرێتەوە ، ئەوان ـــ نەک ئيسلام ـــ شايانى ئەو وەسفانەن كە هەڵەن ، خوارو خێچن ، چەوتن ، نارِەوان ..هتد

مێژووى ئيسلام بريتى نييە لە لە مێژووى موسوڵمانان ، بـــەڵكو بريتييـــە لـــە مێـــژووى چەسپاندنى واقيعى ئيسلامەكە لە ديدو تێرِوانين و رەوشت و رەفتارەو واقيعى خەوڵكيدا .. لە جێبەجێ كردن و راپەڕاندنى تەعليماتى شەريعەتەكەى .. لە بارودۆخى ژيان و سيســـتمى كۆمەڵگاكەيان .. چونكە ئيسلام تەوەرێكى نەگۆڕەو موسوڵمانان بەدەوريدا دەگەڕێن ، ، چوارچێوەيەكى نەگۆڕەو موسوڵمانان لە نێويدا دەبزوێن .. گەر تەوەرەكەيان گۆڕى ، يان لە چوارچێوەكە چوونە دەرەوە ئيدى ئيسلام هەقى بەسەريانەوە چييە ؟! بۆچى مـــالٚ بـــن لەسەر ئيسلامەكە ؟! كارو كردارو رەفتارو رەوشتيان ـــ كە بە پێـــى تـــەعليماتى خـــودى ئيسلامەكە نييە ـــ بۆچى ببێتە موڵكى ئيسلام ؟! بۆچى بووترێت : ئەوە ئيسلامە ؟! .. نا ، دەبێت بووترێت : ئەوانە مادام لە پرۆگرامە ئيسلاميەكە چوونەتە دەرەوەو وازيان لە ئيسلام هێناوە ، هەر موسوڵمان نەماون چ جاى رەفتاريان ببێتە دياردەو جەوهەرى ئيسلام ! ئەوانە كاتێک بە موسوڵمان حسێب بوون كە دينەكەى خوايان قبولٚ بوو ، پێوەرى پابەند بوون و جێبەجێ كردنى ئيسلاميان لا قبولٚ بوو . ژيانيان مۆركى ئيسلامەتى پێوە بوو .. نەک دواتر كە لە ئيسلام چوونە دەرەوەو هەر بە زمان و سەرزارەكى دەيـــان ووت : موســـوڵمانين و تەنها ناوى بێ ناورۆكيان موسوڵمانانە بوو ..

........................

دەستووری دین ( فقە ) ١٩

ئەحكامی بزاڤ و بزاڤی ئەحكام :

ئەحكامی شەریعەتەكەی ئیسلام لە بێكاری ودەست بەتاڵیەوە نەهاتووە ، نامومكینیشە لە بێكاری و دەست بەتاڵی و بۆشایشدا بژی . ئەوانەی كە بێكارو بەتاڵن لێی حاڵی نابن ! چونكە شەریعەتی ئیسلام لە كۆمەڵگەیەكی ئیسلامیدا هاتۆتە دی كە لەگەڵ هەنگاوەكانی بزاڤی ئەو كۆمەڵگەدا گەشەی دەكرد . ئەو بزاڤەی رۆژانە لە واقیعدا رووبەڕووی ژیانی ئیسلامیانە دەبووەوە ..

دەبێت هەمیشە ئەوەمان لەبەرچاو بێت كە ئەحكامە شەرعی یەكان كۆمەڵگە موسوڵمانەكەیان دروست نەكردووە ، بەڵكو كۆمەڵگە موسوڵمانەكە بە بزاڤە واقیعیەكەی خۆی ئەوی دروست كردوو هێنایە دی .. چونكە كۆمەڵگەكە رۆژانە رووەڕووی پێداویستیە واقیعیەكان دەبووەوە ، دەبوو حوكمی پڕاوپڕیان بۆ دەركات .. ئەو حوكمە رۆژانە بوو .. پاشان بووە ئەو ئەحكامە شەرعیانەی دوایی ناوی فیقهی لێ نرا .. ئەم حەقیقەتە مێژووییە واقیعیانە بەڵگەی زۆر بەهێزن . زۆر كاریگەرو گرنگن رۆڵیشیان لە

---

(١) لە كوردیدا بە ئەحكامە شەرعییەكانی فیقهی ئیسلام دەڵێن : ( شەرع ) و لەیاساو رێسای حكومەتیش جوێ دەكەنەوە . بۆیە دەڵێن : بە پێی یاسا ئاوایەو بە پێی شەرعیش ئاوایە .. بەڵام من لێرەدا هەر فقهەكەم بە ( ئەحكامی شەرعی ) ناو بردۆتەوە ، چونكە زۆرجار بە هەموو ئیسلام دەوترێت شەرع ..

شارەزا بوون وتێگەیشتنەوەی سەر لەنوێی سروشتی ئەحکامە شەرعیەکان وپـەی بـردن ودەرک کردنەوەی سروشتە بزاڤیەکەی ئەحکامە شەرعیەکان زۆر گەورەو سەرەکی یە ..

ئەوکەسانەی ئەمڕۆ ئەو ئەحکامە شەرعیانە ـ کە هەمووی لـە دوو توێـی کتێبدا نووسراونەتەوەو ئامادەو تۆمارکراون ـ دەخوێنن ، بێ ئەوەی ئەو حەقیقەتانە لەبەر چـاو بگرن و لەو بارودۆخانە حاڵی بن کە ئەو دەقانەیان تێدا هاتۆتە دی . یان ئەو کەش وهەواو حاڵەتانە ئیستیعاب ناکەنەوە کە دەقە شەرعیەکان بەدەنگیانەوە دەچوون وچارەسەریان بۆ دادەنا وئاراستەیان دەکردن پێی . یان لەو زەمان وخەڵک وحاڵەتانە ناکۆڵنەوە کـە ئـەو دەقانەیان تێدا هاتە دی و داوەریان پێ کرا . ئەوانەی وادەکەن ، وا دەزانـن ئەحکامـە فیقهیەکان هەروا سادەو ئاسان دەرکراون بۆیە پێشیان وایە دەشکرێت لە دەست بـەتاڵی وبێ ئیشیدا بچەسپێت ! ئەوانەی وا دەکەن ، نە مەلان و نە شەرعناسن ونە لە ئەحکامـە شەرعیەکانیش گەیشتوون ! بگرە هەر لە دینەکەش حاڵی نەبوون .. فیقهێک بە بزاڤێـکی واقیعی هاتبێتە بوونەوە چۆن بێ بزاڤێکی واقیعی کاریگەر دێتەوە کار ؟! مادام فیقهەکە لە دوای بزاڤەکەوە هاتووە ، ئیتر چۆن دەشێ وەدەکرێ بە فیقهەکە بزاڤ دروست بکرێت ؟!

ئەحکامەکانی بزاڤ ئەو واقیعە چاک لەبەر چاو دەگرێت کە دەقەکانی تێدا دابەزیونەتە خوارەوەو ئەحکامە شەرعیەکانی لەسەر دارێژراوە . چونکە ئەو واقیعـە لەگـەڵ دەقـە شەرعیەکاندا ئاوێتەیەکیان پێک هێناوە کە توخمەکانی لێک جیا ناکرێنەوە . هەر کاتێـکیش لێک ترازێنران سروشت و سیفەتەکانی ئاوێتەکەش نامێنن . ئەو توخمی سروشـت وکـەش وهەواو هەڵوێست وبارودۆخانەی بووبوونە کەرەستەی پێکهاتنی حوکمێکی فیقهی ناشـێ وناکرێ لێک هەڵاوێردرێن ولەحوکمە فیقهیەکە جودا بکرێنەوە . ئەگینا حوکمە شەرعیەکە تەنها دەکەوێت و زەحمەتیشە بە تەنها سوودبەخش بمێنێتەوە .. ئەحکامی بزاڤ زۆرجیاوازە لە ئەحکامی سەر کاغەز .. تەجروبەکان سەلماندویانە کە ئەو کەسانەی بەم دینەوە لەگەڵ بزاڤەکەیدا تەفاعول ناکەن ونابنە لازم و مەلزومی یەکتر ، زۆر زەحمەتە لە خودی دینەکە تێ بگەن وشارەزای ئەحکامە شەرعیەکانی ببن ، گەرچی هەر خەریکی خوێندنی فیقهەکەش بن .. فیقهەکە لە دوو توێی کتێبدایەو خوێندنی واش ساردو سڕو مردووە ..

ئەو ساتەوەختانەی رۆحی تێدا دەژی وگیانی دینداری تێیدا گەشە دەکات ئەو کەسانە هەستی پێ دەکەن ودەیگەنێ کە بەم دینە لە بزاڤی گۆڕانکاریدان .. بزاڤی جیهادی کە بۆ هێنانە دی وراپەراندنی لە واقیعی ژیانی خەڵکیدا لە رەنجدان و ناسرەوێن ئەستەمە هەست ولەزەتی ئەم ساتانەی رۆح ودەرون ئەو کەسانە بیگەنێ کە شەوو رۆژیان بەسەر کەلام و کتێبەوە گرێداوەو تەمەنیان وەکو پشتیان بەسەر کتێبەوە کوورِ بووە ! ئەوی دەیەوێت لە دین تێ بگات وشارەزایی لە ئەحکامەکانی شەرعدا پەیدا بکات ، دەبێ لە بزاڤێکی واقیعیدا گەشەونەش ونما بکات کە بەم دینە دروست بووەو گۆش کراوە .. زۆر ئەستەمە کەسێک ئەحکامی شەرعی لە مەلایەکی دانیشتووی بێکارو دوور لە بزاڤی دینەوە وەربگرێت ، یان لای شەرعزانێک فیقهێک وەربگرێت کە گۆشەگیری کونجی مزگەتێکەو دوورە پەرێز خۆی گرتۆتەوە لە بزاڤی دینداران و دوور لە واقیع ، دین حونجە دەکات !!

ئەحکامەکانی شەرع هەڵقولاوی بزوتنەوەی ئیسلامین ، سەرەتا دینەکە هاتە دی وچەسپی ، پاشان ئەحکامە فیقهیەکان پەیدا بوون .. ئاوا .. نەک بەپێچەوانەوە. ئەو کاتەی دینداری چەسپی .. کە تاکەکان خۆیان تەسلیم بەدینی خوا کردو بەهەموو حوکمێکی خوایی رازی بوون . پاشان کۆمەڵگەیەکیشیان لەخۆیان پێک هێنا کە بەدینەکە رازی بوون وتەسلیمی ئەحکامە شەرعیەکانی بوون .. تاک و کۆمەڵگەکە هەموو داب و نەریت ودەستورو یاساو رێسایەکی کۆمەڵگەوسیستمی جاهیلییەتیان تورِ هەڵداورازی نەبوون مرۆڤی وەکو خۆیان شەریعەتیان بۆ دارِێژن .. دوای ئەوەی تاک وکۆمەڵگەکە بە قەناعەتەوە ، ئەوەیان رەفز کردەوە کە جاهیلییەت داب و نەریت و یاساو رێسا بۆ ژیانی تاک وکۆمەڵگە دابنێت .. پاشان کە تاک و کۆمەڵگەکە کەوتنەوە ژیانی رۆژانەی نوێی خۆیان وکە بە گوێرەی رێساو ئەحکامی شەریعەتەکەی خوای گەورە رەفتاریان کرد ، کە رۆژانە لە ژیان و سەوداو مامەڵەو هەڵس و کەوتیاندا پێویستیان بە ئاراستەی دین بوو؛ کە لە رووداوێکدا رادەمان وچاوەڕوانی هەڵوێستی دینەکەو حوکمی شەرعی دەبوون ، کە دەیانوویست کارێک ئەنجام بدەن بەڵام نەیاندەزانی هەڵوێست وبریاری شەرع چۆنە بەرامبەری .. کە ژیانی نوێیان لق و پۆپی تازەی لێ جوێ دەبووەوە .. لەم هەموو کاتانەدا ئەحکامی شەرعی دروست دەبوو .. کەوا بوو ئەحکامە شەرعیەکان وەڵامی واقیعی پێداویستیەکان بوون .. ئاوا فیقهی ئیسلامی

هاتۆته ئاراوه .. جم وجولْ وچالاكی وبزاڤ كردن بەم دینه بوو ئەحكامی شەرعی هێــنایه كایەوه . هەر ئەو بزاڤەی بەم دینه دەكرا هەر ئەوەبوو كه گەشەونەش ونمای به فیقهەكــه دەكرد . لق وپۆپی لێ وەرگرتن ( استنباگ ) ی لێ جوێ دەكردەوه .. هەرگیزاو هەرگیز ئەحكامی شەرعی لەكتێبی ساردو سڕەوه نەدەهات ..بەڵكو له گەرمەی ژیانی واقیعیدا لــه دایک دەبوو .. له گۆنگەڵی كێشەو دەبەرێک راچوونی ژیانی تاک و كۆمەڵگەكەشدا نەش ونمای دەكردو بەرەو پێش دەچوو .. بۆیــه شەرعناســەكانی ئــەو زەمانــه دینــدارترو تێگەیشتووتر بوون له دینەكەدا .. شارەزا بوونەكەیان لەوەوه بۆیان دروست دەبوو كه به دینەكه دەبزوتن . دینەكەیان دەخسته گەڕو خۆشیان له لایەكەوه پێوەی پابەند دەبوون و لەلایەكی تریشەوه كۆمەڵگەكەیان پێ دەگۆڕی .. جا كه دینەكەیان له واقیعی زینــدوودا دەیخستنه گەڕ ، له واقیعی ژیانی كۆمەڵگه نوێــكەی موســوڵمانانەدا دەبــزوتن . خۆیــان ودینەكەیان بەیەكتری و پێكەوه واقیعەكەیان دەگۆڕی . لەم گۆڕانكارییه بێ سەروتەی ئەو دیندارانه كه به دینەكه له واقیعی ژیانیاندا ئەنجامیان دەدا ، ئەحكامه شەرعیەكان له دایک دەبوون .. ئاوا ئەحكامی شەرعی ( فیقهی ئیسلامی ) دەهاته دی ..

ژیانی ئەمڕۆو ئەحكامی شەرعی

كوا ئەو كۆمەڵگه موسوڵمانەی خۆی تەسلیمی خوای گەوره كــردووەو بەدینەكــەی رازییه ؟! كوا ئەو كۆمەڵگەیەی به كردەوه كۆیلەیی رەفــز كردۆتــەوەو بــه كــردەوه سەلماندویەتی كه غەیری دینی خوای ناوێت ویاساو رێساو ئەحكامی هیچ دەستورێكی غەیری ئەحكامی شەریعەتەكەی خوای گەورەی ناوێت ؟!

كەس ناتوانێت لاف وگەزافی ئەوه لێدات كه كۆمەڵگەیەكی موسوڵمانی وا ئێستا هەیــه . كەوا بوو هەر له سەرەتاوه ئەو موسوڵمانەی كه ئیسلام دەناسێت وشــارەزای بەرنامــەو پرۆگرامەكەیەتی ودەزانێت مێژووی ئیسلام چۆن درووست بووه ، هەوڵی ئەوه نادات بزاڤ به ئەحكامی شەرعی دروست بكات له كۆمەڵگەیەكدا كه تەسلیم بەدینی خوا نەبووەو هەر له سەرەتاشەوه باوەڕی بەوه نەهێناوه كه دەبێ یاساو رێساو دەستوری ژیانی كۆمەڵگەكەی تەنها ئەحكامەكانی شەریعەتی ئیسلام بێت .. چونكه موسوڵمانی سەر راســت هــەر لــه سەرەتاوه هەوڵی ئەوه دەدات كه دینداری له خەڵكیدا بچەسپێت .دینداری بەو سیفەتەی

کە تەسلیم بوونە بەخوای تاک وتەنهاو بڕیاردانە بەوەی کە غەیری خوا هیچ کەسێک حاکم نیەو دەسەڵاتی یاساو ڕێسا دانانی نیە وهیچ یاساو ڕێساو دەستورێک گەر لە شەریعەتەکەی خواوە وەرنەگیرابێت قبووڵ نابێت ولە کەس وەرناگیرێت خۆ خەریک کردن خەڵک بەنەش ونماو ڕێکخستن وپێشخستنی فیقهی ئیسلامی و ئەحکامی شەرع لەژێر سایەی کۆمەڵگەیەکدا کە ڕەفتارو هەڵس و کەوتی بە گوێرەی ئەو ئەحکامە شەرعیانە نیە وژیانی لەسەر ڕێساکانی ئەو دانەمەزراوە ، گاڵتەو گەمە کردنە و لەگەڵ جیددیەتی ئەم دینەدا ناگونجێت .. ئەو کۆمەڵگە لە کوێ وئەو ئەحکامە شەرعیە لە کوێ ؟! ئەمە حاڵی نەبوونە لە سروشتی ئەم دینە .. ئەمە گێلێتییە ..

خەڵکێک وابزانێت سست وساردو دەست بەتاڵ دانیشێ ورەفتار لەگەڵ کەلام و کتێبدا بکات ووا بزانێت بەو شێوازە لە دینەکە تێ دەگات !!

کاتێک ئەحکامی شەرعی لەم دینەوە هەڵدەهێنجرێت ، کە بزاڤێکی دینی لە جیهانێکی واقیعیدا وەک فوارە هەڵدەقوڵێت ووەک ئاو بە کون وکەلەبەری کۆمەڵگەکەدا تەشەنە بکات وسەدان بەردو تاوێرو لێژگەو هەورازو نشێوی بێتە ڕێ .. تەنها تەسلیم بوون بەدینی خواو دینداری بوو پێی کە کۆمەڵگە موسوڵمانەکەی یەکەمجاری هێنایە دی . کۆمەڵگە موسوڵمانەکەش ئەحکامە شەرعیەکان داڕشت . بۆیە دەبێ هەمیشە ئەم نۆبەو تەرتیبە لەبەرچاو بگیرێت وبگیرێتەوە بەر سەرەتا حەتمەن دەبێ کۆمەڵگەیەکی موسوڵمانی وا بەدینداری وتەسلیم بوون بە خوای گەورە پێک بهێنرێت کە بە شەریعەتەکەی خواوە پابەند بێت وسور بێت لەسەر وەرگرتن وراپەڕاندن وچەسپاندنی .. ئینجا دوای ئەوە ــ نەک پێش ئەوە ــ فقهێکی ئیسلامی واقیعی دێتە کایەوە کە بەرفراوان وگشتگیرو پڕاوپڕی پێداویستیەکانی ئەو کۆمەڵگەیە دەبێت کە هێناویتیە دی .. نەک کۆمەڵە ئەحکامێکی شەرعی پێشتری نوسراوەو ئامادە دانرا بێت وئینجا کۆمەڵگەی موسوڵمانی لەسەر بنیات بنرێت !!

هەموو حوکمێکی فیقهی بریتیە لە چەسپاندن وراپەڕاندنی هەموو لایەنەکانی شەرع .. با ئەو حوکمەش بە رادەیەکی دیاری کراوو بۆ حاڵەتێکی دیاری کراویش بێت [1] چونکە ئەو روداوەی حوکمە فیقهیەکەی بەسەردا دەچەسپێت ، هەر بەشێکە لەو بزاڤەی دیندارەکان

بە دینەکە لە واقیعەکەیاندا کردوویانە .. بۆیە حوکمە شەرعیەکە هەڵوێستێکی دینەکەیە وپڕاوپڕی قەبارەو شێوەو کەلێن وبارودۆخ و چۆنیەتی وچەندێتی پێداویستیەکانە ..وەکو پۆشاکێکەو هەموو پارچەیەکی بە گوێرەی قەدو باڵاو قەبارەی ڕووداوەکان دووراوە .. ئەمما ئەو ئەحکامە شەرعیانەی لە دوو توێی کتێبدا نوسراوەتەوەو ئێستا حازرو ئامادەن ، ئەوانە ئەحکامی ڕووداوی ترن .. ئەوانە لە زەمانێکدا داڕێژراون کە ژیانی ئیسلامی بەگوێرەی حوکم وسیستم ودیدی ئیسلام بوو .. پێش ئەو زەمانە ئەم حوکمە شەرعیانە دانەڕێژرا بوون وچاوەڕێی ڕووداوەکانیان بکەن بقەومێ تا ئەمان ڕاپەڕێنرێن ! ئەو زەمانە حوکمە شەرعیەکان ــ وەکو ژیانەکە خۆی ــ زیت و زیندوو چوست وچالاک بوون . بۆیە ئەمڕۆش دەبێ ئێمە ئەحکامی شەرعی تر ــ وەکو کە هەڵوێستی دینەکە دەخوازێت ــ بۆ حاڵەتە نوێیەکانی ژیانمان داڕێژین .. بەلاّم بە تەئکید پێش ئەوە دەبێ ئەو کۆمەڵگەیە پێک بهێنرێت کە دیندارەو دینداریەکەشی بە ئیسلام پێکەوە ناوە .

ئەو کۆمەڵگە قەناعەتی بەوە کردووە کەجگە لە ئەحکامی شەرعی ئەم دینە هیچ نەکاتە یاساو ڕێسای ژیانی . ئەوسا ڕەنج وجیهادیی موسوڵمانان وەک دینەکە جیددی و بە بەرهەم بێت وتێگەیشتنیش لە دینەکە قوڵترو ڕاستتر دەبێت .جگە لەم شێوەیە گاڵتەجاڕو گەمەی مندالاّنەو ئیسلام نایەوێت .. چونکە هەموو شێوەیەکی تر داڕشتنی ئەحکامی شەرعی ڕاکردنە لە جیهادەکە وخۆ هەڵخەڵەتاندن وفریودانە وبە ناوی ( نوێ کردنەوەی ئەحکامی شەرعی ) یان ( ڕێکخستن وپێشخستنی فیقهی ئیسلامی ) ڕەواجی پێ دەدرێت ! ئەو کەسانە لەجێی ئەوەی ئیعتراف بە لاوازی و بەزینی خۆیان بکەن لە شەڕو مل ملانێکە هەڵدێن .. با لە جیاتی ئەو هەلاّتن وفەلسەفاندنەی ترس وبەزینە داوای لێ بوردن لەخوای گەورە بکەن .. ئەرکی سەرەکی ئێستای موسوڵمانان جیهادە لە پێناوی خوادا .. جیهادە بۆ چەسپاندنی خوایەتی خوای گەورە لەسەر زەمین . دوای ڕماندن وتێکشکاندن وبەزاندنی ئەو تاغوتانەی دەسەلاّتی خوایەتیان بۆ خۆیان زەوت کردووە ..

<u>ئەحکامی شەرعی و مەلای بەتاڵ :</u>

ئەحکامی شەرعی لە بێ ئیشی ودەست بەتاڵیەوە دروست نابێت . لە دەست بەتاڵی وبێ ئیشیشدا ناژی .. ئەحکامی شەرعی لە مێشکی بێ خەم وئیرادەی بێ هیممەت وسەر

کاغەزی بێ گیاندا ناڕوێت وگەشە ناکات .. بەڵکو لە واقیعی ژیاندا دەڕوێت ولەویشدا گەشەو نەش ونما دەکات .. واقیعی هەموو ژیانێکیش نا .. نەخێر .. واقیعی ئەو ژیانەی کۆمەڵگەیەکی موسوڵمان دەیباتە سەر .. بۆیە دەبێ لە سەرەتاوە هەوڵ بۆ پێکهێنانی ئەو کۆمەڵگە موسوڵمانە بدرێت کە کۆمەڵگەیەکی سروشتی ولەش ئاسایە .. هەموو ئەندامەکانی پێکەوە سازاوانە دەبزوێن ..تەنها ئەو کۆمەڵگەیەیە کە دەبێتە کێڵگەی سروشتی وئاسایی فیقهی ئیسلامی وتەنها لەوێدا ئەحکامە شەرعیەکان لە دایک دەبن وگەشە ونەش ونما دەکەن و وە بەرهەم دێن .. ئەو ئەحکامە شەرعیانە تەنها لەو کۆمەڵگەیەشدا دەچەسپێن ..

بیر ئاڵۆزی وموعاناتی ئەو زانا ومەلایانە ئەوەیە کە وا دەزانن ئەم واقیعە جاهیلیەی کە تێیدا دەژین ، ئەسڵەو ڕەسەنەو سروشتیەو ئەمان دەبێ دینەکەی لەگەڵدا بسازێنن . ئەحکامە شەرعیەکانی لەگەڵدا بگونجێنن ! بە بەهانەی ئەوە گوایە دینەکە بۆ واقیعی ژیان هاتووە بەڵام ناڵێن کام واقیعە ؟! واقیعی کۆمەڵگەی جاهیلی یان واقیعی کۆمەڵگەی موسوڵمان ؟!

دەبێ ئەوە بەڵگەنەویست بێت چونکە دینەکەی خوای گەورە ئەسڵەو ڕەسەنەو لەلایەن خوای گەورەوە هاتووە ، کەوا بوو هەر دەبێت کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی خۆی لەگەڵدا بسازێنێت دەبێ کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی واقیعەکەی خۆی بەگوێرەی دینەکەی خوا بگۆڕێت .. شێوازی ئەم گۆڕینەش بە دیدو بۆچوون ومەیل وئارەزووی کەسانێک نیە چۆنیان بوێت وا بکەن !! نەخێر .. تەنانەت شێوازە ئەو گۆرانکاریەیش دەبێت تەنها بەیەک شێوە بێت ! بە ڕەنج و جیهادی بزاڤێکی ئیسلامی کە ڕووەوڕووی جاهیلیەت دەبێتەوەو بۆ چەسپاندنی هێنانە دی خوایەتی خوای گەورە لەسەر زەویدا تێ دەکۆشێت .. بۆ سەلماندنی پەروەردگاریەتی ئەو .. بۆ ڕزگارکردنی خەڵکی لە ژێر مۆری تاغوتان ولە تاغووت پەرستی.. بۆ چەسپاندنی ئەحکامەکانی شەرعی خوا لە ژیانی ڕۆژانەی کۆمەڵگە موسوڵمانەکەیاندا .. ئەم بزاڤەش حەتمەن لەو ڕێیەدا تووشی فیتنەو ئەشکەنجەو ژان و ناسۆر دیت . جا ئەوەی لاوازەو بێ هیمەتە دەکەوێت . ئەوەی لاوازترە لە دینەکەش پاشگەز دەبێتەوە .. ئەوەی سەر ڕاستانەش بەیعەتی بە خوای خاوەنی داوە بەردەوام دەبێت وخۆ دەگرێت .. تا دەگلێت وشەهید دەبێت یان ئارامگرانە بە ئارامیەوە لەسەر ڕێبازی خۆی دەروات وبزاڤەکەی بە

هێزتر دەکات . تا بڕیاری خوای گەورە دێت وناوکۆیی ناکۆکی حەق و باتـڵ دەکـات وحەق سەردەخات جا ئەو کاتە سیستەمە ئیسلامیەکە دێتە کایەوەو حوکم دەکات جا ئەو کەسانەی بە ئیسلامەکە پەروەردە بوون وبە خۆشەویستی خوا گۆش کراون وبە دینەکەیەوە هاتوونەتە پێش ولەسەر ڕێبازی ئەو مانەوەو بە تەعلیماتی خوای گەورەوە پابەنـد بـوون ، ئەوانە دەبنە کارگێڕو ڕاپەڕێنەرانی ئەو سیستەمە ئیسلامیە .. ئینجا پێداویستی ڕۆژانەی ئەوان وکۆمەڵگە موسوڵمانەکەشیان داوای هەڵوێستی شەرعییان لێ دەکـات .. داوای بڕیـاری دینەکەیان لێ دەکات . ئینجا ئەحکامە شەرعیەکان سەرلەنوێ لەبەر ڕۆشـنایی قورئـان وسونەتدا دادەڕێژرێنەوە ، بەشێوەیەکی وا کە لەگەڵ پێداویستی کۆمەڵگە نوێ کەیانـدا بگونجێت .. دوور لە کۆمەڵگەی جاهیلی وبارودۆخ وشێوازو یاساو ڕێساو داڕشتنی جاهیلی ..

ئەحکامی شەرعی ــ لەبەر ڕۆشنایی ئەو واقیعە نوێیەوە کە کۆمەڵگە موسوڵمانەکەی تێدا دەژی ــ لە دینەکەوە وەردەگیرێت .. لەو واقیعەوە نەک لە دەست بەتاڵی وبێ ئیشیەوە .. لەو واقیعەوە کە داواکاری تایبەتی هەیە .. پێداویستی خۆی هەیە .. داوای چارەسـەری کێشەکانی دەکات .. هەنگاوی یەکەمی وون بوون و ڕێ بزرکرن ئەوەیە کە وەکو ووتمان : وا بزانرێت ئەم کۆمەڵگایانەی ئێستا موسوڵمانانی تێدا دەژین ــ بـەو هـەموو پێـکهاتە تێکەڵەیەوە ، بەو هەموو دیدو بۆچوون وهەست وهۆش وهەڵوێستە دژەیەوە ، بەو هـەموو خوونەریتە نامۆو ناپەسەندەیەوە ــ کۆمەڵگای موسوڵمانن ! ودەشێ ئەحکامـە شـەرعی یەکانی ئیسلامیان ــ کە ئێستا لە دووتوێی کتێبی کۆندان ــ بدەینێ وتێیدا بیچەسپێنین !!

دیسان نیشانەی کۆڵەواری وکوێرەوەری وزەین کوێرییە وا هەست بکرێت کە واقیعـی ئەم کۆمەڵگە جاهیلیانە وپێکهاتەی ئێستایان ئەسڵەو ڕەسەنەو سروشتیەو پێویستە دینەکەی خوای گەورە لە گەڵیاندا هەڵکات وڕێکات وخۆی بسازێنێت ! خـۆی وابگۆڕێـت تـا بگونجێت .. تا فریای پێداویستیەکانی ئەو کۆمەڵگە جاهیلییانە بکەوێت .. تا بــە هانـای کێشەکانیانەوەبچێت ! لە کاتێکدا کە پێداویستیەکانی ئەو کومەڵگە جاهیلییانە هەر لەوەوە هاتوون کە کۆمەڵگەیەکی ئیسلامی نین !خۆیان پێچەوانەی ئیسلام دەبزوێن !! نا .. نابێت گوێ لەم گەڕەلاوژێ وگاڵتەجاڕە بگرین .. وا دەزانم کاتی ئەوە هاتووە کە ئیسلام لە دڵ

و دەروونی موسڵمانانیدا زۆر بەرز وبەنرخ راگیرێت .. نەهێڵین ئیسلام بکرێتە خزمەتکاری ئەم بارودۆخە جاهیلیانە . نەهێڵین بکرێتە رەنجبەری ئەم کۆمەڵکە جاهیلییانە .. نەهێڵن بکرێتە زامن ومسۆگەری چارەسەری ئەو پێداویستیانەی جاهیلییەت .. دەبێ موسڵمانان و خەڵکی گشتی بەو کەسانەی فتوایان لێ داوادەکەن بە تایبەتی بڵێین :جارێ ئێوەخۆتان بەرەو ئیسلامەکە وەرن .. جارێ خۆتان ملکەچی حوکمە شەرعیەکان بن .. یان ئاشکراتر بڵێین جارێ ئێوە خۆتان وەرنەوە ناو دینی خواوەو وەری گرن .. جارێ خۆتان موسڵمان بن و بڕیار بدەن تەنها خوای گەورە بپەرستن .. جارێ خۆتان شایەتمانە بە حەقەکەی لا الە الا اللّٰه بهێنن بەو واتاو ماناو شێوانەی کە باوەڕو ئیسلامیان لە سەر دادەمەزرێت کە بریتیە لە قەناعەت کردن و بڕیاردان بەوەی کە تەنها خوای پەروەردگار خوای دەسەڵاتدارە لەسەر زەمین و لە ئاسمانەکانیش .. بڕیاردان بەوەی کە تەنها خوای گەورە حاکمەو تەنها ئەو مافی بەرنامە دانانی بۆ ژیانی مرۆڤایەتی هەیە ئەم بڕیارەشتان بەوە پیادە دەبن کە نەهێڵن هەندێ کەس ببنە خوای خەڵکی .. نەهێڵن هەندێ کەس لە جێی خوا بپەرسترێن .. نەهێڵن هەندێ کەس خۆیان لە جێی خوای گەورە دانێن وبە کەیفی خۆیان یاسا و رێسا ــ پێچەوانەی دینی خوا ــ داڕێژن .. تەنانەت نەهێڵن هەندێ کەس ناشەرعیانە ببنە حاکم ودەسەڵاتداریش .. جا ئەو کاتەی خەڵکی یا هەندێ کەسی بە هیممەت وەدەنگ ئەم بانگەوازەوە دێن ، مانای وایە یەکەم هەنگاویان بەرەو پێکێنانی کۆمەڵگە موسوڵمانەکە ناوە .. مانای وایە : ئەوواقیعە زیندوەی ئەحکامی شەرعی ئیسلامی تێدا دەڕوێت وگەشەو نەش ونمای تێدا دەکات ، دێتە کایەوە .. لێرەوە فیقهی زیندوو لە دایک دەبێت ، چونکە بەگوێرەی پێداوویستیەکانی رۆژانەی کۆمەڵگە موسڵمانەکەی ــ کە تەسلیم بە دینی خوا بووە ــ ئەحکام دەردەچێت ..

پێش پێکهاتنی ئەو کۆمەڵگە موسڵمانە هەموو کارکردنێک لە بواری رێکخستنەوەی فیقهو ئەحکامی شەرعی وداڕشتنەوەی بەو شێوەیەی کە وەڵامی پێداوویستیەکانی کۆمەڵگەی جا هیلی پێ بدرێتەوە ، خۆهەڵخەڵەتاندن وخەڵکی فریودانە .. هەوا کێڵانە .. تۆو وەشاندنە بە هێڵی دەریادا .. چۆن تۆوی دانەوێڵە لە هەوادا ناڕوێت فیقهی ئیسلامی و ئەحکامی شەرعیش لە بێ ئیشی ودەست بەتاڵیدا چەکەرە ناکات .. کارکردنی ( فیکر ) ی

له کێڵگەی ( فیقه ) دا شتێکی خۆش وکارێکی ئاسان وسەلامەته کاری حەساوەی بەر سێبەره ! چونکه هیچ دژواریەکی نایەته رێ ! بەلاّم به تەئکید ئەوه کارکردن نیه بۆ ئیسلام .. به تەئکید ئەو خۆ ماندوو کردنه ، نه سروشتی بانگەوازی ئەم دینەیه نه بەرنامەشیەتی .. ئەو کەسانەی ژیانی سەلامەتی وهێمنیان دەوێ ، له جێی ئەوەی وا خۆیان به ئەحکامه شەرعیەکانەوه خەریک کردووه ، با برۆن خوو بدەنه هونەرو ئەدەب .. یا با خۆیان به بازرگانیەوه خەریک بکەن .. من وا دەزانم ـــ والله اعلم ـــ ئەوی ئەوانه دەیکەن هەر کات بەفیڕۆ دان وتەمەن زایه کردنه .. دینی خوا ئەوه قبوولْ ناکات ببێته ئەسپ وعەرەبانەی کۆمەڵگەی جاهیلی .. یان ببێته خزمەتکاری ئەو کۆمەڵگەیەی له دینی خوا یاخی بووه .. ئەو کۆمەلگایەی نەک گوێ له دینی خوا ناگرێ بەڵکو نکۆڵیشی لێ دەکات .. جاجارەش لێرەو لەوێوەش گاڵتەیان به دینی خواو ئەحکامەکانیشی دێت .. پێان وایه ئەو شەریعەته هی ئەوه نیه هەڵوێستی راست وچارەسەری چاک بۆ کێشەو پێداوویستیەکانی کۆمەڵگەکەیان بدۆزرێتەوه ئەحکامی شەریعەتی ئیسلام هی ئەو جۆره کۆمەڵگه جاهیاییانه نیه که له خوا یاخین و مل کەچی دەسەلاّت و دینی خوانین ..

**<u>پینەی ( دینی ) ی !!</u>**

ووتمان که ئەحکامی شەریعەتی ئیسلام له دەست بەتاڵی وبێ ئیشیەوه پەیدا نەبووه ، تا له به تاڵی وبێ ئیشیدا گەشەونەش ونما بکات پێکهێنانی کۆمەڵگه موسڵمانەکەو قۆناغەکانی پێکهێنانی له هەموو کات و شوێێکدا هەر یەکە .گواستنەوەی کۆمەڵگەیەکیش له جاهیلییەتەوه بۆ ئیسلام له هیچ کات وشوێنێکدا کارێکی ئاسان نەبووەو به ئەحکامی شەرعیش دەستی پێ نەکردووه . بۆیه قەت مومکین نیه پێکهێنانەوەی کۆمەڵگەیەکی موسڵمان به ئەحکامی شەرعی دەست پێ بکاتەوه . چونکه ئەحکامه شەرعیەکان پێویستیان به کۆمەڵگەیەکی واقیعی موسڵمان هەیه تاتێیدا گەشەو نەش ونما بکەن .. دەنا دارشتنی ئەحکام بێ ئەو کۆمەڵگەیه دەست بەتاڵی و خۆخەریک کردنی بەرسێبەره !

مومکین نییه کۆمەڵێک ئەحکامی شەرعی نوسراوی (ئامادەکراو ) که له کاتی دەست بەتاڵی ودوور له گەشەونەش ونمای کۆمەڵگەی موسوڵمان هاتبێته دی ، ببێته زەمینەی کارێکی ئیسلامی وا خەڵکی له جاهیلییەتەوه بەره و ئیسلام بگوێزێتەوه .. چونکه ئەوەی

ئەوخەڵکە جاهیلیە پێویستیانە بۆ موسڵمان بوونیان ، ئەحکامی شەرعی نییە .. خۆ ئەوان کە موسڵمان نەبوون لە بەر ئەوە نیە ئەحکامی شەرعەکە کەم و کورت بوو بێت ونەیتوانی بێت وەڵامی پێداوویستیەکانی ژیانی رۆژانەیان بداتەوە .. یان لە بەر ئەوە بێت کە ئەحکامەکانی شەرع قورسن ودەبێ ئاسانتر بکرێن ! ئەمانە گومانە درۆزنەن خۆ فریودان و خـۆ گێـل کردنن ..

ئەوەی کە بۆتە بەر بەستی رێی موسڵمان بوونەوەی ئەو کۆمەڵگـە جاهیلییانـە ، ئـەوی ناهێڵێت خەڵکی موسڵمان بن و لە ئیسلامەکە تێ بگەنەوە ، ئەوە ئەو تاغووتە رقنانەن کە ناهێڵن دەسەلاتی حوکم بۆ خوای گەورە بگێڕرێتەوە . ئەوانەی کـە ناهێـڵن پەرسـتن و پەروەردگارێتی ودەسەلات ومافی یاسا ورێسادانان بۆ خوای پاک وتاک بگێڕرێتەوە .. ئەو تاغووتانەی بەم بەرهەڵستکاریەیان بە تەواوی لە ئیسلام داماڵراون ولە بازنـەی دینەکـە چوونەتە دەرەوە .. چونکە حوکمی خوای گەورەیان خستۆتە لاوەکـە زەروراتی دینـەو ئیسلام ( بێ حوکمی ) وجودی نابێت .. دیسان زۆرجارجەماوەری خەڵکیش هەر دەبنـە کەندو کۆسپ وبەربەستی سەر رێی موسڵمان بوونەوەیان ، یان تێگەیشتنەوە لـە ئیسـلام وگەڕانەوە بۆی ، بەوەی کە فریویان خواردووەو هەڵ خەڵەتێنراون وبوونەتە پەرسـتیارو کۆیلەی تاغووتەکان ! بەو مانایەی کە ملکەچی وگوێڕایەڵی بۆ ئەو تاغووتانە دەردەبـڕن وبڕیارەکانیان رادەپەڕێنن .. بەمەش دەیانکەنە خواو لە جێی پەروەردگاری مـەزن دایـان دەنێن .. بەم جۆرە ملکەچی وگوێڕایەڵی کردن وفەرمان راپەراندنەیان ( کە خوای گەورە بە پەرستنی دانان ) لە یەکخواپەرستی دەچنە دەرەوەو لە ناو جەرگـەی شـیرکدا خـول دەخۆن .. ئەمە یەکێکە لە مانا هەرە بەرزەکانی شیرک لە دیدو پێناسـەی ئیسـلامدا .. جاهیلییەت بەو شێوەیە سیستمی خۆی لە سەر زەمیندا دەچەسپێنێت : سـەرەتا ئیعتمـاد دەکاتە سەر بیروهۆش ودیدو بۆچوون وپاشان ئیعیتماد دەکاتە سەر روکنە ماددیەکان ..

کەوا بوو دارشتنی ئەحکامی فیقهی ئەوەی لە تواناداا نیە رووبەڕووی جاهیلییەت ببێتەوە . چونکە ئەوەی دەتوانێت رووبەڕووی جاهیلییەت ببێتەوەو بـەرەنگاری بکـات یەکـەم : بانگەوازە خواییەکەیە کە خەڵکی بانگ دەکاتەوە بۆ ئیسلامەتی وموسڵمان بوون .

دووەم : ئەو بزاڤەیە کە لەگەڵ جاهیلییەتدا دەستەو یەخە بۆتەوەو خەریکی ململانێیەتی ..

شتێکی سروشتی وئاسایی وچاوەڕوان کراویشە کە مل ملانێکە پـــڕە لـــە ناســـۆرو ژان وکسپەو قۆناغەکانیشی سەدان کەند وکۆسپی لە سەر ڕێیە .. هەروەکو کە لە هەموو کات و شۆێنێکدا دێتە ڕێی بانگەوازو بزاڤە ئیســـلامیەکە و ئـــەو موســـوڵمانەی رووبـــەڕووی جاهیلییەت دەبنەوە .. ئەوجا خوای گەورەش لە دوای تێپەڕ بوونی ماوەیەکی کەم یـــان زۆر لە مل ملانێ ودەبەڕێک ڕاچوونی حەق و باتـــڵ ، داوەری خـــۆی دەکـــات وبـــاری موسوڵمانان ڕاست دەکاتەوەو حەقیان پێ سەردەخات . پاش ئەم مل ملانێ وســـەرکەوتن ودامەزراندنەی کۆمەڵگەی موسوڵمان ئینجا ئەحکامی شەرعی دێت ورۆڵی گرنگی خۆی لە ڕێکخستنی ژیاندا دەبینێت . چونکە ئەو کاتە لەدایک بوونەکەی و گەشەو نەش ونماکـــەی سروشتیەو دیدو بۆچوون و هەڵوێستەکانیشی کە دەبنە بڕیارو یاسای واقیعی و زینـــدوو ، ئاسان دەبن .. ئەو کاتە هەرحوکمێکی شەرعی کە دینەکـــەو دەســـەڵاتدارە دیندارەکـــە دەیدات پڕاوپڕی پێداویستیەو واقیعەکانی کۆمەڵگە موسوڵمانەکە دەبێت وخەیاڵی نابیت ! ئەمانە هەمووی ئێستا داهاتووی نادیارو غەیبن ونازانین قەبارەو چۆنیەتی چەندێتیان چـــۆنە ناشتوانین لە خۆمانەوە ڕوداوێک تەسەور کەین وجۆرە ئەحکامێک هەر لەخۆمانەوە داڕێژین بۆی .. بەراستی ئەو کەسەی لە دینداریدا جیددیە خەریکی کاری جیددیش دەبێـــت کـــە بانگەوازو بزاڤەکەیە .. خۆی خەریک ناکات بەشتێکەوە کە نابێتە مایەی پێکهێـــنانەوەی کۆمەڵگەی موسوڵمان و گێڕانەوەی حوکمە ئیسلامیەکە ..

ئەمە بە هیچ شێوەیەک ئەوە ناگەیەنێت کە ئەو ئەحکامـــە شـــەرعیانەی لـــە قورئـــان وحەدیسدا هاتوون ڕۆڵیان نەماوە ! نەخێر .. ئەمە شتێک نیە موسوڵمان بیڵێـــت . بـــەڵکو مەبەست لەوەیە کە ئەو کۆمەڵگەیەی ئەم ئەحکامە شـــەرعیانەی بـــۆ داڕێـــژراوە ، کـــە ئەحکامەکانی بەسەردا دەچەسپێنرێت .. ئەو کۆمەڵگەیەی کە بەم ئەحکامانە نەبێت ناژی ، ئێستا بوونی نیە. بۆیە بوونی ئەو ئەحکامە شەرعیانەش هیچ جۆرە کاریگەریـــەکی فیعلـــی نابێت مادام کۆمەڵگە موسوڵمانەکەی نەماوە .. پێکهێنانەوەی ئەو کۆمەڵگە موسوڵمانەش بەرپرسیارێتیەکی دینەو فەرزەو لەسەرشانی هەموو موسوڵمانێکە کـــە لـــە کۆمەڵگەیـــەکی

جاهیلیدا دەژی .. لەو موسوڵمانانەی لە پێناوی دامەزراندنەوەی حوکمی ئیسلامی بەرەنگاری جاهیلیەت دەبن و رووەورووی دەوەستنەوە . ئەو موسوڵمانە چالاکانەی بزاڤی ئیسلام لەو پێناوەدا دووچاری ئەو هەموو دژواری وکەندو کۆسپ وژان وناسۆرانە دێن کە تاغووتەکان وجەماوەرە سەر لێ شێواوو نەزان وگومڕا کە دەیهێننە سەر ڕێ . ئەو جەماوەرە گێلەی فریوی تاغووتانی خواردووەو بەحوکمیان رازی بووەو لە شیرکدا مۆڵیووە ..

دەرک کردنی شێوازو چۆنیەتی پێکهێنانی کۆمەڵگەی ئیسلامی بەو شێوازو ڕێگا نەگۆڕەی کە ئیسلام خۆی وویستویێتی هەنگاوی یەکەمی دەست پێ کردنە .. هەنگاوی یەکەمی هێنانەوەی دینە بۆ بوونێکی عەمەلی کاریگەر .. ئەمەش ڕێسای کارەو لە هەموو کات و شوێنێکدا هەیە .. لە هەر جێیەک جاهیلییەت هەبێ و ڕەنج وجیهادی ئیسلامیش هاتبێتە مەیدانی بەربەرەکانێ وشەڕەپاڵی گۆڕانکاری هەردەبێ هەر دەبێت بەم ڕێسایە کار بکرێتەوە .. چونکە ئەو بوونە ئیسلامیە لەو کات و شوێنەدا نامێنێت کە یاسا و ڕێسای جاهیلییەت جێی شەریعەتەکەی خوای گرتۆتەوە بەتایبەتی لەم ماوەی ئەم دوو سەدەی دواییدا .. سەر زەمین بەتەواوی لە حەقیقەتی بوونی ئیسلامی سڕاوەتەوە . گەرچی منارەو مزگەوت و دروشمی پەرستن هەر ماون .. کە ڕەنگە ئەویش بۆ ئەوە بهێڵنەوە تا غیرەتی ئەو موسوڵمانانەش سڕ کەن پێی کە هێشتا عیزەت وهیممەتێکیان تێدا ماوە ، تا هەست و هۆشیان مەست کەن وئەو سۆزی دینداریەی لە دڵ ودەرونیاندا هێشتا بریسکەی دێت بەو ( بوون )ە فریوو بخوات وواحاڵی بێت کە هێشتا ئیسلام سەلامەتەو موسڵمانان لە خێرو خۆشیدان .. لە کاتێکدا ئیسلام دەسڕێتەوەو موسوڵمانان ریشەکێش دەکرێن!!

کۆمەڵگەی موسوڵمان پێش فەرز بوونی پەرستنەکان دروست بوو .. پێش دروست کردنی مزگەوت لەو رۆژەوە دروست بووە کە بە خەڵکی ووترا (اعبدوا اللهَ مَا لَكم من إِلَـــه غَيره )١١ هود/٥٠ خوا بپەرستن : ئەوانیش پەرستیان .. ئەو زەمانەی وای پێ دەفەرمون هێشتا نوێژ وروژ وحەج فەرز نەبوو بوون ! بەڵام مەبەست لە پەرستنەکە خۆتەسلیم کردن بوو بە خوای پەروەردگارو وەرگرتنی دینەکەی بوو .. ئەو زەمانە هێشتا ئەحکامی شەرعی فەرز نەکرابوو . کاتێک موسوڵمانان دینەکەیان وەرگرت وهێنایانە سەر حوکم وبوون بە

خاوەن دەسەلاّت .. بوون بە دەوڵەت و ئوممەت .. ئیتر پێویستیان بە هەڵوێستی دینەکە هەبوو تا بزانن دەربارەی روداوەکان و پێداویستیەکانی کۆمەڵگەکەیان رای چی یە وچۆنە ؟ ئەوجا هەندێک ئەحکامی شەرعی بە دەقی قورئان وحەدیس دادەڕێژران و هەندێکی تریش لەوانە هەڵدەهێنجران .. ئەمەش تەنها شێوازو ڕێگایە وهی تری نیە ..

هیچ ڕێگایەک لەوە ئاسانتر نیە کە هەر لە گەڵ یەکەم دەنگی بانگەوازی ئیسلام جەماوەر روو بکاتە ئیسلام وبە دەنگیەوە راکات ، ئینجا گوێ بۆ ئەحکامی شەرعی شل کات ! بەلاّم ئەمە هەر ( خۆزگەو هیوا ) یە ، چونکە هەرگیزاو هەرگیز هیچ جەماوەرێک ئاوا ئاسان و زوو رازی نابێت دەست لە جاهیلییەت و تاغووت پەرستی هەڵ گرێت و روو بکاتە پەرستنی خوای تاک و تەنها ! بەڵکو حەتمەن هەر دەبێ بەو شێوە هێدی و لەسەرخۆو بەو ڕێگا دوورەدا بێت کە هەموو جارێک و لە هەموو شوێنێکدا بانگەوازی ئیسلامی پێ بلاّو دەبێتەوە کە : بە کەسێک دەست پێ دەکات وپاشان کۆمەڵە پێشڕەوێک دروست دەبێت ، ئەوجا پێشڕەوان رووبەڕووی جاهیلییەت دەبنەوەو بەرەنگاری دەکەن .. جا زۆرتر دەبن و سواریشیان لێ دەگلێت .. تووشی ناسۆرو ژان و دەردەسەری دەبن .. بەلاّم هەر بەردەوام دەبن و بە ئارامی دەروونیانەوە ئارامگرانە هەر دەمێننەوە ، تا خوای گەورە ناوکۆیی نێوانیان دەکات و جاهیلییەتیان بۆ تێک دەشکێنێت و حەقیان پێ سەردەخات و دەسەلاّتیان دەداتە دەست .. ئینجا جەماوەریش پۆل پۆل دێنە ناو دینەکەوەو بەرنامەکەی دەگرنە بەرو سیستمەکەی پیادە دەکەن و ئەحکامی شەریعەتەکەی رادەپەڕێنن .. ئاوا بە هەموو لایەنێکی دینەکە رازی دەبن ، چونکە دڵنیا دەبن لەوەی کە هەر کەس غەیری ئیسلام وەرگرێت و بیکاتە ڕێبازو بەرنامەو پرۆگرامی ژیان لێی وەرناگیرێت و سەرەنجامیش زەرەرمەندی دەبێت . وەکو خوای گەورە دەفەرموێ : ( وَمَن يَبْتَغِ غَيْرَ الإِسْلاَمِ دِيناً فَلَن يُقْبَلَ مِنْهُ وَهُوَ فِي الآخِرَةِ مِنَ الْخَاسِرِينَ ) ٣ ال عمران/٨٥ .

..............................

## خۆرکەی دین [٢٠]

کۆسپە مەلای رەسمی :

زۆرجار ئەوەی کە دەبێتە خۆرکەو ئەم دینە لە ناوەوە هەڵیدەکۆڵێت ، ئەو کۆمەڵە شۆێن کەوتوانەی خۆین کە پێیان دەوترێت : پیاوی دین : (مەلا شێخ موفتی داعی .. ) چونکە خەڵکی وا لە پیاوانی دین چاوەڕێ دەکەن خۆرە کوژبن . نەک خۆیان ببنە خۆرە . گەر بوون ، دەبێ ئەم دینە چۆن و چەند لە ناوەوە هەڵکۆڵن .. حەتمەن دەبنە ئامێرێکی برندەو زوڕنا ژەنێکی کاریگەریگەر بەدەست دەسەڵاتدارانەوە بۆ شێواندن و کەم کردنەوەی کاریگەری حەقیقەتەکانی دین .. ئیتر بەو سیفەتەش کە مەلاو شێخ و موفتی و داعین زۆرتر زیانبەخش دەبن . قورئانی پیرۆز بەم سیفەتەو بەو ڕۆڵە سلبیەوەیە کە باسی کە باسی دەستەیەک لە ئەهلی کیتاب دەکات : ( وَإِنَّ مِنْهُمْ لَفَرِيقاً يَلْوُونَ أَلْسِنَتَهُمْ بِالْكِتَابِ لِتَحْسَبُوهُ مِنَ الْكِتَابِ وَمَا هُوَ مِنَ الْكِتَابِ وَيَقُولُونَ هُوَ مِنْ عِنْدِ اللَّهِ وَمَا هُوَ مِنْ عِنْدِ اللَّهِ وَيَقُولُونَ عَلَى اللَّهِ الْكَذِبَ وَهُمْ يَعْلَمُونَ) ٣ ال عمران/٧٨ واتە : بەڕاستی ئەوانە

---

(٢٠) خۆرکە : جۆرە کرمێکە قەدی درەخت لە ناوەوە هەڵدەکۆڵێت تا کلۆری دەکات و دەیخات .

دەستەیەکیان تێدایە کە زمانیان وا دەگێڕن ( واتە درۆ هەڵدەبەستن ) کە لە گەڵ هـــەواو هەوەسی خۆیاندا بگونجێت لەوانەی کە نووسیویانەتەوەو گوایە ئەمەش هەر تەوراتەو لـــە لایەن خواوە بۆ یان هاتووە . راستیش ناکەن . ئەوە نە لە تەوراتدایەو نە لەلایەن خواشەوە بۆیان هاتووە . ئەوانە خۆشیان زۆرباش دەزانن کە درۆ بە دەم خوای گەورەوە هەڵدەبەستن ..

ئەوانە دەقی کتێبە پیرۆزەکانی خۆیان کە تەفسیر دەکرد ، ملی دەقەکانیان وا دەسوڕاند کە لەگەڵ ئەو ئاڕاستەدا بێنەوە کە دەیان ویست دەقەکانی بۆ لێکدەنەوە . دەیانوویست دەقەکان وا تەفسیرکەن کە پاڵپشتی ئەو بڕیارانە بێت کـــە دەســـەڵاتداران دەیانوویســـت دەرچێت ! ئەوجا بۆ فریودان دەیان ووت مانای ئەو دەقانە ئاوایە کە ئێـــمە تەفســـیرمان کردووەو خوای گەورە مەبەستی هەر ئاوابووە کە ئێمە لە دەقەکەی حاڵی بـــووین . لـــە کاتێکدا کە ئەو بڕیارانە بەتەواوی پێچەوانەی ماناومەبەستی ئەو دەقانەن . بۆیە ئەمەشیان بۆ دەچێتە سەر چونکە زۆرینەی زۆری جەماوەری گوێگر ناتوانن مانا حەقیقی یەکانی دەقـــە دینیەکان و تەفسیری ڕاستیان هەڵاوێرن و لەو تەفسیرە موزەووەرو لێکدانەوە فێـــڵاویانەی کە بوونەتە پاڵپشتی بڕیاری نارەوای دەسەڵاتداران جیایان بکەنەوە .. لـــەم ســـەردەمەی خۆماندا نموونەی پیاوی دینی وامان زۆر دیووە .. ئەوانەی بەناڕەوا بوونەتە کادیری ئەم دینە . ئەوانەی ئەم دینەیان کردۆتە مایەی کارو کاسبی بۆ هەواوهەوەسی ئەم و ئـــەو چـــۆنیان بوێت وا ملی دەسوڕێنن ! چۆنیان بوێت وای لێک دەدەنەوە لە هەر کات و شوێنێک بینیان بەرژەوەندی خۆیان دێتەدی ، ئەو دەقانە بەگوێرەی پێداویستی ئەو کات وشوێـــنانە لێـــک دەدەنەوە . لەکوێ بریق و باقی دونیا دەرکەوت ، ئەمان خۆیان و تەفسیرەکەیان لەوێ لە خزمەتتدان ! هەڵپەیانە .. بەدوای هەواو هەوەسدا وێڵن .. بارودۆخ و بەرژەوەندی چۆنی خواست ، ئەوا تەفسیری پڕاوپڕی دەقی دینیش لە خزمەتدایە ! هەموو مەبەستێکی دەقەکان لەبەر خاتری بڕیاروهەڵوێستی داواکراو دەگۆڕن ! لە کاتێـــکدا کـــە خۆشـــیان دەزانـــن لێکدانەوەکەیان پێچەوانەی دینەکەن .. بەڵام ئەوەیان لاپەسەندترە لەجیاتی شوێن کەوتنی حەق ،چونکە ئەویان لەگەڵ هەواوهەوەسی خۆیـــان و ئەربابانیانـــدا دەسازێـــت ! کـــام ئیحتیمالەی زۆر دوورە لە مەبەست و مانای دەقەکان ، ئەوە دەکەنە ســـەرەکی ! مـــادام

لەگەڵ هەواو هەوەسدا دەسازێت .. کام ئیحتیمالەش سەرەکیەو مەبەستی سەرەکی دەقەکەیە دەیخەنە لاوە ! مادام لەگەڵ هەواو هەوەسدا ناسازێت . ئینجا تەفسیرەکەی خۆیان دەکەنە مەبەستە خواییەکە !! ( وَيقولونَ هوَ مِن عِندِ اللهِ وَما هوَ مِن عِندِ اللهِ وَيقولونَ عَلَى اللهِ الكَذِبَ وَهم يَعلَمونَ) ٣ ال عمران/٧٨ ئەم خۆرکەیە هەر لەناو ئەهلی کیتابدا نیە . بەڵکو لەناو هەموو ئوممەت و گەلێکدا هەیە لەوانەی کە دینی خوایان لا هەرزانە .. لەهەر کۆمەڵێکدا دیندای بووە عادەت و دینەکە بووە کەلەپوورو ڕێزی سووک بوو ، ئیتر بازاڕی مەلای دین بەتاڵ و داعی دنیاوویست و فرۆشیارانی دەق گەرم دەبێت . مەلاو موفتی هەلپەرست و داعی دەم هەراش و فێڵزان جمەیان دێت ! ڕەواج بەکاسبیەکەیان دەدەن ئیتر درۆ بەدەم دینی خواوە هێندە دژواری ومەترسی نابێت . لێکدانەوەی دەق بە گوێرەی هەواو هەوەس بۆتە مەلوق و ماستاو ساردکردن وخۆهەڵپەساردن بە سێبەری تاغووتاندا ، دەبێتە ئەرک و کاروو پیشە ! دەبێتە حیکمەت و ژیری و پیاوماقوڵی !! ئەمە نموونەی مەلای دین فرۆشە .. نموونەی ( پیاوی دین ) ی دۆڕاوە . موفتی گومڕاو، شێخی فریوو ، داعی بەزیوو . نموونەی بیری گەندەڵ و شەخسیەتی هەلپەرست و تەقوای ڕزیوو .. ئەوانە بە دینەکەی خوا دەخۆن و بەو دەژین نەک بۆی بژین ! ئایەتەکان دەکەنە ماددەی خۆبردنە پێش لە تاغووت بۆ زێدە گومڕای گەلان ! بۆ وێڵبازی و فێڵبازی

ئەم لادەرانە حەزیان لەڕێچکەو کۆڵان و کوچەی تەنگ و بن بەستە ! بۆیە واز لە ڕاستە شەقام دێنن .. حەزیان لە خوارو خێچی یە .. بۆیە لە ڕاستگۆی و سەڕاستی هەڵدێن . چونکە سەر ڕاستی یەک جۆرە . ئەویش پابەند بوونە بە ڕێبازی خواوە . پابەند بوونە بە بەرنامەو شەرعی خواوە .. ئیدی هەرچی هەیە لارو وێرە ..لە ڕێبازی خوا بترازێت گومڕاییە .. چوونە بەرەو کوفرو ڕازی بوونە پێی .. چونکە مومکن نی یە کەسێک باوەڕی بەرۆژی دوای هەبێت ، لەم لاشەوە ڕێبازی راستی خوا وازی لێ بهێنێت و بکەوێتە سەر ڕێچکەی پڕهەڵدێرو کوچەی تەنگە بەرو دارماو و بن بەست ! لەم لاوە دین وەرگرێت و لەو لاوە بەر هەڵستی ئیقامەو پیادەکردنی دینەکە بکات .. لەم لاوە لاف و گەزافی دینداری لێ بدات و لەو لاشەوە لە بەرنامەی شەرعی خوا لابدات : ( الَذينَ يَصدونَ عَن سَبيلِ اللهِ وَيَبغونَها عِوَجا وَهم بِالآخِرَةِ كَافِرونَ ) ٧ الاعراف/ ٤٥ واتە : ئەوانەی بەرهەڵستی دینی

خوادەکەن و دەيانەوێت ربازەکەی لاروگێر کەن و باوەڕيان بەرۆژی دوای نييەو پێی کافرن .. ئا ئەمەيە ديمەنی واقيعی و سروشتی ئەو دەروون نزمانەی کە بۆ هەواو هەوەس شەريعەتەکەی خوا دەگۆڕن . ئەمە ديمەنێکی روون و ڕاستی دەروونی وێڵ و پڕفێڵی ئەو تاقمە دين بەتاڵەيە کە پێيان دەوترێت : ( پياوانی دين) ئەوانەی دينەکەيان بۆ دنياوويستی گۆڕيووە .. بزانە چ وەسفێکی ووردی پێچاوپێچی ئەو دەروونە بەزيوانەی کردووە .

کاتێک ئەم دينە ، لە عەقيدەيەکی پاڵپێوەنەری زيندووی ژيان و داينەمۆی بزاڤی گۆڕانکاری دەکرێتە پيشە و مايەی کاسبی ، مەلاو شێخ وموفتی وداعيە دين فرۆشەکان دەبنە خۆرکەی دينەکە ئەوی  بە زمان دەيڵێن هەر خۆيان کاری پێ ناکەن .. ئەوی لە دڵ و دەرونيانداية غەيری ئەوەيە کە سەرزارەکی دەيڵێن .. فەرمان بە چاکە دەکەن ، بەڵام خۆيان نايکەن . بە خەڵکی دەڵێن چاکەخواز بن بەلاّم خۆيان ڕێی چاکە خوازی وەل دەکەن و دەکەونە سەر ڕێچکەی دنيا پەرستان! ئەحکامەکانی دين لەجێی خۆيان ناهێڵن و دەقەکانيان بەجۆرێک تەفسير دەکەن کە خزمەتی هەواو هەوەس و مەبەستی خۆيان بکات .. تەفسيرو فتوای وا دێننەوە کەلە رواڵەتدا لە دەق وەر گيراون ، بەلاّم لە راستيدا لەگەڵ حەقيقەتی ديندا يەک ناگرنەوە .. لێک جودان .. دژ بە يەکن . دينەکە لەبەر خاتری پارەدارو دەسەلاّتداران دەگۆڕن .. هەر کاتێکيش داعيەک يان کاديرێکی ئەم دينە خەڵکی بۆ لای چاکە خوازی بانگ کردوو خۆی پێچەوانەی ئەوەی ئەنجامدا ، بەم کارەی گومان لە دڵی خەڵکيدا دروست دەکات . باوەڕی لاوازەکان دەلەقێنێت . گومانەکە هەر بەرامبەر کابرای مەلا و شێخ و موفتی و داعيە دنياوويستەکە دروست نابێت ، بەڵکو دەگوێزرێتەوە بۆ خودی بانگەوازەکە . خەڵکی گومان لە راستی و رەوايی دينەکە دەکەن .. دەبينن بانگەوازێکی جوان و بەرنامەيەکی پاک و جێ ئومێدێکی باشە ، بەلاّم لەولاوە کە دەبينن کاديرە پێشکەوتووەکان لە مەلا و شێخ و داعيەکانی بە رەفتاری بەدو کردەوەی ناپەسەن ، تينی عەزم و ئيرادەو وويستيان سارد دەبێيەوەو بەرەو بێ ئومێدی دەچن ! نوری ئيسلامەتيەکەيان لەبەر چاو کز و کورت دەبێتەوە . ئيتر وورده وورده کە متمانەيان بە ( پياوانی دين ) نەما بە دينەکەشيان نامێنێت .

هەر ووشەیەک لە دڵێکی پڕ باوەڕو لە قەناعەتێکی تەواوەوە نەیەت ، هەر چەند ڕەوانبێژی تام وفامی تێدا بێت ، هەر بە مردوویی دەردەپەڕێت و بێ کاریگەریش دێــت ودەڕوات . هیچ قسەیەکیش نابێتە نیشانەی قەناعەت و باوەڕو یەقین تا خاوەنەکەی ژیانی خۆی بە پێی ئەو دانەڕشتبێت وخۆی پێشتر پێوە پابەند نەکرد بێت وقسەکەی بەتــەواوی لــە خۆیــدا نەدرەوشابێتەوە . هەرکاتێک و هەر کەسێک گوفتاری ڕاست و ڕەفتاری دروستی وەکــو یەک بوون ، هەر کەس قسەو کردەوەی بۆ خۆی و خەڵکی وەکو یەک بوون ، دەبێتە جێی متمانەی خەڵکی وباوەڕی پێ دەکرێت با زۆر ناتق و ڕەوانبێژو قسەزانیش نەبێــت . بــا قسەکەشی ڕەوانبێژانەش نەبێت .چونکە هێزو ڕێزو کارتێکردنی قسەی وا لەواقیعەکەیەوە دێت ، نەک لە بریق و باق و کێش و سەروایەوە . ئەو جۆرە قسەیەیە کە ژیان دەگۆڕێت . کە دیدی نوێی پێ دەچەسپێت .. کردنی قسەو کردەوەش بەیەک ، وەنەبێت کارێکی هەروا ئاسان بێت .. نا .. ئەوە ڕەنج و هەوڵدانی زۆری دەوێت . ئەوە ڕاهێنان و مەشقی دەوێت .چونکە بریتیە لە چەسپاندنی عەقیدەو باوەڕ بەکردەوەو ڕەوشت و ڕەفتار .. بۆیــە خــۆ کۆنترۆڵ کردنی دەوێت .. تەقواو لە خوا ترسانی دەوێت . بەهێزکردنی پەیوەستی و پشتیوانی خوای گەورەی دەوێت . پاڕانەوەو نزاو داوای هاوکاری و پابەندی لــەخوای گــەورە دەوێت ..چونکە زۆر جار پێداویستی و کێشە واقیعیەکانی ژیــان و ناچــاری وادەکــەن موسوڵمان لە داواکاریەکانی عەقیدەکە دور بخەنەوە ! جاری وا هەیە هێــزی ڕاکێشــان و دنیاوویستی موسوڵمانان بەرەو لایەکی ترو ئاڕاستەیەکی تر کێش دەکەن کە پێچەوانەی ئەو ئاڕاستەیە کە خۆی و بانگەوازەکەی خەڵکەکەی بۆ بانگ دەکەن .. مرۆڤیش لاوازە . بۆیە دەبێت توندترو چاکترو قایمتر خۆی بەهێزی نەمری خوای خۆیەوە پەیوەست کات . دەبێت هێزی خۆشەویستی خوای گەورە کاریگەرو بە هێزتر بێت لەهەموو ئەو هێزە شەڕخوازانەی گەمارۆی دەدەن و تەوژمی دەخەنە سەر .. نابێت ئەم وا بزانێت خۆی بە خۆیەوە بەهێــز بووە .. جاری وا هەیە هێزی شەڕخوازی ئەم کێشمەکێش وزۆرانبازییەی ژیان دەباتەوە .. جاری واش هەیە ئەم لە لاوازی خۆیەوە دەگلێت .. هەرکەس وابزانێت تەنها بــە هێــزی خودی خۆیەوە دەتوانێت بەرنگاری جاهیلیەت ببێتەوە ، هــەر زوو تێــک دەشکێــت و شکست دەخوات .. چونکە ماندوو دەبێت .. تاوای لێ دێت دەکەوێت .. پاشان دێــتە

سەر چۆک وتەسلیم دەبێت .. جا هەرچی هەیبوو لەدەستی دەدات : مێژووی رابوردووی خۆی ومێژووی ئێستای وداهاتووشی دەدۆڕێنێت ! بەڵام کاکـــەی موســـوڵمانی بەتـــەقواو دیندار– مادام پشتی بەهێزە نەمرە ئەزەلی یەکەی خوای گەورە بەستووە– هەر بەهێزە .. لە هەموو هێزێکی بەرامبەر بەهێزترە .. چونکە بەسەر هەواو هەوەسی خۆیـــدا زاڵ بـــووە .. بەسەر لاوازی و بێ وورەیی خۆیدا زاڵ بـــووە .. بەســـەر دەرونی خۆیـــدا زاڵ بـــووەو نەیهێشتووە بۆ چارەسەر پێداویستی ژیان و ژینی بەر سێبەر تەنازول بکات .. بۆیە ئێستاش وا بەهێزەو بەسەر ئەو هەموو هێزانەشدا زاڵ دەبێـــت کـــە رووەورووی وەســـتاونەتەوەو بەرهەڵستی دەکەن .

مەلای کاژی و شێخی تاژی :

چەند مەلا و شێخ و موفتی و داعیمان دی ، راستی دینیان دەزانی و چاکیش شارەزایان بوون ، کەچی لایاندا .. بەڵکو بەرنامەی تریشیان هێنایە جێی .. چەند زانای لەبلە مان و مەلای دوانزە عیلم و شێخی شاڵ و زیکرمان دی .. چەند داعی قسە ســـازان وچـــالاکمان دی هەموو زانیاری دینەکەیان خستە خزمەتی تاغووت وملـــهوڕانیان ..چـــەند مـــوفتی دەرون بەزیومان دی فەتوای بۆ قایم کردنی دەسەڵاتداری جاهیلی دەداو ( حیلە شەرعی ) دەکردە بەڵگەی دینی لایەنگرتن و بەشەرعی ناساندنیان .. تا زیـــاتر بمێـــننەوەو رەگ داکـــوتن .. چەندمان لەوانە دی سووربوون لەسەر ئەوەی دینەکە راکێشنە خزمەتی ئەو لەخوا یاخی بوو ، لە دین دەرچووانەی کە فریان بەسەر ئیسلامەوە نەما بوو ، کەچی ئـــەمان هـــەر لاف و گەزافی ئیمان وئیسلامەتیان بۆ لێدەدان مەگەر خوای گەورە لەباسی توتکە داعی ودێڵە مەلا و تانجیە موفتی و گەماڵە شێخدا نا فەرموێ : ( وَاتْلُ عَلَيْهِمْ نَبَأَ الَّذِيَ آتَيْنَاهُ آيَاتِنَا فَانسَلَخَ مِنْهَا فَأَتْبَعَهُ الشَّيْطَانُ فَكَانَ مِنَ الْغَاوِينَ . وَلَوْ شِئْنَا لَرَفَعْنَاهُ بِهَا وَلَـــكِنَّهُ أَخْلَـــدَ إِلَـــى الأَرْضِ وَاتَّبَعَ هَوَاهُ فَمَثَلُهُ كَمَثَلِ الْكَلْبِ إِن تَحْمِلْ عَلَيْهِ يَلْهَثْ أَوْ تَتْرُكْهُ يَلْهَث ذَّلِكَ مَثَلُ الْقَوْمِ الَّذِينَ كَذَّبُواْ بِآيَاتِنَا فَاقْصُصِ الْقَصَصَ لَعَلَّهُمْ يَتَفَكَّرُونَ . سَاء مَثَلاً الْقَوْمُ الَّذِينَ كَذَّبُواْ بِآيَاتِنَا وَأَنفُسَـــهُمْ كَانُواْ يَظْلِمُونَ ) ٧ الاعراف/ ١٧٥ – ١٧٧ واتە : هەواڵی ئەو کابرایەیان پێ رابگەیەنە کە چەندین نیشانەو بەڵگەی خۆمانمان دایێ کەچی هەر خۆی لەبەر خۆی دامـــاڵی و شوێـــن

شەیتان کەوت وخۆی بە فەتارەت داو چووە ریزی گومراو فەوتاوەکانەوە . گەر حەزمان بکردایە پلەوپایەیمان بەو نیشانەو بەڵگانە بەرز دەکردەوە ، بەڵام ئەو خۆی باوەشی بە دنیادا کردوو وەیزانی کەلە سەرزەوی بەنەمری دەمێنێتەوە . بۆیە ئیتر شوێنی هەواو هەوەسی خۆی کەوت وبەرەڵابوو .. نموونەی ئەو وەکو سەگ وایە کە چ راوی نێیت وچغەی لێ بکەیت ، چ لێی گەڕێیت ، ئەو هەر دەمەلاسکێیەتی وزمانی دەرکێشاوە وهانکە هانکێتی .. ئەوەیە نموونەی ئەو کەسانەی کە نیشانەو بەڵگەکانمانیان بە درۆ خستەوە . ئەم چیرۆکەیان بۆ بگێڕەوە تا بەهۆش خۆ بێنەوە و ئەقڵیان پێ بشکێت . نموونەی ئەو کەسانەی نیشانەو بەڵگەکانمانیان بە درۆ خستەوە ، بە راستی نموونەی خراپ و بەدە . هەر خۆیان زوڵمیان لە خۆیان کرد .. [21] چ هەواڵێکە بیگەیەنێت ؟! ئەمە هەواڵی ئەو کەسانەیە کە نیشانەو بەڵگەکانی خوای پەروەردگار بە درۆ دەخەنەوە . دوای ئەوەی بۆیان هاتووەو شارەزای بوون و لێی حاڵی بوون .. ئای ئەم جۆرە هەواڵە لەچەند شوێن و کاتدا دووبارە دەبنەوە .. ئای ئەو کەسانە چەند زۆرن کە شارەزای نیشانەو بەڵگەی خوای پەروەردگار دەبن ، کەچی پابەند نابن پێوەی ! شارەزا دەبن ، کەچی دوای دەیکەنە مایەی گۆڕین و تەحریفی دینەکە .. شوێن هەواو هەوەس دەکەون .. هەواوهەوەسی خۆیان و هەواو هەوەسی ئەو دەسەڵاتدارانەی ئەمان وا دەزانن رزق و رۆزی و سامانی دنیای ئەمانیان لایە ! زۆرمان دی لەوانەی شارەزای ئەحکامەکانی دینەکە بوون کە هەمیشە دەیان گووت : یاسا و رێسادانان مافی خوای گەورەیەو بەس . کەس بۆی نیە ئەو مافە نە بەخۆی و نە بە کەسی تر بدات هەر کەسەش بڕیاری ئەو مافە بۆ خۆی بدات کە بۆی هەیە یاساو رێسا بۆ خەڵکی داڕێژێت

---

(٢١) زۆربەی زۆری ئەهلی تەفسیر رایان لەسەر ئەوەیە کە ئەم کابرایە وەکو سەگی لێ هاتووە زانایەکی بەنو ئیسرائیلیەکان بوو ، شوێن کەوتووی سیدنا موسا بوو . ئەم نارد بووی بۆ شارێک تا بانگەوازەکەی ئەم بلاو بکاتەوە . بەڵام ئەو کە چووە شارەکە ، کابرای فەرمانڕەوای شار لە خۆی نزیک کردەوەو تەماعی دنیایی لە سامان و پلەو پایە خستە پێش چاوی و ئەویش بانگەوازی دینەکەی سیدنا موسای بە خراپ بەکار هێنا بۆ خزمەتی ئەو حاکمەی دژی سیدنا موسا بوو .. بەمەش ئەو ئینحیرافە گەورەیەی کردوو بووبە سەگی هار . زانایان دەڵێن ناوی ( بەلعامی کوڕی باعورا ) بوو . بڕوانە : ابن كثير: تفسير القران العظيم / ب ٢/ج١/١٩٨٣

ئەوە خۆی لەو خەڵکە کردووەتە خوا . هەر کەسیش وا بکات کافرە . هەر کەسێــکیش بەو بڕیارەی ئەو ڕازی بێت و شوێنی بکەوێت وەکو ئەو کافرە .. دیمان لەگەڵ ئەم زانین و پەی پێ بردن و شارەزاییەشدا ، لەگەڵ ئەم بڕیارو شاهیدی دانەشدا ، لــە بــەر خــاتری دنیاوویستی ئینحرافی دەکردو ڕووی دەکردە تاغووتان و دەچووە خزمــەتیان و ئیقــراری دەکرد کە مافی یاساو ڕێسا دانیان هەیە !! مافی خوایەتی پێ دەدان ! هەر بەپێی ئەو ڕێسایەی کە هەر خۆی لەوەو پێش خەڵکی پێ بە کافر دەناساند !! زۆرمــان لەوانــە دی زۆریــان دەربارەی حەرامێتی سوو ( ربا ) نووسی و پاشانیش فەتوای حەلاڵێتیان دایەوە ! ساڵێــک دەیان ووت حەرامەو ساڵێکی تر دەیان ووت حەلاڵە ! زۆرمان لەوانە دی دەست خۆشــی لەفەساد دەکردو لایەنگری داوێن پیسی بوو ، حەزی بە بڵاوبوونەوەی خراپەکاری بوو .. ئەو زەلکاو زۆنگاوەی داوێن پیسی و خراپەکارێتیەی ناودەنا دینداری ! تــاج و نەجمــەی دەکردە سەر خراپەکاران و ناونیشانی دینی پێدا هەڵدەواسین ! ئەمــە چ هەڵوێستێــکە ؟!. مەگەر هەر ئەوە نیە کە ئایەتەکە باسی دەفەرموێ : ( *ۡاَيٰتِنَا فَانسَلَخَ مِنۡهَا فَاَتۡبَعَهُ الشَّيۡطٰنُ فَكَانَ مِنَ الۡغٰوِيۡنَ ) ٧ الاعراف/١٧٤ ئەمە هەر وەسفی ئەو مەلا و شێخ وموفتی وداعیــە مونحەریفانەیە کە کادیری مایەپووت و کلکە تاغووتن . ئەوە هەر لە وانەن کە هێزی حەزی دنیای چۆکی پێیدادان و نەی هێشت خوای گەورە بەرزیانکاتەوە ( وَلَوۡ شِئۡنَا لَرَفَعۡنٰهُ بِهَــا وَلٰــكِنَّهٗۤ اَخۡلَدَ اِلَى* الۡاَرۡضِ وَاتَّبَعَ هَوٰٮهُ‌ۚ فَمَثَلُهٗ كَمَثَلِ الۡـكَلۡبِ‌ۚ اِنۡ تَحۡمِــلۡ عَلَيۡــهِ يَلۡهَــثۡ) ٧ الاعراف/١٧٤ گەر خوای پەروەردگار بیوویستایە بەو زانیاریەی دەربــارەی نیشــانەو بەڵگەکانی خۆی دابوویێ بەرزی دەکردەوە .. بەڵام خوای گەورە حەزی بەوە نــەکرد . چونکە ئەوکابرایە دوای زانین و شارەزا بوونی دینەکەی خوا حەزی لە دنیاکردو وایزانی بە نەمری تێدا دەمێنێتەوە . خۆی دوای پەی پێ بردن و زانین باوەشی بەدنیادا کردو شوێن هەواوهەوەسی خۆی کەوت وهەڵپە هەڵپی بوو بۆ هێنانە دی حەز و ئارەزووەکانی .. ئەمــە نمونەی هەر کەسێکە کە خوای گەورە زانین و تێگەیشتنی پێ دەبەخشێ ، تــا شــارەزای بەڵگەو نیشانەکانی خۆی دەکات ، بەڵام سودی لێ وەرناگرێت و پێیان ناکەوێتە سەر ڕاستە شەقامی خواوویستی .. نیعمەتی باوەڕو پلەی پابەندی وسەرڕاستی بەخۆی ڕەوا نابینێــت و

خۆی دەکاتە شوێن کەوتوویەکی زەلیلی شەیتان .. تا ئەویش ژێر فشاری دەنێت ودەینێتە ژێر تا دەیگەیەنێتە پلەی ئاژەڵ بە تایبەتی توتک و تانجی و سەگی هار !!

باشە ئەو دەمەلاسکێ و قروسکانە بۆ کۆتای نایەت ؟!

چونکە لە هەڵپەیەکی بەردەوامەوە دێت ، کە بە دووی لەزەتەکانی ژیانەوەیە ! ئەم حاڵەتە کەسیفەش دەرچەی سروشتی ئەو وازهێنانە ساویلکەیە لە ئایەت و نیشانەو بەڵگەکانی خوای گەورە .. ئەم هانکە هانکە نیشانەی پشێوی ناخەو ناسۆری ئاخەو کۆتایش نایەت . چونکە کابرای توتکی تاغووت ئامۆژگاری بکەیت ونەکەیت ئەو تازە بۆ لەتکە نانێ ڕێی گرتۆتە بەرو تازە بە هەر چوار پەلەوە تێی کەوتووە ، زەحمەتە دڵی بێت یان بیەوێت بێتەوە دواوە ..لە ژیانی دنیادا ، لە تەمەنی هەموو نەوەیەک و لەهەموو شوێن وکاتێکدا زانای وا دەکەونە بەر چاو .. کەم هەیە لەو مەلا و شێخ و موفتی وداعیانە لەو تاقی کردنەوانە دەرچن .. زۆر هەن دەکەون .. هەر ئەوانەیان خۆ دەگرن کە خوای گەورە دەیان گرێتە خۆ .. ئەوانەی بە ئایەت وبەڵگەو نیشانەکانی خوای گەورە لەبەر خۆ داناماڵن .. ئەوانەی باوەشیان بە دنیادا نەکردووە . سوێیان نەبۆتەوە بۆی . ئەوانەی نابنە کۆیلەی ئاڵقە لە گوێی هەواو هەوەس .. ئەوانەی نابنە گوێ تەپی زەلیلی شەیتان .. ئەوانەی هەڵپە ناکەن بۆ سایەو سامانی سوڵتان .. ئەمە نموونەیەکە قەت کۆتایی نایەت . هەمیشە هەیەو زووزووش دەکەوێتە بەرچاو . ئەمە روداوێک نی یە جارێک لە نەوەیەکدا رووی دابێت و ئێستا بگێڕێتەوەو کۆڕی پێ گەرم کرێت ! نا .. نەخێر ئەمە هەڕەشەی خوای گەورەیەو بە پێغەمبەرەکەی ﷺ دەفەرموێ : بۆیان باس بکە .. بەسەریاندا بخوێنەوە .. بیریان بخەرەوە .. با لەو کاتانەی ئایەتی قورئانیان بۆ دێتە خوارەوە چاو ببڕنە ئەم نموونەیە .. سەرنج بدەنە هۆکارو ئەنجامی ئەم روداوە .. فەرمانی دا بە پێغەمبەرەکەی ﷺ کە بۆ ئوممەتەکەی باس بکەرەوە . بابە حەزەر بن . نەبادا ئەوانیش ئەو ئایەت و بەڵگەنەی خوای گەورە لەبەر خۆ داماڵن .. با نەوە دوای نەوە ئەم ئایەتەی قورئان بخوێننەوە .. با ئەوانەی شارەزای دینەکە دەبن ، بە حەزەر بن .. با ئاگایان لەخۆیان بێت . نەکەونە ئەم چارە نووسە رەشەوە و کۆتاییان بەدیمەنی سەگی وا زەلیل و هیلاک بێتەوە ! بابە حەزەر بن نەبادا غافڵ بن و بکەونە ئەو زار داپچرین وهانکە هانک و زمان دەرکێشانە ! هەواوهەوەس

نەیانخاتە ئەو هەڵپە هەڵپەی قەت کۆتای نایەت ! نەبادا ئەو زوڵمە لەنەفسی خۆیان بکەن کە دوژمن لە دوژمنی خۆی ناکات .. با چاک بزانن کە ئەو چارەنووسە رەشەو ئەو دۆخە کەساسیە تەنها ئەوانەی تێ دەکەون کە ئەو زوڵمەیان لەنەفسی خۆیان کردووە و ئینحرافیان کردووە . ئەوان هێندە چڵێس و چاوچنۆکن لەهەموو کەسێکی تر دەمرینن .. هەر کەس وەک خۆیان بێت ولێیان نزیک بێتەوە پێی دەوەڕن و دەکەونە نیزاع و ناکۆکی و شەڕە کەڵبە ! هەر وەکو کە سەگەل شەڕیانە لەسەر لاکە تۆپیوو!!

ئەمانە هەر کە رۆژ دەبێتەوە هەڵپەیانە تا دەچنەوە کولانە ، بەو هیوایەی زیاتر لە ئەربابان بچنە پێش .. تا زیاتریان دەسکەوێت .. تا لە تاغووتان نزیکتر ببنەوەو جێی بەرفراوانتر لە دۆزەخدا بۆ خۆیان مسۆگەر کەن ! واوەیلا بە حاڵیان .. خوایە بمان گرە خۆت و جێگیرمان کەو ئارامی خۆتمان پێ ببەخشەو موسوڵمانانەش بمان مرێنە .. ئامین

<u>ئیسلامی تەزویر :</u>

قورئانی پیرۆز ئەو کات وئێستاش کاری خۆی لەسەر کردایەتی و رێبەریتی کۆمەڵگە موسوڵمانەکە دەکات . ئامادەی دەکاتەوە بۆ ئەرکە گرنگەکەی ئەو کۆمەڵگەی بۆ دروست بووە کەسیش لە قورئان تێ ناگات گەر بەو شێوە بزاڤیە دیراسەی نەکاتەوە . بەو سیفەتەی کە بەرنامەی بوارە بەرفراوانەکانی بزاڤی گۆڕانکاری کۆمەڵگەیە . تەنها ئەو کەسانەش لێی حاڵی دەبن کە پێوەی دەبزوون

ئیسلام شوێن کەوتووەکانی ئاگادار دەکاتەوە کە لە تەزویرکاری دینەکەتان بەحەزەر بن ووریا بن ، بزاڤ ودەزگاو دیکۆری قەستی ئیسلامیانەتان لەبەردەمدا قوت نەکەنەوە لەوانەی لە حەقیقەتەکانی ئیسلام دوورن و زیانیش بە ئیسلام دەگەیەنن ..وەکو دەربارەی مزگەوتی( ضِرار)[22] دەفەرموێ: (وَالَّذِينَ اتَّخَذُوا مَسْجِدًا ضِرَارًا وَكُفْرًا وَتَفْرِيقًا بَيْنَ الْمُؤْمِنِينَ

(٢٢) مزگەوتێک بوو ، دووڕووەکانی مەدینە دروستیان کردو پاشان هاتنە خزمەت پێغەمبەرﷺ وداوایان لێ کرد تەشریف بباتە لایان و نوێژێکیان لە مزگەوتەکەیاندا بۆ بکات . بەڵام خوای گەورە نەیهێشت و پێی فەرموو ئەوە مزگەوتی تەزویرە .. مزگەوتی فێڵە .. جێ فاقەو تەڵەیە . بۆیە پێغەمبەریشﷺ روخاندی .

وَإِرْصَادًا لِمَنْ حَارَبَ اللَّهَ وَرَسُولَهُ مِن قَبْلُ وَلَيَحْلِفُنَّ إِنْ أَرَدْنَا إِلَّا الْحُسْنَى وَاللَّهُ يَشْهَدُ إِنَّهُمْ لَكَاذِبُونَ ) ٩ التوبە/ ١٠٧ واتە: ئەوانەی کە مزگەوتێکیان کـردەوە تـا لێـوەی زیـان بەموسوڵمانان بگەیێنن و بیکەنە مایەی تەفرەقەو ناکۆکی نانەوە لە ناو موسوڵماناندا و لەوێوە زیان بە موسوڵمانان بگەیەنن و بیکەنە مایەی تەفرەقەو ناکۆکی نانەوە لەناو موسوڵمانانداو لەوێوە سۆراغی موسوڵمانان بکەن و ئامادەی بکەن بۆ ئەوانەی کە جەنگ بەرامبەر خواو پێغەمبەرەکەی دەکەن ﷺ ئەمە مزگەوت نی یە .. ئەمە جێ پیلانە مەبەست لەم مزگەوتـە کافربوون بە خواو زیان لە موسوڵمانان دانە .. ئەمە سەنگەری دژ بە ئیسلام و موڵگـەی فیتنەیە .. بۆ دژایەتی کردنی کۆمەڵە موسوڵمانەکە ساز کراوە تا لەژێر باڵی دینیدا .. لەژێر تارمایی نەخشەو پلانی دوژمن کارانەیاندا شەرعیەت وەرگرێت . تـا دەبێـتە هـەنگاوی یەکەمی هاوبەشی دوژمنانی دین .. ئەمە مزگەوت نیـە .. ئەمـە رواڵەتێـکی تـەزویرو دیاردەیەکی جەعلییە و مۆری دینی لێ دراوە تا ببێتە مایەی فریوو دان !

باداعی وپێشڕەوانی ئیسلام لەهەموو کات و شوێنێکدا ئەوە بزانن کە ئێستاو لەهـەموو کاتێکدا مزگەوتی چراری تری وا بۆ شێوازی تەزویر ودرۆو دەلەسە دروست دەکرێت .. مەرج نی یە هەر مزگەوت بێت . شێوەو جۆری تریش هەیە .. دوژمنانی ئیسـلام لەگـەڵ پێشڕەفتی ژیاندا شێوەو شێوازی چەپەڵی تر دەگرنە بـەر . رواڵـەتی دەرەوەی جموجـوڵ وچالاکی ئیسلامیانەیە بەڵام لە ناوەرۆک و جەوهەرو ناواخندا پلانی ریشەکێـش کـردنی ئیسلامەتیە ! نەخشەی شێواندن ولاوازکردن و سست کردنی بانگەوازەکەیەتی . ( چرار ) ی تر لە دروشمدا دەردەکەوێت . لە لاف و گەزافی ئیسلام خوازی وادا دەردەکەوێت هەر دەڵێی حەقیقەتی ئیسلامەکەیە ! بەڵام لەراستیدا ئەمە کیسەخۆڵی سەر لێـواری سـەنگەرو دوژمنانی خوا لە پشتیەوە خۆیان مەلاس داوە . لەو دیووەوە تیر دەگرنە ئیسلام .. ( چرار ) لە تەنزیمات و پارت و کۆمەڵ و رێکخستنی ئیسلامیانەدا دەخرێتەوە روو .. لە کێب و باس و لێکۆڵینەوەی ئیسلامیانەدا دیسان (چرار ) ی تر دەخرێتەوە مەیدان .. هەموو ئەم دیاردەو رەواڵەتانە مۆرکی ئیسلامیان پێوە دەبێت . بەڵام لە حەقیقەتیاندا دوورڕوویی ودژایەتی ئـەم دینەن .. بۆ ئەو مەبەستە دروست دەکرێن و نیشان دەدرێن تـا خەڵکـە سـاویلکە دڵ

پاکەکەی ئیسلام مەست کەن . تا ئەم دیندارانە لە خۆ گرن کــە شــارەزای دەبەرێــک ڕاچوون و مل ملانێکەی ئیسلام وجاهیلیەت نێن . لەوانەی خەم بۆ ئیسلامەتی دەخــۆن ، بەڵام سەنگەرە راستیەکانی ئەهلی ئیسلام ناناسنەوەو نایان دۆزنەوە .. موســوڵمانە ســەر راست و پاک وچاکەکان ناناسنەوە . چونکە هەموو هەر سیماو دیاردەی ئیسلامیان پێوەیە !! جا ئەو ( چرار) انە مزگەوت بن یان رێکخستن .. گروپ بن یان دەزگــای ئیســلامی ..کۆمەڵ بن یان کتێب ولێکۆڵینەوە .. هەرچی بن هەر تەزویرن .. درۆو دەلەسەن .. فێڵ و تەڵەکەبازین . مەبەست لێیان فریوودانی موسوڵمانانە ، مەبەست سەر لێ شێواندنیانە تــا سەنگەری ئەهلی ئیسلامیان پێ جوێ نەکرێتەوە .. ئەو ( چرار) انە بە موسوڵمانان دەڵێن : نایەوێت خۆتان هەراسان و نارەحەت کەن . ئەوەتا ئیسلام ماوەو لە برەودایەو بێ خەم بن لەبەر ئەم فێڵ ومەکرو چاوبەستەیە کە دەبێ داعیانی ئیسلام و سەر راستانی دین حەتمەن ئەم مزگەوتە ( چرار ) انە ئاشکرا کەن .. حەقیقەتیان بناسێنن .. دەبــێ ناویــان بزرێــنن .. فەزحیان کەن .. دەبێ لافیتەو دروشمە ساختەکانیان بهێننە خوارەوە نەهێــڵن چاوبەســت لەخەڵی بکرێت .. دەبێ حەقیقەتی ئەو دروشم و خاوەن دروشمانــە روون بنــەوە .. دەبێ مەبەستە چەپەڵ ونیازە خراپەکانیان بۆ خەڵکی کەشف بکرێن و ئاشکرا بکرێن . رمانــدنی مزگەوتە ( ضرار ) ەکەی دوورووەکانی مەدینە لەلایەن پێغەمبەرەوە ﷺ دوای ئەو فــەزح کردنە ئاشکرایەی خوای زاناو کاربەجێ . ئەمە هەڵوێستی شیاوو کاری بەجێ و ئــەرکی موسوڵمانە سەر راستەکانە و دەبێ یقتیدای پێ بکەنەوە ..

........................

# ناوەرۆك

**بابەت** **لاپەڕە**


پێشەکی وەرگێڕ ........................................ ٧

خۆناسین ........................................... ١١

ژین و دین ........................................... ٣٣

مژدەو ئاگادار کردنەوە ...................................... ٥٦

تاغووت و دین ........................................... ٦٢

بزاڤی دین ........................................... ٧٣

دەستووری دین ........................................... ٩٨

خۆرکەی دین ........................................... ١١٤